وەزارەتی ڕۆشەنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشەنبیری و هونەر/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیک
**بنکەی مەقام**

# پـــەیـــژە

بڵاوکراوەی بنکەی مەقام
زنجیرەی ژمارە (٣)
٢٠١٠

- ناوی بڵاوکراوە : پــــەیــژە .
- زنجیرە بڵاوکراوەی ( بنکەی مەقام ) ساڵی( ٢٠١٠ ) .
- پیتچنین : روبار
- نەخشەسازی ناوەڕۆک : رەئوف خەتیبی
- تیراژ: ٥٠٠
- لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٨٥٤) ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


– مەوداکانی پەیژە ..................................ل٣
– ویردەکانی نێو مەقام و شێوازە کوردیەکان..............ل٤
– مۆزیکی فۆلکلۆری ئێزیدیەکانی ئەرمەنستان :..................ل٧
– لاوک وەکو موزیکی ڕیتمی سەربەست ......................... ل١٣
– سێوەی هونەرمەند و ئەفراندن لەمەقامەکانیدا ............... ل١٧
– مریەم خان و لەرینەوەی دەنگە بەهێزەکەی .......................ل١٩
– تەوەرێک و بیروڕای چوارموزیکژەن ......................... ل٢١
– تەنبوور ........................................... ل٢٤
–عەلی مەردان و هونەرێ مەقام ............................. ل٢٦
– بەدوای پێناسەیەک دەگەرێن بۆ تواناندەنگیەکانێ تایەرتۆفیق.........ل٣٤
–هونەرمەندان و وشەی مەقام لەریپۆرتاژێکی تایبەتدا ................ ل٣٦
– نەگلەنجەو کۆڕی شەوانێ هەولێر..............................ل٣٩
– گۆرانی بێ ڕیتم ............................................. ل٤٣
– دیدارێک لەگەڵ هونەرمەندێ مەقامیێژ عەلی مەردان .................ل٤٤
– لەپەراوێزی کۆنسێرتەکەی ناوەندی عەلی مەردان ..................ل٤٧
– بەهێواشی قسەبکە، بەدەنگی بڵندگۆرانی بچڕە ................ ل٥٠
– القسم العربی.............................................. ل٦١

# مەوداكانی پەیژە

– یەكێك لەوئامانجانەی كە ( بنكەی مەقام ) هەوڵی وەدیهێنان ودەستەبەركردنی دەدات، بڵاوكردنەوەی ئەو ڕۆشنبیرِی و مەعریفە زانستییەیە كەپەیوەستە بە بوارە هەمەڕەنگ وجۆراوجۆری هونەرەكانی دەنگبێژی .. مەقامەكان وڵاوك و حەیران وبەیت وبالۆرەو هەموو ئەو شێوازە وتنانەی كە تا ئەندازەیەكی زۆر ڕەهاو سەربەستە لە باری ریتمەوەو سالانێكی زۆرە مرۆڤی كورد لە كوردستان دەیانچڕێت وكاریان لەسەر دەكات و بۆنەتە بەشێكی گەورەی سامانی هونەری دەنگبێژی وفۆلكلۆریمان.

دیارە بەبڕوای ئێمە هەرشێوازێك لەو شێوازانەی وتن ئەوە دەهێنێت لە گۆشە نیگای جیاجیاوە دەیان توێژینەوەوبڵاوكراوەی لەوشێوەی بۆ تەرخان بكرێت .

– ماوەیەكە خۆشبەختانە لە هەموولایەكەوە دڵسۆزان وشارەزایان قۆڵی مەردانەیان لێهەلمالیوەو بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر هەمووئاستەكان لە دامەزراوەو نێوەندە هونەریی و كلتورییەكاندا تواندراوە جۆرە كۆدەنگیەك دروست بكرێت بۆئەوەی گرنگی زیاتربەو بوارانە بدرێت كەدواجار بۆ هەموولایەك جێگای ستایشی و دەستخۆشین.

بڵاوكردنەوەی ئەم كۆمەڵە توێژینەوەو نووسینانە درێژەپێدانی ئەو ئاراستەیەو هەوڵێكی دیكەی جیاوازوهەم تەواوكاریشە بۆ ئەو هوڵانەی كە دراون بۆ خزمەتكردنی زیاتر بە نێوەندی مەعریفی و زانستی لەو مەیدانەدا .

– ئەو هەوڵە سەرەتاییەی ئێمەش كە بێگومان بە دەر نابێت لە هەڵەو وردە تێبینی زانستیانەی دلسۆزانمان، هەولێكی دیكەی جیاوازە بۆ بەچاپ گەیاندن وخۆ تەرخانكردن بەو ئاراستەیە و هاوشانیشە لەگەڵ ئەوكارنامە فرە ڕەهەندەی كە (بنكەی مەقام ) لەپێناویدا هاتۆتە دامەزراندن، وەك دامەزراوەیەكی تازەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان .

–مەبەست لە ( پەیژە ) ئاماژەیە بۆ ( السلم ، scell ) ی موزیك .

– دواجار خوازیارین لەو بوارەدا بتوانین زەمینە سازی بكەین بۆ هێنانە پێشەوەی پەیوەندیەكی تەندروست و پتەو لە نێوان دامەزراوە هونەرییەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و قوتابیان و فێرخوازانی ناوەندەكانی خوێندنی هونەرەكانی موزیك لە كۆلیژو پەیمانگاكانی كوردستان .

بنكەی مەقام .

# وێردەکانی نێو مەقام و شێوازە کوردیەکان

حەسەن گەرمیانی

ئارەزوومەندانــی دنیای مەقام و شــێوازەکان، دەتوانــن بیزانن و بیناســن. وەک ئاماژەیەک بۆ ژەنیارەکانمــان زۆربەی ئازیزانمان، کە ســەرقاڵی بــواری موزیکن بــە تایبەتی ئــەو ژەنیارانەی کە تەمەنــی کارکردنیان لە پێنج ســاڵ کەمتر نییە، دەتوانــم بڵێم: هەر هەموویان شــارەزاییەکی زۆر چاکیان بۆ ناسینەوەی شەوازەکان هەیە. دەزگاو، مەقامەکان ســەرجەمیان بەرەگــەزو لقەکانیانەوە نزیکەی شەست تا شەست و سێ مەقامن هەروەها بــە ئاســانیش شــیتاڵی دەکەنەوە، لــەم بوارەا مامۆستایانی لێهاتوومان زۆرە و جێگای خۆشحاڵیە کە ئەم بوارە فەرامۆش نەکراوە، بەڵکو جگە لەبار قورســییان بەهۆی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە زیاتر هەوڵیان داوە دەوڵەمەدنی بکەن و لەشێواندن و فەوتاندن ڕزگاری بکەن.

نموونەشمان بۆ ئەم بوارە زۆرە: تیپی مۆسیقای ســلێمانی، مەولەوی، هەولێر، باواجی، ڕەواندوز، تیپی مۆسیقای دهۆک، تیپی مۆسیقای کامگاران، جگە لە تاکەکانی ناو کوردستان ژەنیارەکانی شاری کەرکوک، موســڵ و بەغداش. ئەم مامۆســتایانە بــە لێهاتوویی خۆیانەوە فێربوون، بەشــێکیان لە ڕێگای خانەی مامۆســتایانەوە بەشێکی دیکەیان لە ڕێــگای پەیمانگــەی هونەرەجوانەکانی بەغداو موســڵەوە فێربوون تا توانیــان کارێکی وا بکەن، کە لە ســلێمانیش پەیمانگــەی هونەرەجوانەکان دابمەزرێنن،، لەپــاش ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەدواوە، کۆمەڵێک مامۆســتای لەخۆ بردوو و چاپووک توانیان لە هەولێریش هەمان پەیمانگە دابین بکەن، بەهەمان شــێوە ئەمە گەیشتە کۆیە و دهــۆک و ڕانیە و کەرکوک،، ڕەنگە کەســانێک هەبن، کە دەرچووی بەشی موزیکی پەیمانگەکانن، بۆچوونی خۆیان هەبێت، مافی خۆشــیانە بۆچونی خۆیان دەربڕن تا ڕادەیەک بەڕاستیشی دەزانن کە دەڵێن: بۆ ئێمە وەکــو ئەورووپاو ئەمریکا واتا ڕۆژئاوا بەگشــتی خۆمان لەو هەموو جەنجاڵییە ڕزگار نەکەین، با ئێمەش تەنها وەکو ئەوان بەشێوەیەکی گشــتی لەســەر دوو شــێواز، مەقام کار بکەین، کە ئەوانیــش مێجەر و ماینــەرن، واتا عەجەم و نەهاوەند، یاخود ماهورو ئەسفەهانی.

تایبەتمەنــدی شــێواز یاخــود مەقــام یاخود دەســگاکان چۆن دەتوانین بڵێیــن تایبەتمەندی خۆیان هەیە؟

مەقــام بێ ڕیتمــە و تێمپۆیەکــی جێگیری نییە، بەڵام دەشکرێ تێمپۆیەکی سنووورداری وەک باکگراوندێکی درامی بۆ مەقام بەکاربهێنرێ،

١- پڕکردنەوەی ڕستەکانی مەقام، واتا بارەکان پێویستە مەودای لۆجیکیان هەبێ.

٢- وێــرد،، بــە عەرەبی پێــی دەڵێن: **الفاظ** ترنیمە،، ڕۆڵێکی گرنگ لە مەقام و ستایشــەکاندا دەبینێ.

٣- لــە ڕووی ستایشــەکانەوە ئاشــکرایە، کە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەشــوێنێکی دەوڵەمەند دادەنرێ لەو بوارە بەتایبەتی لەناو ستایشــەکان،، موەششــەحات،، هەروەهــا ستایشــە میللیەکان کوردیش لەو گەنجینەیە بێبەش نییە، بە ســەدان میلۆدیمان لەو بوارەوەدا هەیە.

وێــردەکان لەنــاو مەقامــەکان خۆیــان چەسپاندووە.

نەتەوەو وڵات زۆرن، کە هەمان ئەو مەقامانەی لە دێر زەمانەوەو پاش نەمانی ئاینی زەردەشــتی پیــرۆزو پاش نەمانــی مــادەکان و مێزۆپۆتامیا وتــراوە هەمان مەقام دەچڕن، هــەر نەتەوەو هەر وڵاتێک بەپێی فۆرم و شــوێنی جوگرافیا کەمێک گۆڕانــکاری تیاکراوە و ناوێکــی دیکەیان لێناوە، ئەگــەر دەســەڵاتداریش بن ئــەوا بووەتە موڵکی خۆیــان، تەنهــا ئێمەی خــۆ بەکــەم زان نەبێت دەترســین و شەرم دەکەین بڵێین: کە سێ لەسەر چواری ئەم دەســگایانە هی لەمێژینەی خۆمانە لە ئەنجامی ســەرکوتکردنمان موڵکــی خۆمان بەهی خەڵک دەزانین، لە هیندو پاکســتان و ئەفغانەوە تا دەگاتە ئەرمەن و ئازەرو کورد و فارس و تورک و بلــوج وعەرەب و عیبری و ئاشــوری و کلدانی و هتد،،،،وێردەکان لە شوێنی گونجاوی ناو مەقامەکان و ستایشــەکان جا ستایشەکان ئەکادیمی بێت یان ئاینی یان میللی، وەکو وتمان لە شوێنی شیاو بۆ پڕکردنەوەی مەقامەکە یا ستایشەکە بەکاردێت.

هەندێجار ئەم نەتەوانە لەبەر دراوسێتی هەمان وێرد دەڵێنەوە وەک ئەرێ ئەمان، داد، هەی، داد، هتد.... .

## با هەندێک لەو وێردانە بخوێنینەوە.

وێردەکان یەکجار زۆرن،، هەندێکیان بە گوێرەی لێکدانــەوەی هۆنراوەی نــاو مەقامەکــە، کە لە شــوێنێکی گونجاو بەکاردێن، هەندێکیشیان لەناو ستایشەکان بەکاردێن، ئینجا دەبێ بزانین چ جۆرە ستایشێکە، ئەکادیمی، ئاینی، میللی،، ئەمەشیان دەبێ لە شــوێنی گونجاو و شــیاو بــەکار بێت، وێردەکان: ئەرێ، ئەمــان، ئۆخخەی، ئاخ، ئۆف، ئــای، هەی، ئەی، هەی داد، بــێ داد، چاوەکەم، کەســەکەم، دیدەکەم، یار، فیــدا، قوربان، خوێن شیرین، چاومەست، کەســم، ڕوحەکەم، یارەکەم، نــازدار، هاوار، ئــەی هاوار، ماڵوێــران، بێ دین، مەولا، توخودا، وەڵڵاه، بێ شــەرت، بێ وەفا، بێ مەیل، کەم مەیل، زاڵم، کارمامز، کاڵێ، شلشــل، باوانــم، ڕۆ، هەی ڕۆ، لاڵ بم، وێران، ماڵ خەراب، خانە وێران، گیانەکەم، کنا، کناچە، کچێ، کیژێ، کچەکــە، لۆلۆ، لێ لــێ، هەی بابــۆ، وەی بابۆ، ئاخی، وەی لەمن، هــەی دەلال، لاوۆ،.......... هتد، هەروەها لــە عەرەبیش بۆ نموونە: یالیلی یا عینی، حبیبی، عمری، هەندێجار لەبەر جوانی وشە وێردەکانی لای ئێمــەش بەکاردێنن وەک، ئەمان، هەی داد، بێداد لەناو نەتەوەی تورکمانەکانیش لەناو

قۆریات بەتایبەتی لەگەڵ هەندێ لە ستایشــەکان بەخۆیــان ئــەم وێردانــە بەکاردێنــن،، قوربان، قوربانــە، گیانە، دگێەل، حەیرانۆ ئۆڵڵەم، گوێزم، کی گوێزم، مەرد، بــاخ، باخمە، جیگیەرم، وەفا، وەفاسز، زاڵم، ئەمان، داد، هەی داد، بێداد ...... هتد، بە لێبوردنێکی زۆرەوە بوارم بۆ نەڕەخســاوە گۆیندەکانی عەرەب و تورکمان دەستنیشان بکەم، و بواری ئەوەشــم بۆ نەڕەخســاو شــارەزاییەکی ئەوتۆم لە دەستنیشــانکردنی گۆیندەکانی ئەرمەن و ئاشــور و کلدو سریان و .....هتد هەبێ، لەگەڵ دەستنیشانکردنی وێردەکانیان، ڕێزو خۆشەویستیم بۆ گشــت ئەوانەی کە مرۆڤــن و ڕێز لە مرقایەتی دەگرن، هەروەها خۆشەویستیم بۆ گشت نەتەوەکانی ناو خۆمان و نەتەوەکانی دراوسێ.

## وێرد لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان

لەهەر ناوچــەو چەند وێردێک باس دەکەین، بۆ مەقامەکان و بەستەکانی ســتایش ئامێز ناوچەی زازا و بادینان، باکورو باشــوری کوردستان، لاوک لۆلــۆ، لێ لێ، وەرە لۆلــۆ، وەرە لێ لێ، دە لۆلۆ لێلێ، هەی بابۆ، وەی بابۆ، .....هتد.

گۆینــدەکان وەک ئەم مامۆســتا هونەرمەندانە زۆربەشــیان بە تەمبورەوە دەیچڕن، وەک: محمد عارف جزیری، حەســەن جزیــری، کاوێس ئاغا، مەریەم خان، نەســرین شێروان عایشەشان، عیسا بــەرواری، کازۆ، شــوان پــەروەر ....هتد، زۆری دیکــەش، ئــەم لاوکانە بڕ دەکات تــا ڕۆژهەڵات، ئەرمەنستان، قەوقاز، باشوری بچووک، تا دەگاتە لوبنان،

## ناوچەی سۆران

ناوچەی هەولێر، حەیــران، پێش ئەوەی بچینە نــاو دونیای حەیرانەوە با ئاوڕێک لە لاوکبێژەکانی ناوچــەی ســۆران بدەینەوە، لە ناوچەی ســۆران کاوێس ئاغا و دەیان کەســی بێ ناونیشان لاوکیان چڕیوە.

## تایبەتمەندی حەیران

حەیران لە دەشــتی قەراجــی کاکی بەکاکی تا دەگاتە شــنۆو سابڵاغ حەیران دەبێژن، بەڵام هیچ حەیرانبێژێک تــام چێژو بەرامی ناوچەی هەولێری نییە،

حەیرانیش بە زۆری لەســەر شــێوازی مەقامی بەیاد دەگوترێــت، هەندێک لەو وێردانە بۆ نموونە دەهێنمەوە کە لە حەیران و ستایشــە میللیەکاندا جێــگاو گونجاندنی خۆیان نیشــان دەدەن، وەک: ئامن دەرێم، حەیران دەرێ، کورە تیمە، کچە تیمە، حەیرانــێ، ئۆئۆ، وای، هەی بابــە، خانە خەراب، لــۆت نەمایم، بێ حــارم، بەرشــانم، بابان ویران چاوەکەم، نانا، کە تەقەراتێ،ئەو ســارەکە، ئۆیۆ، هێــۆوۆ، ئەوجا دەرێ.........هتد، لە هونەرمەندە نەمرەکان وەک مامۆستا ڕەسوڵ گەردی، حەسەن حەیران،عوسمان حەیران، پاش ئەوانیش حەسەن سیســاوەیی و دەیانــی دیکــەی بێ ناونیشــان، تەواوکەری ئەو هەموو مامۆســتایانە هونەرمەندی خۆشەویســت و ئازیز کاکە تەنیا عارەب ڕەسەن، ئەم کەلێنەی بە جوانی پڕ کردووەتەوە.

## ناوچەی کۆیە

شــارەزاو هەڵکەوتــوی بلیمەتیان تیــا پەیدا بووە، بە تایبــەت لەبواری زۆربەی دەســگاکان، وەک مامۆســتا مەلا ئەسعەد و خارە سێوەو خارە تایەر تۆفیق و دەیان کەســایەتی دیکەش، جارێ ئەوەندەم لەبیرە، هیوادارم هەر کەسێکی دیکە لە مێژوی ئەم کەســایەتیانە دەزانن بە سوپاســەوە حەز دەکەم بابەتەکە دەوڵەمەندتر کەن، یەکێک لە هەرە کەســایەتیە مەزنەکان کە بەڕاستی چالاک و لێهاتووە ئەویش مامۆستای مەزن مامۆستا باکوریە، کە هەردەم بەپەرۆشەوە خەمخۆری ئەم بوارە بووە لە ناوچەی کۆیەش وەکو زۆربەی ناوچەکانی دیکە ویرد بەکاردێــت، وەک ئەمان، وەی داد، هەی داد مەولام، ئەرێ، حارم پەشــێوە، لۆت نەمایم،..... هتد، بــۆ ڕوونکردنــەوەی زیاتر، مامۆســتا مەلا ئەنوەر، کاک فیکرەتی محامی خوالێخۆشــبوو زۆر زانیاریان پێ بوو ئەگەر تۆماریان کردبێ مامۆستا وریا ئەحمەد، ئەم مامۆستایانەش کۆمەڵێ زانیاری زۆر چاکیان بۆ ئەم مەبەستە پێیە، هەروەها کاک جیهانبەخشیشمان بیر نەچێت.

## ناوچەی سلێمانی...

بەشــێوازی ســەفەر مەقامــی ســەفەر، ناوی دەرکــردوە، بە دوو شــێوە دەگوترێ، هەندێ لەو مامۆســتا گۆیندانە بە شــێوازی ســەبا دەستیان پێ دەکرد،لە ســەباوە دەیانگواستەوە بۆ سەفەر، لەو مامۆســتایانە، ئەحەی ناسرو، خوالێخۆشبوو مامۆســتا ســاڵح دیلان، هەندێک لە شێوازەکانی گەرمیانیــان دەگوتــەوە، هەروەها مــەلا کەریمی ڕەحمەتی، کە خاوەنی ستایشی، (کە دەڵێن ئەمرۆ دەشــتو کێو شینە) مامۆســتا خالقیش دووبارەی کردۆتەوە، بەجوانتر و شــیاوتر، مامۆستا مەحمود تەوفیق شــلک و مامۆســتا عەلی میــرزا عارف و هەروەهــا مامۆســتا ئیبراهیم خەیــات و حەمەی بەکرو ڕەشول و عوســمان عەلی و حەمەی نێگزو مامۆستا عەلی میرزا عارف و چەندیین کەسایەتی دیکە کە ئێستا ناویانم بیر نەماوە، هەمان دەستور ئــەو وێردەیان بەکارهێناوە، کە باســمان کردووە لە مەقامــەکان و ستایشەکان،بیریشــمان نەچێت لەبواری ســتایش بە تایبەتی ستایشە ئاینیەکان، سلێمانی زۆر زانســتیانە ستایشیان ئەنجام دەدا، هەروەهــا ستایشــە میللەکانیش، بــا هەندێ لەو وێردانەش بەبیر بهێنینەوە لەمەقامی سەفەر ئۆف گیانە، ئای، هەی ڕۆڵە، زیاتر لەگەڵ شــیعرەکانی مەحوی شاعیر بەکاریان دەهێنا، بیریشمان نەچێ مامۆســتا ئۆمەری دزەیی، کە خەڵکی سلێمانیش نییە بەڕەوانی سەفەری چڕیوە، ناوچەی گەرمیان و گەرمەســێر قادر کــەرەم، خورماتــو، کفری، خانەقین، مەندلی، شــارەبان زەهــاو، تا دەگاتە سنەو سابڵاخ، لە قادر کەرەمەوە بەرەو ژوور بانی خێلان، تا دەگاتە ســلێمانی، ئەم شێوە مەقامانە، ئای ئای، ئەڵلاوەیسی، قەتارو خاوکەر، خورشیدی هیجرانــی، یار غــەزال و ......هتد، ئەم شــێوە مەقامانە لە ســەردەمی زەردەشــتەوە تا ئێســتا مۆرکــی خۆی بزرنەکــردووە، هاوتەریب ماوەتەوە لەگــەڵ هــۆرەو ســیاچەمانە،ئەو نەمرانــەی کە چڕیویانە وەک: (مامۆستا عەلی مەردان، حەمەی کۆتــرە مل، حوســین عەلی، هەروەهــا چەندین هونەرمەندی دیکەی وەک ســەڵاح داودە، شوکور خەیات، خەیروڵلا خەیات، ئەحمەد بەرزنجی، قادر ئەلیاسی، مامۆستا دیلان، ئەو ناوچانەی لە هەموو شــوێنێک خۆشتر و جوانترو شــەیداتر دەیانچڕی گوندەکانی ســەر چەمی با ســەڕەی قادر کەرەم، ڕۆخانە، ئەو مامۆستایانەی بە ڕەسمی و بە ئاشکرا ناویان لە ئێزگەو تی ڤی نییە وەک مامۆستا شێخ عەول عەزیز لە قادر کەرەم، شێخ ساڵحی برای لە قەرەداغ، سید ساڵح، حەمە درێژ، عەلی گەوهەر و چەندین کەسایەتی دیکەش.

## وێردەکان

ئازیز، ئەمان، ئەرێ، هەی داد، ڕۆ کەســەکەم، گلێنەی دیدەم، گشت کەسم، بێ مەیل، کەمشەرت، ئای، ئاخ، ئــۆف، وەی، ....هتــد، هۆنراوەکەش

بە شـێوەزاری هەورامی دەگوتـرێ و دەگونجێ، ناوچەی شـارەزوور، تا دەگاتە ئیلام و کرماشـان و دەوروبەری سـنە، ئەم ناوچەیە بە شـێوازی هـۆرە بەناوبانگـن، بە تایبەتی لەنـاو خێڵەکانی جافـا دوو جۆرە هۆرە هەیە، هـۆرەی ئەم بەری و هـۆرەی ئەو بـەری، واتا ئەم بـەرو ئەو بەری روبری سیروان، هەندێک جار پێی دەگوترێ سۆز، ئەمانیش هەندێک لەو وێردانە بەکاردەهێنن، جگە لـە تایبەتمەندی خۆیان کە هەندێک وێرد هەیە بە قورگ دەیڵێن واتا بە گەرو کە لە نووسـینا خۆی نیشـان نادات، ئەوانەی وا خۆیان نیشـان دەدەن وەک: هۆبرا، دەی گشت کەسم، باوانم، دادم وەی داد، .....هتد، ئەو وێردانەی کەهەندێک شـاراوەن وەک: ئـۆوۆوۆ، هوۆ یوۆ ینیۆوۆو هــو،.... هتد، بەپێی توانا، زۆربەی بەستەکانیان ستایشی میلین، چونکـە پڕەلەو وێردانەی کەلەوەو پێش باسـمان لێوە کردووە، هەروەها هـۆرە لەناوچەکانی ئیلام وکرماشـان و دەوروبەری سنە ئەم شێوە مەقامانە باوە بـەزاراوەی کەلهوری دەیچڕن، ئەمە شـێوە مەقامـی زۆر لەمێژینـەی کوردە بەڕەسـەنایەتی خۆی ماوەتەوە لەزەمانی زەردەشتیەوە تائێستاش هەندێ بۆچون هەیە دەڵێن: گوایە هۆرە لەئاهوراوە هاتووە، جگە لەوەی کەباسـمان کرد هۆرەی ئەم بەری و هۆرەی ئەم بەری، جۆری کەشـمان هەیە بەنـاوی پاوە مـوری، لۆڕی چڕە،ـسوارانە چڕە، قەڵـوەزی چڕە، غەریبـی چڕە ئەکلیـەر خانی، کلاودڕە، یەک دەنگی، ئەرکەوازی چڕە، هەی سوار هەی سوار عەزیزو تەکش، یوسوو کلاوزەڕ،چۆڵچڕ کنیوچڕ، ...هتـد ناوی هەندێـک لەهۆرە چڕەکان، عەلـی نەزەر، مەنوچەری، عەول عەزیز حەیدەری، سەی قوڵی کەشاوەرز، کەمەری گوڵستانی سلێمان نەورۆزی، یار کەرەم نەجەفی، نەسـور قەڵاواری، ئەحمەد سەفەری، ......هتد،

## ناوچەی هورامان

هەورامانی ئەودیو،هەورامانی ئەمدیو،هەندێکیش دەڵێـن: هەورامـان و هەورامانـی تەخت،ئەمان بەشـێوازی سـیاچەمانە بەناوبانگن،کـە گێت لە سـیاچەمانە دەبێ ڕێک دەزانی بـەدۆڵ وهەورازو لاوتکەی چیـا سەرکەشـەکانی هەورامان گوزەر دەکەیت، ئەگەر زیاتر بچینە قوڵای سـیاچەمانەو بەستەکانیەوە،هەسـت دەکەین کـەوەکان گۆرانی دەچڕن،ئـەو ناوچەیـەش هەندێک لـەو یزیدیانە کەپێشتر باسمان کردووە،بەکاردێنن، ئەرێ ئەمان، خڕ، دیدەم، بینای، چەمەکەم، ڕۆ، هەرەس، وەی هۆ، کنا، .....هتد، هەورامیەکان زۆر مامۆسـتایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بـوارە جوانەی خۆیان دەکەن خۆشـبەختانە کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم توانیان لـەدوای ڕاپەڕینـەوە ئـەم سـامانە بەنرخەیان بپارێزن،لەبارەی ئەم ناوچەیەشەوە بەپێی توانا جا هەر ئەوەندە زانیاریـەم هەیە کەهەندێ ناو بهێنم وەک: شەفیع کلیمنەی، عوسمان کلیمنەی جەمیل نەوسـودی، فەتحوڵلا نەو سودی، چەمەری ئیلام و کرماشـان و لوڕسـتان، ئەم شـێوەیە ناتوانین بڵێین شـێوەی مەقام دەگرێتە خۆ، زیاتر ستایش ئامێزە وەک ستایشـی ئاینی،یاستایشـی مردنی میرخاسێک یان پیرێک،شـێوەی شیوەن دەگرێتە خـۆ، ژنان شـیوەنی بـۆ دەکـەن هەندێک جار بەدەهۆڵ و زوڕنا،ناوناوەش بەتەمور بەڕێ دەخرێ وەکو باسمان کرد ئەمە شێوەی مەقام وەرناگرێت، بەڵکو شێوەی ستایش وەردەگرێت، وێردی تایبەتی لای خۆیـان بەکاردێنـن،وەک: هــەی ڕۆ، جوان خاس، کەسەکەم، باوانەکەم، باران، مەولام،..... هتد، ئـەم چەمەریە تەنها لەناو ئازیزەکانمان باوە کەپێان دەڵێن: ئەهلی حەق،یان یارسانیەکان،واتا کاکەیەکان، بەهەمان شێوە ئەم وێردانە لەشوێنی گونجاوو شـیاوی خۆیان بەکاردێنن لێرە ئەوەمان بۆدەستنیشان دەکرێ کە وێرد کەتەنها لەمەقامەکان و ستایشـە میلیەکان بەستە سـتایش ئامیزەکان بەکار دێت، نموونەیەک لەبەستەکان،واتا ستایشە میلیەکان، لێ لێ، وەسـو لێ لێ، ....هتد، ئەرێ مێـو لێـو دێلێژە،ئـەرێ بەبانانەوە ئـەرێ دەی بانانەوە،هتد،ئـەی خودا لەو ئاگر بارانە سـەدان بەستە لەو ستایشە مللیانەمان هەیە،کەهەر مەقامەو کۆمەڵێک بەستە لەخۆ دەگرێ، بە ئاسانیش هەموو کەسـێبی دەنگخۆش بیەوێ شارەزای مەقام بێو بیناسـێ و بیزانێ لەچڕینی دەتوانێ دوا کۆپلەی بەسـتەکە وەربگرێ، لەو کاتەدا ستایشـی دەکا کە میلۆدیەکە سـەر بەچ دەزگایەکە، مەبەستمان لەدەستنیشانکردنی ناوچەکان ئەوە بوو کەئێمەی کورد لەم بوارە دەوڵەمەندین بەڵام هەر نەبێ نەوە دوای نەوە بەهەموو چەوسـانەوەیەک لەبن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە نەمان هێشتوە ئەم سامانە نەتەوەیەمان لەناو بچێت سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو مامۆستا کۆچ کردووانە و بۆ ئەو مامۆستایانەی لەژیـان ماون کەئـەم تەمەنەیـان بەئەمانەتەوە پاراسـتوە،بەتایبەتی مامۆستا گەڕیدەیەکان وەک دەروێش عەبدوڵلای دەفژەن لەسـلێمانی مەقامزان و مەقامنـاس و دەنگخۆش دەروێـش عەبدوڵلای ژەنـی هەولێر،کەهەردوکیان ئامـۆزای یەکترن و خەڵکی سـابلاغن،ئەنجا بێتە سەر ئەو کەسانەی لەبـواری موزیک کەتوانـای ژەنینیـان نیە واتا کەمێک زانسـتیان پەیدا کردووە کەهەرنەبێ گوێی مۆسیقیان کارایەو دەتوانن شێوازەکان، مەقامەکان بچڕن بەڕیتمەوەش بەسـتەکان یاخود ستایشـە میلیەکان بچـڕن وەک: دەف،تەپڵ،دەهۆڵ،زەڕب، چەپڵە،هتد بۆ ئاسانکردنەوەی بابەتەکە،،لەبواری مەقـام بۆنمونـە لاوک ئەگەر وێـردی تێدانەبێ بەهەموو جۆرێک وتنی مەحاڵە وەک دەلۆلۆ،دەلێ لێ،وەرەلۆلۆ،وەرەلـێ لێ،.....هتد،بەسـتەو، ستایشـە،میللیەکان و،حەیرانبێژیـش بەهەمـان شێوە،ئەلڵاوەیسی و،قەتارو خاوکەرەو،ئای ئای و، سـەفەر و،.....هتد، من سوپاس ئەو مامۆستایانە دەکـەم کەتوانیـم کەمێـک زانیـاری و کەمێک شـارەزای لەم بوارە بەدی بێنم، مامۆستا سەردار ئەحمەد،مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی،مامۆستا خالید سەرکار،مامۆستا سـەلاح ڕەئوف،مامۆستا ئامانج غازی،کاک فیکرەتی محامی خوالێخۆشـبوو،دەیان گەنجـی ترکەزانیاریمان ئاڵوگۆڕکـردووە هەروەها سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆسـتا ئەنوەر قەرەداغی کەبەزۆری پەلی ڕاکێشام بۆوانەوتنەوە،لەئامۆژگای هونەرە جوانەکانی سـلێمانی کە متمانەی پێکردم و متمانەی بۆخۆ دروسـت کرد تاتوانیم بۆماوەی نزیکـەی سـاڵێک وانـە بڵێمەوە لـە مێژووی مۆسـیقای سـتایش، (تاريخ الموسـيقا العربيـە والموشـحات)،هیوادارم ئێمـەش کۆنگریەیەکـی گەورە ببەستین بۆ چەسـپاندنی و بەیاسا کردنی شێوازەکان و، مەقامەکنانمان.

**سەرچاوەکان**

**١- مێژووی مۆسیقای عەرەب،المشوحات.**

**٢- مێـژووی مۆسـیقای کوردی،حەمەی حەمە باقی بەزمانی کوردی.**

**٣- باڵەبان، وریا ئەحمەد.**

**٤- ژیانی هونەرمەند سەی ئەسغەر.**

**٥- سەید عەلی ئەسـغەری کوردستانی، محەمەدی حەمەباقی بەزمانی کوردی.**

**٦- باسیکی کورد لەسەر مێژووی مۆسیقای کوردی،،قادری ئەلیاسی.**

## موزیکی فۆلکلۆری ئێزیدیەکانی ئەرمەنستان:

# چەند پێناسەیەکی کورت بۆ کلامێن جمعەتی

**نەهرۆ زاگرۆس**

**زانکۆی یۆرک، بەریتانیا**

**پێشەکی**

خوێنەری بەڕێز، ئەم نووسینە چەند پێناسەیەکی کورت لەخۆ دەگرێت لەسەر کلامێن جمعەتی (گۆرانی فۆلکلۆری) کوردە ئێزیدیەکانی ئەرمەنستان بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەر و موزیک دۆستی کورد بەو هونەرە مەزنەی چەندین ساڵە ئێزیدیە ئاوارەکانی ئەرمینیا لە پێناوبەرەوپێشوەچوونی لە کۆڵنەدان نەکەوتوون. زانیاریەکانی ئەم بابەتە سەرچاوەیان لەو لێکۆڵینەوە مەیدانیانە گرتووەکە من لەم پێنج ساڵەی دوایدا لە ئەرمەنستان کارم لەسەری کردووە بۆ نامەی دکتۆراکەم لە بواری ئەپنۆمیوزیکۆلۆجی و ئەنپرۆپۆلۆجی لە زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا. ئەم بابەتە زۆر بەکورتی و بە شێوەی پێناسەکردنی چەند ئیدیۆمێک تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی هونەری موزیک، بە تایبەتی کەلامێن جمعەتی، کە بە گشتی چەند پاڕاگرافێکە لە نامەی دکتۆراکەم. هیوادارم لە داهاتوێکی نزیک چەندبابەتێکی زانستی دوور و درێژ لەسەر موزیکی کوردی لە ئەرمەنستان بە چاپ بگەیەنم و لەسەر هەر یەکێک لەم پێناسانەی خوارەوەش باسێکی زانستی قووڵ بخەمە بەردەست و چاوی خوێنەرانی هونەری موزیک. باکگڕاوندێکی کورت لەسەر ئێزیدیەکان لە ئەرمەنستان.

ئێزیدیەکانی ئەرمینیا بریتین: لەو چەند تیرە و هۆزە کوردیانەی کە لە باکوری کوردستانەوە بە چەند قۆناغێکی جیا جیا لە ناوچەکانی وان و ئاگری وقارس بەرەو ئەرمەنستان کۆچیان کردووە. ئێزیدیەکان بە گشتی لە دوو سەردەمدا بە کۆمەڵ بەرەو ئەرمینیا ڕۆیشتوون (١) : یەکەم قۆناغ لە سەرەتای ساڵانی ١٧٠٠ بوو، دووەم قۆناغ لە کاتی قەڵاچۆکردنی ئەرمینیەکان بوو لەسەر دەستی عوسمانیەکان لە ساڵانی ١٩١٤ — ١٩١٥. هۆکاری سەرەکی کۆچکردنی ئێزیدیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زوڵم و زۆرەی دەکرایە سەریان لەلایەن نەک هەر عوسمانیەکان بەڵکو کوردە موسوڵمانەکانیش لە باکوری کوردستان. ئێزیدیەکان بە گشتی لە سێ ئێڵ پێکهاتوون و هەر ئێڵێکیش بۆ چەند تیرە و هۆزێک دابەش بوون. زۆرینەی ئێزیدیەکانی ئەرمینیا تاوەکو ئێستاش هەر نیشتەجێی دێهاتەکانن لە باکور و ڕۆژئاوای ئەرمینیا .ئەگەرچی ئەستەمە ژمارەی تەواوی ئێزیدیەکان لەسەردەمی ئەمڕۆی ئەرمەنیستان بزابین، بەڵام لەسەژمێری ساڵی ٢٠٠١ ی ئەرمینیادا ژمارەی تۆمارکراوی ئێزیدیەکان نزیکەی ٤١ هەزار بوون (٢). لەو سەرژمێرەدا کورد و ئێزیدی بە دوو نەتەوەی جیا ناسراون، کە ئەمەش ئاستەنگیکی مەزنی دروستکردووە لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرگەنگی ئێزیدیەکان لەسەردەمی ئەمڕۆدا. کۆماری ئەرمەنستان لە بڕیارێکی سیاسیدا لە ساڵی ٢٠٠٠ کورد و ئێزیدی بە دوو نەتەوە و دوو زمانی جیاواز لەیەکتر دەستنیشان کردووە، لە ئەنجامیشدا چەند ڕێکخراو و گروپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو ئێزیدیەکان دروست بوون بۆ پشتگیریکردن لە بڕیاری دەسەڵات و بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردە ئێزیدیەکان.

ڕێژەی دانیشتوانی ئەرمینیا بە گشتی لە کەمبونەوەدایە بە هۆی تێکچوونی باری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی،بە هەمان شێوەش ژمارەی ئێزیدیەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە کەمبونەوە دەکات.لە ئەمڕۆی ئەرمەنستانی دوای سۆڤیەتدا، ٢١ گوندی ئێزیدی هەن کە ٨ لەوگوندایە کەوتوونەتە باکوری شاری ئێریڤان و بە ناوچەکانی ئەلەگەز ناسراون نزیک شاری ئاپاران کە ٦٠ کیلۆمەتر لە ئێریڤانی پایتەخت دوورە)، و ١١ لەوگوندانەش کەوتوونەتە ڕۆژئاوای ئەرمینیا بە ناوچەکانی تالین ناسراون و ٢ لە گەندەکانی تر کەوتوونەتە دەورووبەری شاری ئێریڤان (بە شاری ڕەوان لە نێو کوردە ئێزیدیەکان ناسراوە و هەندی جاریش بە یەرەڤان ناو دەبرێت). ناوی تەواوی گوندە ئێزیدیەکان بە کوردیە و لەسەر ڕێگای گشتی ئۆتۆمبێلیش نیشانەی گوندەکان بە ناوەکانی خۆیان بە هەردوو تیپی ئەرمەنی و لاتینی نووسراون. سەرەڕای هەبوونی٢١ گوندی ئێزیدی، زۆرینەی ئێزیدیکان لە گەند و دێهاتەکانی ناوچەی ئارمەڤیر (جاران بە هۆکتۆمبەریان ناسراو بوو) لەگەڵ ئەرمەنیەکان ژیان بەسەر دەبەن. جگەلەمانەش، ئێزیدیێکی زۆر لە ئێریڤانی پایتەخت و شارە گەورەکانی وەکو گومری جاران بە لێنینەکان ناسراو بوو) و لە ناوچەکانی تری ئەم وڵاتە دەژین بڕوانە نەخشەی ئەرمینیا). (٣).

لەسەدەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تا تێکچوونی یەکیەتی سۆڤیەتیش، ئەرمەنستان ببوو بە شوێنی بووژانەوەی کلتوری و فەرهەنگی کوردی لە سەر دەستی ئەرمەنە کورد دۆستەکان و کوردەئێزیدیەکانی ئەوێ. هەر لە سۆڤیەتی

ئەرمەنستانیش بوو له سالی ١٩٣٢ رۆژنامەی رێیا تـــازە بە چاپ گەیەندرا و تاوەکو ئێســـتاش ئەم رۆژنامەیە هەر لـــە خزمەتکردنی زمان و کلتور و وێژەی کوردی بەردەوامـــە. هەروەها دامەزراندنی قوتابخانەی کوردی و دروستکردن و دانانی پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی لەسەردەســتی هەجیێ جوندی و ئەمینێ ئەڤدال هاتەکایەوە. لە ســـالی ١٩٥٥ ش کوردەکانـــی ئـــەوێ رادیـــۆی کۆردیان دامەزرانـــد کە تاوەکو ئێســـتاش ئـــەم رادیۆیە بەرنامەکانـــی بە زمانی کـــوردی پەخش دەکات. ئەمانەو زۆر لەکاری ینشتیمانپەروەری تریش.

(٤)له سەردەمی ئێستادا، ئێزیدیەکان بە چەند کێشەیەکی کۆمەلایەتی وسیاسی ئابوریەوە دانالێنن و رەنگـــە لە داهاتوویەکی نزیـــک تەمەنی درێژی ژیاری ئەم کۆمەلە خەلکە بەرەو هەلدێرو فەوتان بروات ئەگەر بێتو گرفتەکانیان چارەسەرنەکرێت. کورتەیەکی پێویســـت لەســـەر هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لە ئەرمەنســـتان لەوسەردەمەی کە گۆرانی و موزیکی کـــوردی قەدەغە بوو، یان دەرفەتی هونەری وەکو پێویســـت لە بەشەکانی کوردســـتان بۆ کورد نەرەخسا بوو، ئێزیدیەکانی ئەرمەنســـتان ئـــالا هەلگری شۆرشـــێکی مەزنی هونـــەری بوون کە کوردانی هـــەر چوار پارچەی کوردستانیان بە گۆرانیە پر جۆش و خرۆشەکانی باوک و باپیرانمان و بە دەنگە زولالەکەی شەرویێ برو و سوســـیکا ســـمۆ و قەرەپێتـــێ خاجۆ و




ئەســـلیکا قادر وزۆرانی تریـــش ئاشـــنا دەکرد. چەند کەنالێکی تایبەت هەبـــوون بـــۆ گرنگی و خزمەتکردنـــی گۆرانی و موزیکی کوردی. یەکێک لەو کەنالانەی راگەیاندن: رادیۆی ئێریڤان بوو.لەم رادیۆیـــەدا، ئێوارن لادێ نشـــینەکانی ئەرمینیا و باکـــوری کوردســـتان و بەشـــێکیش لە کوردانی ســـۆرانی-زاری باشور و رۆژهەلاتی کوردســـتان لە مـــالان کۆدەبوونەوەو دالدەی یەکتریان دەدا لە کاتی گۆێبیستنی ئەو کورمانجیە شیرینەی ئاوێزانی دەنگە سازگارەکانی گۆرانیبێژە قورگ زێرینەکان و پەنجە و نەغمە پر هەستیارەکەی ئامێری مەی عەگیدێ جمۆ و خەلیلێ عەڤدلە دەبوون. رادیۆی دەنگی کـــوردی ئێریڤان بە ئەندازەیەک تێکەلاوی ژیانی رۆژانـــەی خەلک ببوو کە لە شۆرشـــێکی کلتـــوری کوردایەتـــی دەچوو. کاتێک ئەســـلیکا قادر گۆرانی (وەلاتێ مە کوردســـتانە) لە سالانی سەرەتای شەستەکان تۆمار کرد، لە سەرتاسەری کوردستان ئەم گۆرانییە وەکو مارشێکی نەتەوەی پیرۆز ناســـرابوو. هەر لە رێـــگای ئەم رادیۆیەش بە دەیان رۆشـــنبیر و هونەرمەند ئاشـــنایەتیان بـــە کلتوری کوردی کردووە. نووســـەرێکی وەکو فیرات جەواری، کە خەلکی باکوری کوردســـتانە، لە نووســـینێکدا بەم شێوەیە لەسەر کوردی کۆنە سۆڤیەت و رادیۆی ئێریڤان دەدوێت: ((من کوردی ســـۆڤیەتم لە رێگای کەلامەکانیانەوە ناسی، ئەو کەلامانەی کە لە رادیۆی ئێریڤانەوە پەخشدەکران. ئەوکەلامانـــەش بوونە تیرێکی پەروەردە ئامێز لە دلی ئێمەدا. دیســـانەوە جەواری دەلێت: کاتێک کە پەخشـــی رادیۆ دەســـتی پێدەکـــرد، تێکرای خەلکی گوندەکانی باکوری کوردســـتان دەستیان لـــە کارەکانیـــان هەلدەگـــرت و لـــە یەکێک لە مالەکانی گوند کۆدەبوونەوە و بە کۆمەل گوێیان لە رادیۆی ئێریڤان دەگرت)) (٥). لە نووسینێکی تردا، رۆژین بارنـــاس دەلێت: ((رادیۆی کوردی ئێریڤـــان تەنها نەک هەررادیۆیەکە بۆ پەخشـــی کاری رادیۆیی، بەلکو کۆنســـەرڤاتیۆری موزیکی کورمانجیە)).

پێویستە ئەوەش بوترێ کە میوسیکۆلۆجیست و ئەکادیمیستە گەرۆکە ئەرمەنەکان دەستپێشخەری یەکەم بوون لە گرنگی و بایەخیان بە توێژینەوەی موزیکی کوردیی. لە ناوەراســـتی ســـالانی ١٨٠٠ ەکانەوە لەســـەر موزیکی کوردی شتیان نوسیوە. کۆمیتـــاس، یەکێکـــە لەنـــاوە هـــەر دیارەکانی گۆرەپانی موزیکی رۆژهەلانی کە بەشـــێکی زۆری ژیانـــی تەرخان کردبوو لە گرنگـــی دان بە کاری مەیدانی لەسەر موزیکی ئەرمەنی و کوردی تورکی ونەتەوەکانـــی تریـــش، یەکەم پەرتوکی لەســـەر گۆرانـــی کوردی لە ســـالی ١٩٠٤ لە مۆســـکۆ بە چاپ گەیانـــد بە ناوی ئاوازەکانـــی کوردی. ئەم پەرتوکـــە لە شـــێوەی ناملیکەیەکـــی بچوکە کە ١٣ گۆرانـــی کـــوردی لەخۆ دەگرێـــت و بە نۆتە نوســـراوەتەوەو لەژێر نۆتەکانیش پیت و ووشەی گۆرانیەکان ترانســـکریپت کراون. لەســـەر هەمان رێچکە و بۆچونیش، چەندین میوزیکۆلۆجیســـت هەر لەو سەردەمەی کۆمیتاسەوەگرنگیان داوە بە نۆتەکردنی گۆرانی کوردی. (٧).

کارلینێ چاچانی، یەکێک لە نووســـەرە هەرە دیارەکانـــی کـــوردی ئەرمەنســـتانە، لـــە تێزی دکتۆراکەی لەســـەر بایەخدان بە کلتوری کوردی لە لایەن ئەکادیمیستە ئەرمەنەکانەوە چاپتەرێکی تەرخان کردووە بۆ کاری ئەو ئەرمەنانەی گرنگیان بە موزیک و هەلپەرکێی کوردی داوە .لەم چاپتەرەدا کارلین زۆر بە دوور و درێژی تیشک دەخاتە سەر کارەکانی زۆرێک لەو کەسانەی دەستپێشخەربوون لە مەیدانی لێکۆلینەوەی زانســـتی لەسەرموزیکی کوردی. (٨ ( . خالێکی تری گرنگ کەوای کردووە هونەری کوردی لە لایـــەن ئەرمەنەکانەوە بە رێز وحورمەتەوە ســـەیربکری بریتیە: لەو خزمایەتی و نزیکیـــەی کە موزیکی کـــوردی هەیەتی لەگەل موزیکی ئەرمەنیەکان. ئەو لەیەکچون و نزیکایەتیە بـــە ئەندازەیەکە کە هەندی جار بیســـتەر حالی نابێ کامە موزیک هی کامە نەتەوەیە. هەروەها لە زۆرگۆرانی کۆن و ئێستای کورد و ئەرمەن وشەی لـــێ لێ و لۆ لـــۆ یان ئەمان ئەمان دەبیســـترێ. هەروها چەندین گۆرانی بە هەردوو زمانی کوردی و ئەرمەنی هەن. لەســـەردەمی عوسمانیەکانیش،

بەر لە ئەنفالکردنی ئەرمەنەکان لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٥ ( کەلەدوای ئەم رووداوەوە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنکان بەرەو لاوازی هەنگاوینا بەهۆی بەژداریکردنی سوپای حەمیدیە کە زۆرینەیان کورد بوون لە قەتل وعامی دانیشتووانە ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی).

(٩)، زۆرێک لە کورد وئەرمەنەکان پەیوەندی مارەبڕییان لە نێواندا هەبووە و لە چەندین شوێنیش بەژداری خۆشی و مەینەتیەکانی یەکتریان کردووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە رۆشنبیرە ئەرمەنەکان یەکەم دەستپێشخەری دامەزراندنی ئەکادیمیای کۆردۆلۆجی و زمانەوانی کوردی بوون لە سۆڤیەتی کۆن. هەر لەسەر دەستی چەند رۆشنبیرێکی ئەرمەنیش بوو رۆژنامەی رێیا تازە، یەکەمین رۆژنامەنی کوردی لە ئەرمەنستان، لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئێریڤان بەچاپ گەیەندرا.

کەلامێن جمعەتی: وەک زاراوە ئێزیدیەکانی ئەرمینیا زاراوەی کۆن بەکاردەهێنن بۆ ناسینەوەی شێوازەکانی موزیکی. زاراوەی کەلامێن جمعەتی، یاخود کولامێن جمعەتی، بریتییە: (لەو دەستەواژەیەی کە بۆ دەستنیشانکردنی موزیکی فۆلکلۆری بەکاردەهێنرێت). کەلامێن جمعەتی لە دوو وشەی عەرەبی پێکهاتووە بەڵام لە سەرتاسەری کوردستان لە نێو کوردی کرمانجی زار ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنرێت. ئەگەرچی لە باکوری کوردستان ستران تارادەیەک شوێنی زاراوای کەلامی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە نێو خوێنەوارە شارنشینەکان، لە نێو کوردەکانی ئەرمینیا زاراوەی ستران زۆر نامۆیە بە چەمکو تێگەیشتنی خەڵکانی لادێ و شارنشین. چەندین کتێب و نووسینیش لە رابردو وئێستادا لە لایەن کورد و بیانیە موزیکناسەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئەرمینیا جەختیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٨ لە دوو پەرتوکی زۆر بەنرخ لەسەرکلتوری زارەکی کوردی، هەردوو برایانی جەلیلی (ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلێ جەلیل)وشەی سترانیان لەچەند شوێنێک بەکارهێناوە بە مەبەستی پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و پێوانە و پێناسەی بیانی.

(١٠). بەڵام کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠ وە،جەمیلا جەلیل (خوشکی ئۆردیخان و جەلیل) کتێبێکی لەسەر گۆرانییە کوردیەکانی ئەرمانستان بەچاپ گەیاندووە لەژێر ناوی کەلامێن جمعەتا کوردا و هەر زاراوە کۆنەکەی بەکارهێناوە.

(١١). پاککردنەوەی زمانی کوردی لە زاوارەی بیانی ئەگەرچی لە مەبەستێکی نیشتیمانپەروەریەوە سەریگرتووە، لە رووی تەکنیکی و ئەکادیمیەوە کێشەی زۆر بەدوای خۆیەوە دەهێنێت. بۆیە لە بابەت و دیراسەی زانستی، بەتایبەتی لە زانستی میوزیکۆلۆجی و ئەپنۆمیوزیکۆلۆجی و ئەپنۆگرافی و ئەنپرۆپۆلۆجی، بەکارهێنانی زاراوەی نامۆ بوخەڵکانەی دیراسەی مەیدانیان لەسەر دەکرێت بە هەڵەیەکی گەورە دانراوە. هەربۆیەشە میوزیکۆلۆجیستەکان هەرلەکۆنەوە ئەو کێشەیان بەکۆتاهێناوە کە دەبێت لەهەموو هەل و مەرجێکدا زاراوە و وشەزاری دەمی خەڵک بەکاربهێنرێت، جا ئەگەر ئەم زاراوانە بیانی بن یان خۆماڵی .

موزیکناسەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەکارهێنانی زاراوەی دروستکراو بە مەبەستی پاککردنەوەی زمان لە وشەی بیانی بە هەمووشێوەیەک قەدەغەیە لە زانستی میوزیکۆلۆجی و ئەپنۆمیوزیکۆلۆجی و زانستەکانی تری ئەپنۆگرافیک. کەلامێن جمعەتی: خەڵک و تێگەیشتن ئێزیدیەکانی ئەرمینیا بە تێکرایی لەسەر ئەم تێگەیشتنە کۆکن کە موزیکی فۆلکلۆری ئەوان دابەشکراوە بۆ سەر دوو جەمسەری گرنگ لەسەر بنەمای کرداری و تێکستی گۆرانیەکان یان بابەتی گۆرانیەکان. ئەم دووجەمسەرەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- جەمسەری گشتی: ئەم تێروانینە بریتیە: لە جۆر و کار و کاردانەوەی گۆرانەکان. مەبەست لێرەدا جۆری گۆرانیەکانە. بۆ نموونە کەلامێن مێرانی (بە گۆرانی سوارچاکی و ئازایی لە نێو کوردی سۆرانی-زار ناسراوە)، کەلامێن بەنگیتی (گۆرانی دڵداری)، کەلامێن دیروکی (گۆرانی مێژوویی)، کەلامێن لاقردیا (گۆرانی گاڵتە و گەپ)،کەلامێن داوەتا (گۆرانی هەڵپەرکێ و بووک گواستنەوە). کەلامێن خەباتی (گۆرانی کارکردن.

٢- جەمسەری بابەتی: لەم تێروانینەدا بابەتی




گوندی رێیا تازە لە سەردەمی سۆڤیەت بە قوندەساز ناو نرابوون
٦٥ کیلۆمەتر لە باکووری ئێریڤانەوەیە



دوو مەیژەن و دەنگبێژێک لە گوندی شینکان

گۆرانیەکە دەبێتە تایتڵی گۆرانییەکان. بۆ نموونە کەلامێ دەروێشێ عەبدی (ئەم گۆرانییە باس لە ئازایی و نەبەردی دەروێشێ عەبدی دەکات)، یان کەلامێ چاچانێ یان کەلامێ وەڵاتێ مە کوردستانە و زۆر کەلامی تریش.

جگە لەم بابەت و جەمسەرە موزیکیانە، هەندێ شێوەی گۆرانی تر هەن بەڵام بەناوی کەلام یان موزیک نەناسراون:وەکو دیرووک (سەردولکە و پیاهەڵدان بەسەر مردووان لە کاتی تازیە و ناشتن)یان لووراندن (لایلایە بۆ منالآن). ئەگەرچی ئەم دوو شێوەیەش لە ڕووی تەکنیکی و موزیکیەوە بە گۆرانی یا موزیک ناسراون، ئێزیدیەکان بە هەموو شێوەیەک کلام لە دیرووک و لووراندن جیادەکەنەوە .ئەم جۆرە پۆلێنکردنەی گۆرانی نەک هەر تەنها لە نێو کوردەکانی ئێزیدی ئەرمینیا باوە بەڵکو کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەمان شێواز پەیڕەو دەکەن .لەسەر هەمان دید و بۆچوونیش، دیتێر کریستینسن (میوزیکۆلۆجیستێکی ئەڵمانیە کەهەر لەسالآنی شەستەکانەوە خەریکی گۆرانی و موزیکی کوردیە) پۆلێنی گۆرانیەکانی ناوچەی هەکاری بەهەمان شێوە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی گشتی خەڵک پەیڕەوکردووە.....ستیڤن بلووم، (ئەپنۆمیوزیکۆلۆجیستێکی ئەمەریکیە کە ئەویش هەر لەسالآنی شەستەکانەوە خەریکی گۆرانی و موزیکی ئێرانییە بە تایبەتی موزیکی خوڕاسان)، گورانیەکانی کوردی ناوچەی خوڕاسانی بەهەمان شێوە پۆلێن کردووە. دەکرێ موزیکی فۆلکلۆری بەپێی زۆر ئەندازەیتر پۆلین بکرێت کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی نووسەرەکە یەکسان بێت، بەڵام لەهەموو کارێکی

مەیدانی میوزیکۆلۆجی دەبێت گرنگیەکی تایبەت بدرێت بەو ئاشنایی و شێوازەی کەئەو خەڵکانەی موزیکە بەرهەم دەهێنن ...کەلامێن جمعەتی: هەلسەنگاندنێکی موزیکی لەڕوی موزیکیەوە، کەلامەکان بۆ سەر دوو بنەما دابەش دەبن، کە پەیوەندی ئەم دابەشبوونەش بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە تەکنیکی مەودا و ریتمی گۆرانیەکان:

-١ گۆرانییە کێشدارەکان: بریتین: لەوگۆرانیانەی لەسەر کێش و ریتمی مەیسەرکراودانراون، وەکو گۆانیەکانی هەڵپەرکێ.

-٢ گۆرانییە ریتمیە ئازادەکان: بریتین: لەو گۆرانیانەی کە لەسەر

ریتمێکی ئازاد یان سەربەست دانراون (وەکو لاوک یان حەیران لە باشوری کوردستان).

ئەگەرچی ئەم گۆرانیانە ڕیتمی سەربەست لەخۆدەگرن .نەکهەرئەپنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان،بەڵکوتەواوی ئەکادیمیستە میوزیکۆڵۆجیستەکانیش ئەم گۆرانیانە بە گۆرانییە ریتم ئازادەکان پێناسە دەکەن (نەک گۆرانیە بێ ریتمەکان). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندنەوە و تێگەیشتنەی کە هەموو دەنگێکی موزیکی کێش و مەودای کورتی و درێژی خۆی هەیە. جا ئەم درێژی و کورتیە ئازاد بێت یاخود مەیسەرکراو یان داڕێژراولەسەر بنەمای تایبەتی....، وەکو ٢/٤، ٤/٤یان ٦/٨ .. هتد.

کەلامێن جمعەتی: پەیژەی موزیکی گۆرانی و موزیکی کوردە ئێزیدیەکانی ئەرمینیا بە گشتی لەسەر چوار پەیژەی موزیکی دانراون. ئەگەرچی ئێزیدیە موزیکزانەکان و خەڵکانی تریش بەهیچ شێوەیەک زاراوەی تایبەتیان بۆ ئەم پەیژانە نییە، بەڵام ئەگەر پەیڕەوی بەکارهێنانی زاراوە عەربی و تورکیەکان بکەین ئەوا پەیژەکان بریتین لە: بەیات، حیجاز،نەهاوەند و عەجەم (بڕوانە پەیژەکان).زۆر بە دەگمەن هەندێ جار گۆرانی یان چەند پارچە موزیکێک دەبیستین لەسەرپەیژەکانی تری موزیکی ڕۆژهەڵاتی. زۆرینەی ئەو موزیکانەی لە دەرەوەی ئەم چوار پەیژە سەرەکیەن بریتین: لەو موزیکانەی لەسەر دەستی مویکژەنەکان ئاوازیان بۆ دانراوە. لە هەندێک بۆنەو و دانیشتنی گشتی لەگەڵ موزیکژەنە ئێزیدیەکانی ئەرمینیا، بە دوورو درێژی باسم لەم هەڵومەرجە کردووە و موزیکژەن و موزیکزانەکانیش ئەوەیان بۆم دووپاتکردۆتەوە کە هەموو ئاوازە فۆلکلۆریەکان لەسەر ئەم چوار پەیژەیەی سەرەن و هەر ئاوازێک لەدەرەوەی ئەم چوار پەیژەیە بن، ئەوا موزیکی تازە دانراون لەسەر دەستی موزیکژەنە تازەپێگەیشتوەکان. ڕەنگە ئەم بیروو بۆچوونە سەد لە سەد ڕاست نەبێت، بەڵام زۆر بەدەگمەن گۆرانی کۆن هەن لە دەرەوەی ئەم پەیژانەدا

کەلامێن جمعەتی: یایبەتمەندیەکانی ئاڕاستەی موزیکی لە گۆرانیەکان

ئاڕاستەی تۆنە موزیکیەکان لەوپەیوەندیەی هەر تۆنێک هەیەتی بەو تۆنەی سەروو و خواری خۆی باسێکی قوڵ هەڵدەگرێت کە ڕەنگە لە باسێکی ئەوها کورت نەتواندرێت کرۆکی بابەتەکە بەتەواوەتی شیبکرێتەوە. مەبەست لێرەدا ئەوگرنگیەیە کە تۆنە موزیکیەکان هەیانە لە بەدەستەوەدانی ئاواز. بۆ نموونە، لە هەمووئاوازێکی گۆرانی یان لە هەر پارچە موزیکێک، تۆنە موزیکیەکان بە چەند ئاڕاستەیەی پێوانەیی بەرە و ژوور و ژێر دەڕۆن. ئەگەرچی لە ڕووی ئەدا وشێوازی ژەنین یان وتنی هەر گۆرانیەک یان پارچە مەزیکێک، کەسی ژەنیار یان گۆرانی بێژ تاڕادەیەک سەربەستە لە هۆنینەوەی بابەتە موزیکیەکە، ئاوازی هەموو میلەتێک بە چەند ڕێسا و بنەمای تایبەتی یاڕاستە دەکەن. بۆیەش، ئەگەرسەرنج و ڕوانینێکی خێرا بکەیەن لەسەر ئاواز و میلۆدی کوردە ئێزیدیەکانی ئەرمەنستان ئەوەمان بیرنەچێت کە مەبەست لێرە جیاکردنەوەی موزیکی ئێزیدی نییە لە تەواوی کوردی، بەڵکو موزیکی کوردی ئێزیدیەکانی ئەرمەنسیتان بەشێکە لە موزیکی کوردی کورمانجی) ئەوامان بۆ دەردەکەوێت کە میلۆدی ئاوازەکان بە گشتی بەم چەند ئاڕاستەیەی لای خوارەوە ڕێگا دەگرن:

—١ دەستپێکی ئاوازەکان بە ئاڕاستەی سەرکەوتن مەبەست لێرەدا تەنها شێوەی دەسپێکی مولۆدیەکانە کە لە هەر ئاوازێک لە تۆنی سەرەتا تۆنیک) تا ئەو تۆنەی میلۆدیەکە تێیدا جێگیر دەبێت. ئەمانەش بریتین لە چەند شێوەیەک کە لە زۆربەیان لە ڕێچکەوە پەیوەندیان بە گۆرانی بێژەکە یان

ژەنیاری ئامێرەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش چەند پڕۆتۆتایپێک هەن لە بەشێکی زۆری میلۆدیەکان و میانەی دەنگەکان خۆیان دووبارە دەکەنەوە .وەکوئەمانەی خوارەوە: (١)

-٢ ئاراستەی دابەزینی میلۆدیەکان بۆ تۆنی سەرەتا (تۆنیک)مەبەست لێرە ئەوپێوانەیەیە کە میلۆدیەکان بەرەو تۆنیک یان تۆنی سەرەتا یان بنکە دادەبەزن. ئەمانەش شێوە و جۆری جیا جیایان هەیە کە لە هەر شێوەیەک چەند میانەیەکی تایبەت یاسای خۆیان دەسەپێنن. لەگەڵ ئەمەش، لێرەدا چەند پڕۆتۆتایپێکی دووبارە هەن کە لە زۆربەی ئاوازەکان بەر گوێ




**پەیژەکان**

دەکەون. وەکوئەمانەی خوارەوە: (٢)

کەلامێـن جمعەتـی: پـەروەدەی موزیکـی زۆرینەی کلامبێژە کوردە ئێزیدیەکان سـەرەتا و چۆنیەتی دەسـتپێکردنییان بۆ سەردەمی منالی دەگەڕێننـەوە، لـەو کاتەی لەماڵـەوە لە لایەن ئەندامانـی خێزانەکانیان فێری کلام چرین بوون. هەندێکیش هـۆکاری فێربوونیان دەگەڕێننەوە بۆ حـەز و خولیای تایبەتی خۆیـان لە کاتێکدا کە گوێبیستی کلامە بەجۆشەکانی جمعەتی دەبوون، چ لە ڕێگای ڕادیۆ یان لە ڕێگای گوێگرتن لە بۆنە موزیکیـەکان وەکو کۆبونـەوەی خەڵک لە ماڵان یان کاتی بووکگواستنەوە. زۆربەی موزیکژەنەکان نامـۆن بـە زاراوە و خولیای زانسـتی موزیکی، تەنیا چەند کەسـێکی وەکو عەگیدێ جمۆ و نورا جەواری و جەمیلا جەلیـل نەبێت کە لە زانکۆی موزیکـی ئێریڤان خوێندویانە و شـارەزاییان لە زانستی موزیک هەیە.

## ئەسلیکا قادر پێریڤان

ئەسـلیکا قادر (یەکێک لـە گۆرانیبێژە هەرە ناودارەکانی کوردی ئەرمینیا کە ئێستا نیشتەجێ وڵاتی ئەڵمانیایە و بە گۆرانی وڵاتێ مە کوردستانە بەناوبانگە) سـەرەتای خولیـای موزیکی خۆی بۆ ماڵەوەیـان دەگەڕێنێتەوە لـەو کاتەی کە لە دیوەخانـی باوکی گوێی لە باوکی دەبوو لە کاتی گۆرانـی وتن بۆ میوانەکانی. هەروەها ئەسـلیک باوکی بە یەکەمین مامۆستای خۆی دەزانێت. جگە لەمەش، ئەسلیک دەڵێت ((لە منالی زۆر تامەزرۆێ دەنگـی کەلامبێژەکانی کۆن بوومە کە لە رادیۆی کـوردی ئێریڤان بڵاودەکرانەوە (بڕوانە ؟)). نورا جەواریش لە نووسـینێکی زانست ئاسادا هەمان

چەمـک دووبارە دەکاتەوە کـە زۆربـەی کەلامبێژ و ئامێرژەنە ئێزیدیەکان تەنها لەڕووی گوێگرتنەوە فێری کلامبێژی یـا ئامێرژەنین بوونـە. ....کەلامێـن جمعەتـی: ئامێرەکانـی موزیک ئەگەرچی زۆربەی کلامـە کۆنەکانی جمعەتی بەبـێ ئامێـری موزیکی وتراون، لـە ڕۆژگاری دەرکەوتـن و پەخشـی رادیۆی ئێریڤان بەشـێکی زۆری کلامەکان بەهاوکاری ئامێـری موزیکـی




تۆمـار و پەخـش کـراون. لە زۆرینـەی کلامە تۆمارکراوەکانیرادیۆدا ئامێری مەی بەکارهاتووە. ئامێـری مـەی (کـە بـە دوودوک لەلایـەن ئەرمەنیـەکان و بـە باڵەبان لە لایـەن کوردی سۆرانی-زار ناسـراوە) گرنگیەکی تەواوی هەیەلە نێو ئێزیدیەکانی ئەرمینیادا. جگە لەم ئامێرەش، ئامێری زرنە (کە لە باشوری کوردستان بە زورنا ناسـراوە) و دەف (کە لە نێو کوردی سـۆرانی-زار بە دەهۆڵ ناسـراوە) گرنگیەکی بێ وێنەیان هەیە لە گۆرانیەکانـی هەڵپەڕکی، نەک هەرتەنها لە بۆنەی بووکگواسـتنەوە، بەڵکو لە گشت بۆنە جەماوەریەکانی ئێزیدیەکان: وەک عەیدا خدر نەبی، زیارەتا لالشـێ، ڕوژا گونـدا و .. هتد.ئەگەرچی ئەم سـێ ئامێرە (مەی، زرنـە و دەف) ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زۆربـەی گۆرانییە تۆمارکراوەکانی

رادیۆی کوردی ئێریڤان هەیە، جار جارەش ئامێری جمبوش یان تەپڵ یان کەمانچە بەرگوێ دەکەون. ئامێـری جمبوش بەزۆری لە لایەن ئارامێ تیگران گۆرانیبێژێکی زۆر بەناوبانگی بە رەگەز ئەرمەنیە کە زیاتر بە کرمانجـی گۆرانی وتوە و هەر تەنها لە نێو کوردەکانیش ناوبانگی دەرکردووە ژەنراون. ئارامـێ تیگران لە زۆربەی گۆرانیەکانی، بۆ خۆی ئەم ئامێرەی بەکارهێناوە. هەروەها لە هەندێک لە گۆرانیەکانی ئەسـلیکا قادریش ئامێری جمبوشی ژەنیـوە. ئامێری کەمانچە و تەپلیش بە زۆری لە لایەن موزیکژەنە بیانیەکانـی وەکو ئەرمەن یان گورجی جۆرجیەکانی کۆماری جۆرجیا) ژەنراون.

لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ئامێری ساز وگیتار وکیبۆردی ئەلکترۆنی (سـایزەر) لە هەندێـک بۆنەی وەکو بووکگواسـتنەوە و ئاهەنگی نـەورۆز و هەندێک بۆنەی تریش بـە کاردەهێنرێن. دەرکەوتنی ئەم ئامێرانە تەنهالەم چەند ساڵەی دوایدا بە ڕێژەیەکی زۆر بە بەرچاو و گوێ کەوتون.کۆتایی لە ئەمرۆی ئەرمەنسـتاندا، ئەگەر چی ئێزیدیـەکان بە زۆر کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن، بەڵام خاوەنی کلتورێکی موزیکـی زۆر مەزنن. هەرئەم کلتورە موزیکیەشـە ڕۆشنبیریەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگە دروسـت کردووە.زۆرێـک لە تەمەندارە ئێزیدیەکان ڕۆشنبیری خاک و نیشتمان و مێژووی بـاوک وباپیرانیان بۆ کلامەکانیـان دەبەنەوە کە لە لایەن کلامبێـژە زارشـیرینەکانەوەلە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی نوێ ئاواز ئاسا گێڕدراوەتەوە.



ئەسلیکا قادر- گۆرانیبێژ

لەسەر هەر یەکێک لەم پێناسانەی سەرەوەش چەند زانستێکی بەها بەرز خۆیان حەشارداوە کە پەردەلادان لەسەریان خزمەتێکی گەورە بە تێگەیشتن و ڕۆشنبیری و پەروەردەی هونەریمان دەکات. پێویستە ئەو ڕاستیە بزانرێت کە کۆمەڵگەی کوردی ئێزیدی لە ئەرمەنستان ئەمڕۆ لە فەوتان دایە، بۆیە کارکردن لەسەر ئەم کلامانە چ لە ڕووی کلتوریو کۆمەڵناسیەوە موزیکییەوە بێت یان لە ڕووی فۆلکلۆری و ئەپنۆگرافیەوە، پێویستیەکی گرنگە. ئەگەر بێتو ئەم چەند کەسەی کە بە پەنجەی دەستی دەژمێردرێن لە ژیاندا ماون و شارەزاییان لە کلامەکانی جمعەتی هەیە بەژدار نەبن لەهەر کارێکی مەیدانی، ڕەنگە گەنجینەیەکی بێ وێنەی موزیکیمان لە دەست دەربچێت.

## ژێدەرەکان


(١) Vanly، Ismet Cheriff: The Kurds in the Soviet Union.
The Kurds: A contemporary overview. Edited by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. Routledge/SOAS ١٩٩٢.
ئەم نووسینە لە دووتوی پەرتوکێک چاپ و بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٩٢ بە زمانی ئینگلیزی.
(٢) ڕۆژنامەی ڕێیا تازە ساڵی ٢٠٠٤
(٣) سەرداریان،
ئەمەریک. ساڵی ٢٠٠٣
ئەم بابەتە لە لایەن دەزگای چاپ وەزارەتی پەروەردەی ئەرمەنستان لە کتێبێک لەسەر کەمایەتیەکانی ئەرمینیا بە زمانی ئەرمەنی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.
(٤) هەمان سەرچاوە
(٥) جەواری،
فیرات : کوردێن کەڤنە سۆڤیەتێ.
گۆڤاری نوودەم، ژمارە ٣١ ساڵی ١٩٩٩
ئەم نووسینە وەک پێشەکیەک لە گۆڤاری نوودەم بە کوردی پیتی لاتینی لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە (لا ٤ – ٥)
(٦) هەمان سەرچاوە.
(٧) Komitas :Mélodies Kurdes.
Kürt Müziği، Avesta Publications، Istnabul، ١٩٩٦
ئەم نۆتانە لە کتێبێک لەسەر موزیکی کوردی بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٩٦ لە ئەستەمبۆڵ.
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڤێستا، ئەستەمبوڵ.
(٨) چاچانی،
کارلین: کورد لە بەرهەمی ئەرمەنەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ – ١٩٩٠.
ئەم نووسینە نامەی دکتۆرای کارلینێ چاچانیە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئێریڤان بە زمانی ئەرمەنی چاپ کراوە. بڕوانە (لا ٢٢٥ – ٢٦٩)
(٩) Vanly، Ismet Cheriff: The Kurds in the Soviet Union.
The Kurds: A contemporary overview. Edited by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. Routledge/SOAS ١٩٩٢
(١٠) Celîl، Ordoxan ûCelîl: Zargotina K'urda، Neşirxana Naûba Moskva ١٩٧٨
(١١) Celil، Cemila: Kilam û Miqamêd Cimeta Kurda Weşenên Roja NU: ٣. Stokholm، ١٩٨٢.
(١٢) Nettl، Bruno: The Study of Ethnomusicology، Thirty-one Issues and Concepts University of Illinois Press ٢٠٠٥
بڕوانە لاپەرە
٣٥ و ٢٣٤
(١٣) Christensen، Dieter (٢٠٠١): Kurdish Music New Grove ٢nd ed.، vol. ١٤، pp. ٣٦-٤١.
(١٤) Blum Stephen: Changing Roles of Performers in Meshhed and Bojnurd، Iran، in Eight UrbanMusical Cultures.
Ed. Bruno Nettl. Urbana: University of Illinois Press، ١٩٧٨، pp. ١٩-٩٥.
(١٥) Nettl، Bruno: The Study of Ethnomusicology، Thirty-one Issues and Concepts University of Illinois Press ٢٠٠٥
بڕوانە لاپەرە
١٩٧ – ٢١٢
(١٧) قادر، ئەسلیک: لوراندنا ئەگینەکێ و ئەسلیکا قادر.
گۆڤاری نوودەم، ژمارە ٣١ ساڵی ١٩٩٩
ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن مەدینی فەرحۆ لەگەڵ ئەسلیکا قادر بە دایەلێکتی کورمانجی ئەنجام دراوە. (لا ٦٩ – ٧٨).

(١٨) جەواری، نورا: سازبەندیا کوردێن ئەرمەنستانێ.
گۆڤاری نوودەم، ژمارە ٣١ ساڵی ١٩٩٩ (لا ٤٩ – ٥٥)

# لاوک

## وەکو موزیکی ڕیتمی سەربەست

ن: دکتۆر جەلیل ئازید
موزیکۆلۆگ، زانکۆی زوریخ

وشـەی موزیک، لە زانسـتی موزیکدا، بۆ دەربڕینی دەنگبێژی مرۆڤ و دەربڕینی ئامێری موزیـکـی بەکاردێت، بە گوێـرەی تەکنەوازی بنەمـای موزیـکـی، موزیـک بە دوو شـێواز ئەنجامدەدرێـت : یەکـەم: شـێوازی موزیکی پەیوەسـت بە ڕیتـم[١] یاخود شـێوازەکانی ڕیتمی، کە بە ڕیتمێکی سـینکرۆنیو ئەندازەیی ڕێکوپێـک بەبـێ وەسـتان ئەنجامدەدرێت، زۆربەی زۆری ئەو شێوە موزیکە بە هەماهەنگی ئامێرێکی لێدەیی (پێرکەشن) دێتە بەرهەم.

دووەم: شێوازی موزیکی ڕیتمی سەربەستە وەکـو دەزانین هەردوو شـێواز لـە موزیکی کوردیشدا بوونی هەیە.

لە موزکی کوردیدا چوار جۆری موزیکی ڕیتمی خۆی دەبینێتەوە، کە ئێمە بە شێوازی دەنگی مرۆڤی (سـتران) بەکرمانجی و، (گۆرانی) بە سـۆرانی پێدەڵێیـن، جگە لـە دەنگی مرۆڤ بە ئامێرێ موزیکی سـاز دەکرێن، شێوازەکان ئەمانـەن: -١ شـێوازی گەلـەری و فۆلکلۆر کە زۆربەی شـایی و گۆڤەندەکانی ڕەسـەنی کوردی پەیڕەو دەکەن. -٢ شێوازی ڕۆژهەڵاتی (شـەرقی) کە لە جۆری موزیکـی میللەتانی ناوچەکـەدان -٣ شـێوازی نوێ کە شـێوازو ستایلی هەردوو شـێوەی پێشوو و شێوازکانی تری جیهانی بەخۆوە دەگرن -٤ شێوازی سروود کە بە زمانی موزیکی پێی دەڵێن هیومن.

بـە گوێری جۆری تەکنـەوازی کاریگەری و ئەرکی موزیکەکە کە پێی دەڵێن: فونکشنالیتی، ئەو چوار جۆرە هەموو جۆرەکانی فونکشنالیتی بەخۆوە دەگرن وەکو موزیکی جوتیاری و کار، ڕابواردن، شادی و هەڵپەڕکێ، ئاینی و تەکیەو خانەقاکان، چەمەری و شـین، شۆڕشگێری و نیشتیمانی، یاری و منداڵان، هەموو جۆرەکانی موزیکـی شـۆ (show) واتە نمایشـکاری موزیکی، هەموو جۆەرکانی موزیکی سـینەماو شـانۆو، جۆرەکانی تر. هەروا شێوازی ڕیتمی سەربەست لە موزیکی کوردیدا هەمەجۆرە، بەڵام بەگوێرەی پۆلێنکردنی زانسـتی موزیکۆلۆجی واتـە زانسـتی موزیک، موزیکی سەربەسـتی کوردی خۆی لە دووجۆر دەبینێتەوە: یەکەمیان دەربڕینـی موزیکـی سەربەسـتی گونـدی، مەبەست لە گوندی (ڕورال میوزیکە ) واتە هەر موزیکێـک لە دەرەوەی شـارە گەورەکان واتە لە گوندو دەشت و چیاو...تاد ئەنجامدەدرێت، نموونەکانی ئەم شێوەیە وەک: لاوک، حەیران، بەیت، قەتار، هۆرە، سیاچەمانە...تاد. شێوازی دووەمی موزیکی سەربەسـتی کوردی دەچێتە چوارچـێوەی (ئوربان میوزیـک) واتە موزیکی شارو مێترۆپۆلیتانەکان، ئەو شێوازەش بە مەقام ناوزەد کراوە (وەکو مێژوو) لە شارەکانی وەک : هەولێـرو، کەرکوک و،کۆیەو، بەشـێوەیەکی گشتی ناوچەکانی گەرمیانی کوردستان بوونی هەیە.

لەپاش ئەنجامدانی هەر موزیکێکی سەربەست وەکو باوە گۆرانیەکی ڕیتمی ئەنجامدەدرێت، کە لە پاش مەقام پێی دەگوترێت بەسـتە (واتە بەستنی ئاهەنگەکەو کۆتایی هێنان).

لە کۆتایی شێوازەکانی تر گۆرانی پاشبەند ئەنجامدەدرێت. لە ڕۆژی ئیمرۆماندا ئەو موزیکەی کە پێشـان زیاتر لە گوندو دەرەوەی شارەکان سـازدەکران، ئیمرۆ زیاتر لە شـارە گەورەکان دێنە ئەنجامـدان و بەرهەمهێنـان و گرنگیان پێدەدرێت. (بنکەی مەقام) هەرچەندە کە وەک بنکەیەکی مەقام خوی نـاوزەد کردووە، بەڵام بە بیروای من، مەبەسـتی بایەخدانە بەهەموو ئەو شێوە موزیکانەی کە بە ڕیتمی سەربەست ئەنجامدەدرێن بە بەستەو پاشبەندەکانیشەوە.

مەبەسـتمان لەم نووسینە ئەوەیە تیشکێکی خێـرا بخەینـە سـەر شـێوازە موزیکیەکانی ڕیتمی سەربەسـت، کە بـە زاراوەی کرمانجی ئەنجامدەدرێن بەتایبەتی لاوک. وەک ئاشکرایە زمانی کـوردی دوو زاراوەی سـەرەکی هەیە، کرمانجی و سۆرانی[٢] لەگەڵ چەند زاراوەیەکی بچووکی وەک گروپی زاراوەکانی پەهلەڤانی کە زازاکی/دملکی لە باکورو هەورەمانی و لەکی و گوران لە باشوری کوردستان بەخۆوە دەگرن.

بە گوێرەی جوگرافیای کوردستان، ناوچەی کرمانجی، وەک: لە نەخشەکەدا هاتووە هەموو بەشـی باکوری کوردسـتان بەخۆوە دەگرێت، تاکو زێی زاب لە باشـوری ڕۆژئاواو سـنووری باکوری شـاری مەهاباد لـە ڕۆژهەڵاتەوە، کە ڕێژەی ٦٠ تا ٦٥ لە سەدی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەگرێتەوە.

دەنگبێژیـی موزیکی، ڕیتمی سەربەسـت، لەکرمانجیدا زۆر نـاو بەخۆوە دەگرێت وەک : بەیـت، چیـرۆک، دەلال، حەیرانەلاوک، لاوک، حەیرانـۆک، کەلام، حەیـران، لاوژە، پایزۆک. هەندێجار بـە هەڵەو هەرەمەکـی ناوی وەک: مەقـام، نەغمە، قـەوال، ئـوزون هەوا...تاد. بـۆ بەکاردەبرێت. لەبـەرزۆری ناوەکانیان زۆر پرسـیار دێتە پێشـەوە، یەک لەو پرسیارانە ئەوەیـە : ئایـا هەریەک لـەو ناوانە فۆرمێک و، سـتایلێک و، شـێوازێکی تایبەتی موزیکی بەخۆوە دەگرن؟ لە وەڵامـدا دەڵێین: نەخێر. پاش لێکۆڵینـەوەو پرسـیارکردنێکی زۆر لە دەنگبێژان، بۆمان دەرکەوت کە زۆر لەو ناوانە بەهەرەمەکی بەکاردێن. لە وەڵامی پرسیارەکاندا بۆچی پایز، لەبەرئەوەی باسـی پایز دەکات، یان بۆچی وشـەی حەیـران[٣]، لەبەرئەوەی بە وشـەی حەیـران دەسـتپێدەکات، بۆچی حەیرانەلاوک، دەیانگوت لەبەرئەوەی (مامۆستا وەڵڵا حەیرانیشەو لاوکیشە).

بەڵام دیارە تەنیا گوتنی ناوێک و بەکارهێنانی ناو بەڵگە نین بۆ بوونی فۆرم و ستایلێکی موزیکی. بەگوێرەی تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەو کاری شیکاری بۆمان دەردەکەوێت کەوا لەژێر ئەو هەموو ناوانە و زۆر ناوی تر یەک شێوازو ستایلی موزیکی خۆی دەبێنێتەوە، کە تەنیا بە زاراوەی کرمانجی ئەنجامدەدرێت.

ئەو شێوە موزیکیە بۆ زۆربەی زۆری کەسان بە ( لاوک )ناسراوە، بەگوێرەی زانستی موزیکی، ئەو شێوە موزیکیە یەک فۆرم و شێواز دەرەخسێنێ، بۆیە باشترە ئەگەر لە ژێر چەمکی یەک زاراوە ناوزەد بکرێت، ئەو ناوەی کەزیاتر بەکارهاتووە لاوکە بۆیە ئێمەش هەر لاوک بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنین. بەڵام ئەگەر یەک ناویش بەکاربێت، هەر لاوکێکیش ناونیشانێکی خۆی هەیە کە تێکست و ناوەڕۆک و میلۆدی جیاوازە، لەگەڵ ئەوانی تردا. دیسانەوە جیاوازی میلۆدی و ناوەڕۆکی تێکست نابێتە مەرجی فۆرم و ستایلی موزیکی جیاواز، بەڵام دەبێتە نیشانە بۆهەر لاوکێک کە ناوی تایبەتی خۆی هەیە. نموونەی ناوی لاوکەکانی وەک : لاوکی گەنج خەلیل، سمکۆی شکاک، شێخ مەحمود، ئەڤدالێ، حەسەنیکۆ، جەواهیرە، باقێ فەقێ، عەرەبۆ، زۆزانێ، دەرویش عەبدی، پسمامۆ، فەلەکێ...تاد، هەندێجار، تەنیا ناوەڕۆکی لاوکەکەش وەک ناونیشان بەکار دێت.

لێرەدا چەند سەرنجێک دەستنیشان دەکەین لەبارەی بنەماو شێوازو ستایلی لاوک یاخود موزیکی ڕیتمی سەربەستی کرمانجی، ئەو سەرنجانە لەسەر بنچینەی موزیکی و تێکستیەوە بنیاتکراون:

دەربڕینەکە بەگوێرەی بنەمایەکی پێشووتر دەستپێدەکات، واتە موزیکەکە پێشتربوونی هەیە، کەسی نوێ بە ستایل و دەربڕینی خۆی درەنگتر یان زووتر لە کات و ڕیتم ڕادەوەستێ و دەستپێدەکاتەوە، هەرچۆنێک کەخۆی هەوەسی لێیەتی، بەڵام بە بنەمایەکی تایبەتی موزیکەکە پەیوەست نابێت، واتە پابەندی ڕیتمێکی یەکسانی ئەندازەیی نابێت، لەبەرئەوەی موزیکەکە وا دەخوازێ.

ئەو شێوە موزیکیە بە جۆری ڕێچیتاسیۆن و ناڕاچیۆنە (کە وەکو شێوازی تەراتیلی فەقێ و دەروێش و مەلایان) یاخود بەشێوازو جۆری ئاوازو میلۆدیەکی سەربەست سازدەکرێت کە ڕیتمێکی سەربەست بەخۆوە دەگرێت. مەرجێکی گرنگە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بیچڕێت، ئەگینا لاوکەکە ناتەواوە یاخود هیچ نەگوترایە و هیچیش ڕووی نەداوە، ئەمەیان لە مەقامدا جیاوازە. وەکو سکێڵ و پەیژەی موزیکی، پەیژەی ناوبەینی نەیەکسان بەکاردێت، کە زۆر نزیکە لە پەیژەی دوگا/بەیات/کورد، هەندێجار بە پەیژەی حجاز، کەمتر پەیژەی چارگاو ڕست و ئی تری بۆ بەکاردێت.

وەک نەخش ونیگارو تەکنەوازی دەربڕینی موزیکی، زۆربەی جار بە دەنگێکی بەرز لە سەرەوە بۆ خوارەو ڕادەشکێ، زیاتر پازدانی دەنگی ڕوودەدات، ترەیلی تایبەت، نۆتەی بچووک بچووک لەدوا یەکتر، کەم گلیساندۆ بەکار دێت، لە تەکنوازی دەنگیدا، دەنگ لە کەللەی سەر دەردەبڕێ نەک لە سینگ. (ئەگەر زۆر ڕووداوی تەکنیکی موزیکی بەکار بهێنین لەوانەی بۆ خوێنەری خۆشەویستی ئاسایی سەخت بێت).

زۆربەی بابەتی تێکستی لاوکەکان بابەتی



وەک: داســتان، ئەفســانە، چیرۆک، مێژوو... تاد کە باس لە شــەڕو ئەڤینی، مرۆڤی مەزن، ئەسپســواری، ئازایەتــی، گلەیــی، غەریبی، ئاشقایەتی ...هتد دەکەن.

بەگوێرەی هەڵبەســتوانیەوە، تێکستەکەی دەچێتــە چوارچێوەی هەڵبەســتی گەلەریە/ مللیەوە، مەرجی گرنگــی ئەوەیە کە تەنیا بە زاراوەی کرمانجیە، زۆربەی دەســتپێکەکانی بە لێ لــێ لێ، لۆ لۆ لۆ، نەمایێ، دە هایێ هایێ، دەلال دەلال، هــێ ێ ێ، دەلۆلۆ دەلۆلۆ...تاد دەستپێدەکات.

لە بنچینەدا ئــەو موزیکە تەنیــا بەدەنگی مرۆڤ ئەنجامدەدرا، بــەڵام لە ڕۆژی ئیمڕۆمان بە هەماهەنگی ئامێری موزیکی ســازدەکرێت؛ ئامێــرە گونجاوەکانــی، وەک: باڵەبان، زوڕنا، مێــی، بلــور، نــای، تەمبوری لەگــەڵ بەکار دەهێندرێت .

هەندەێجــار ئەو شــێوە موزیکیــە تەنیا بە ئامێرێکــی موزیکــی ئەنجامبدرێــت، ئامێرە موزیکیەکە لاسایی شێوە دەنگبێژیەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، نموونەی بلوری شوان، زوڕنا، مێی، تەمبور/ساز.

ئەگەر بپرســین ئاخۆ ئەو شــێوە موزیکیە فۆرمێکە لە ژێر ئاڵای مەقام؟ یاخود بەشــێکە لەمەقام؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەو شێوە موزیکیە بە هیچ شــێوەیەک ناچێتە ژێر چەتری مەقام و بەهیچ شــێوەیەک بەشــێک نییە لە مەقام، بەڵکــو دەتوانین بڵێیــن: نزیکایەتی لە نێوان مەقــام و لاوکدا هەیە، زۆر لۆژیکترە کە بڵێین: مەقام بۆخۆی لەو شێوە دەربڕینە موزیکیانەوە هەڵقولاوە. بەگوێرەی ســەرچاوەکانی مێژووی مەقام[٤]، موزیکی مەقام درێژەپێدەری موزیکی گاتاو نوێژەکانی زاردەشتیەتە، روون وئاشکرایە کــەوا لەکاتــی خۆیــدا نوێــژو ئاهەنگەکانی زاردەشتی بە موزیک ئەنجامدراون. پاشماوەی زاردەشتیەکانیش وەک و ئەهلی حەق و عەلەوی و ئێزدیــش بەڵگەیەکن بۆ ئــەو بۆچوونە، کە موزیک تاکو چ ئەندازەیەک پیرۆزی خۆی لەناو ئەو ئاینانەدا هەیە، دیارە ئێســتاکەش موزیک بەشــێکی گرنگــی نوێژو خودا پەرستــی ئەو ئاینانەیە.

ســیمبوڵی هەرە گرنگی لاوکــی کوردەواری کاوێس ئاغای هەرکیە، لە ساڵی ١٨٨٩ لە ژێر بناری چیای چوارچل لە دایکبووەو، لە ســاڵی ١٩٣٦ لە شەقلاوە کۆچی دوایی کردووە. جگە لە کاوێس ئاغا مێژووی لاوکبێژی، مرۆڤی مەزنی دیکەی، وەک: شاکرۆ، خەربەتی حاجۆ، حەمەد ئاغــای مەندۆ، عەلی ژەنــگاری، وەکو ئافرەت گولێــو مەنجە ژەنــگاری، هەروەهــا کەڵەژنی لاوکبێژی بەناوبانــگ مەریەم خان و زۆری تر. بەخۆوە دەگرێت .

لەبــارەی نووســینەوەی نۆتــەی لاوک و نووسینەوەی موزیکی شێوازی ڕیتمی سەربەست، گرفتێکی گەورە هەیە، لەبەرئەوەی ئەو موزیکە بنامای دروســتبوونی لەســەر مەرجی یاسای سەربەست ئەنجام دەدرێت، چونکە لاوک یاخود هەر شــێوازێکی موزیکی سەربەست پەیوەستە بە کاتــی دەربڕینــی تایبەتــی دەنگبێژەکە، گەر هاتوو بەنۆتــە چوارچیوەی بۆ دابندرێێت و،هەوڵبدرێت بەو گوێرە نەخشــکراوە سازکرێ و بێتە ئەنجامــدان، بێگومان موزیکەکە تام و چێژی سروشتی خۆی لەدەست دەدات.

لە تەکنیکــی نۆتە نووســینی موزیکی ئەو شــێوازە دەربڕینانــە گرفتێکــی زۆر هەیە بۆ



پرکردنەوەی پێداویستیە کرنگەکان. لەبەرئەوەی نۆتە هەموو وردەکارییەکانی ئەو شێوە موزیکیە (کە زۆر گرنگن) ناتوانێت بیانهێنێتە بەرهەم، بە دەربڕینێکی تر نەخشی نۆتەسازی خۆی لەخۆیدا کامڵ نییە بە تایبەتی بۆ نووسینەوەی ئەم شێوە موزیکیە. وەک و چۆن بڵێین: بە نۆتە نووسینەوە تەنیا دەستنیشانی پەیکەری هێسکی موزیکەکە دەکرێت بەڵام ناتواندرێت روح وگیانی بنچینەکەی لە مرۆڤدا دەستنیشان بکات و ئەگەر بە نۆتەش نەنووسینەوە کێشەیەک نییە، لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیای سەردەم ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ بنیاتکردنی وردەکاری هەموو موزیکێک کە بە ڕاددەیەک مرۆڤ بە گوێ بیستن هەستی پێ بکات، دەتوتانێ هەزارەها جار بۆ مەبەستی شیکردنەوە و دووبارە سازکردنی و لاساییکردنەوەی دووبارەی بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە نۆتە نووسینەوە بۆ کاری شیکاری تیۆری سوودمەندە، لێرە نموونەی لاوکی (گەنج خەلیل)ی کاوێس ئاغا بە مەبەستی چەند سەرنجێکی شیکاری بەکار دێنین، هەرچەندە ئەو نۆتە نووسینەوەیە دەتواندرێت بە شێوازی تریش بنووسرێتەوە. بەڵام لەو نووسینەوەدا هەوڵدراوە تەنیا شێوازی بنچینەیی نۆتە نووسینەوە بەکار بهێنرێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، دوور لە لێگاتۆو تریل و نەخشی تر. *

لە موزیکی لاوکی ڕەسەندا سکێڵی ناوبەینی یەکسان بەکار ناهێت بە دەربڕینێکی تر پلەی بەرزی نێوان نۆتەکانی سکێڵەکە وەک و پلە بەرزی و نزمی سکێڵەکانی ئەو سەردەمە نییە، زۆر موزیکژەن هەیە وا دەزانێ کە ئەوان هەڵەیان کردووە بەڵام نازانێ خۆی هەڵەیەو نازانێ کە ناوبەینی یەکسان لە دروستکردنی ئەوروپیانە و دەربڕینی موزیکی کوردەواری لەسەر بنچینەو بنەمای ناوبەینی نەیەکسان و جیاواز دامەزراوە. جگە لەمە، من هەمان لاوکم لەگەڵ زۆر دەنگبێژی تر تۆمارکردووە، بۆ نموونە لەگەڵ عارەب عوسمان (١٩٩٢)، زۆر بە وەستایانەو ڕێک و پێکی ئینتەرپرێتی هێناویتە سازدان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دێیتە نۆتە نووسینەوە لەزۆر جێگا نۆتەکان دەگۆڕێن و درێژی و کورتی واتە خایاندنی نۆتەکان دەگۆڕێن جگە لە جیاوازی چۆنیەتی تەکنیکی نەخش ونیگارو دینامیکیەکانی.

سەرنجێکی شیکاری، ئەگەر بەگوێرەی زانستی ئەکوستیکی موزیکی؛ لە موزیکدا لای ناوەند بە ڕێژەی ٤٤٠ هێرتز[٥] کۆک کرابێت، ڕێژەی بەکارهێنانی هێرتز لە موزیکدا لە نێوان ٥ ,٢٧- ٤١٨٦, ٠١ Hz، لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە نێوان ڕێژەی هێرتزی ٩٩ ,٩٩-١٩٥ ,٧٨٣، وەک و لە نۆتە نووسینەکدا دیارە، کە لاوکەکە لە دەنگی ڕێی بەرز بە ڕێژەی ٣٣ ,٥٨٧ Hz دەستپێدەکات، پلەی بەرزی دەنگی کاوێس ئاغا بەگوێرەی پێوانی هێرتزی بەرزدەبێتەوە تا ڕێژە هێرتزی ٨٨٠ لە هەندێ لاوکی تر بەرزتریش، ئەو ڕیژە بەرزیە لە لاوک هەیە بەتایبەتی لە لاوکی کاوێس ئاغا.

وەک شیکردنەوەیەکی قوتابخانەی موزیکۆلۆجی؛ نموونەی لاوکەکە لە دەنگی نۆتەی سێیەم دەستپێدەکات بۆ نۆتەی چوارەم بۆ پێنجەم ئەو شێوازە شێوازێکی نموونەیی لاوکە بەتایبەتی کارکردن لە نێوان میانە دەنگی سێیەم بۆ پێنجەم، لەدوا بەدوا وردە وردە گەڕانەوە بۆ نۆتەی دووەم تا نۆتەی یەکەم کە کە دێنسەیەک[٦] دروستدەکات. ئەو نموونەیە وەک و هەناسەی یەکەمی لاوکەکەیە. هەروەها وەک و لە نموونەکە دیارە نیشانەی ژمارەیی ڕیتمی لەسەرتادا نانووسرێت، خایاندنی نایەکسانی نۆتەکان مەرجێکی گرنگی موزیکی سەربەستە.

موزیکی ڕیتمی سەربەست لە موزیکی کوردەواری وەکو لاوک و حەیران و مەقام و قەتارو هۆرەو سیاچەمانەو بەیت و ...هتد بەڵگەنامەی ناسنامەیی گەلی کوردن، تاقانەیی و ڕەسەنایەتی خۆیان بۆ هەموو جیهان دەسەڵمێنن.

**(*) نموونەی نۆتە**



[١] ڕیتم: زراوەیەکی زانستی موزیکییە، کەسانێک هەنە کە بە هەڕەمەکی وشەی تر بەکار دەهێنن وەکو ڕەزم واتە لە بەزم و رەزمیان وەرگرتووە، ئەگەر وا بێت، دەبێت ئێمەی کورد ناوی موزیکیش بکەینە بەزم، کەسانی تر هەنە بە ساکاری لاسایی وشەی ئیقاعی عەرەبی دەکەنەوە. پەیڤی ریتم لە گریکی کۆنەوە هاتووە RythmÓs بە لاتینیەکەی Rhythmus ئینگلیز بە ڕیتم دەیپەیژن، بەڵام لە زۆربەی زۆری جیهاندا وەکو ریتم دەمزار دەکرێت.

[٢] بە زاروزمانی ئەدەبی و زانستی ئەو دوو زاراوە وەکو کرمانجی ژوورو و کرمانجی ژێری دەستنیشان دەکرێ و هەروەها زازاکی وەکو کرمانجکی، بەڵام لەو نووسراوە وشەی کرمانجی و سۆرانی و زازاکی، بەکاردێنین بۆ ئاسانکردنی بابەتەکەو تێگەیشتنی بە سووکتر.

[٣] بۆ ئاگاداری لێرە مەبەست لە حەیرانە بە کرمانجی، حەیران لە سۆرانیدا شێواوزو تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە.

[٤] لە پێش گۆنگرەی قاهرە کە لە ساڵی ١٩٣٢ ڕوویدا، زۆر ناو بەکار دەهاتن بۆ هەمان شێوە موزیکی وەکو؛ شەد، شدود، دور، ئەدوار، لحن، نەغمە، پەردە، بورج،، مەقام، ئاواز، نوبە/ نۆبە، دەستان، تەبع ...تاد وە هەروەها بەزۆریش ناوی مەقام بەکار دەهات، کە مەقام گۆڕینی پیتی وشەی دەستانی ئێرانی کۆنە کە بە هەمان فەلسەفە بەکار دەهات، لەو کۆنگریە بڕیار درا بۆ بەکارهێنانی تەنیا یەک ناو، ئەویش ناوی مەقام بوو.

[٥] هێرتچ یەکەی هێژمارکردنی دەنگە، کە بە ناوی زانای ئەلمانی هاینریخ هێرتچ ١٨٥٧-١٨٩٤ (Heinrich Hertz)، کورتکراوەکەی Hz.

[٦] کەدێنسە زاراوەیەکی موزیکیە کە وەکو فاریزە یاخود خال/نوقتە لە نووسیندا بەکاردێت.

# سێوەی هونەرمەند و ئەفراندن لە مەقامەکانیدا

**باکوری**

سێوەی مەقامبێژی ناسراوی شارەکەی کۆیە، پێش ئەوەی وەک (شەماشە) یەک لە کەنیسە هەڵبژێردرێ مەقام و گۆرانی زانیوەو گوتووە. وەنەبێ لە پڕ بووبێ بەو (سێوە)یەی کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم، چەند مەقامێکی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا بۆ تۆمارکراو بڵاو کرانەوە، کە یەکسەر چوونە دڵ و مێشکی گوێگرانی کوردەوە، کە جیاوازبووە لەو مەقامانەی تا ئەو کاتە گوێیان لێ بووە. مامۆستا (کەریم شارەزا)ش درکی بەوە کردووە و ئەوەتا لە کتێبەکەی بە ناوی (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند..) کە لە ساڵی ١٩٨٢دا چاپ و بڵاوکرایەوە، لە لاپەڕە (١٥)ی دا کاتێ باس لە مەقامەکانی پێشتر دەکات، دەڵێ: ((هەر چەند ئەو مەقامانەش دەچێتەوە سەر مەقامەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بۆ سەردەمی ئەمین ئاغای (ئەختەر)ی شاعیری هونەرمەند و (مەربێن)ی مامۆستای مەقامی کوردی، بەڵام ئەو ڕاستییە ئەوە ناگەیەنێ کە ئاوازی مەقام و گۆرانیەکانی (سێوە) کت و مت هەر هەمان مەقامی ئەو سەردەمەی پێشوو بووبن...." چونکە (سێوە) مەقامبێژێکی بەهرەدار بووە و توانای داهێنانی ئاوازی نوێ و تازە کردنەوەی ئاوازی فۆلکلۆر و سوود وەرگرتن لە مەقام و تەراتیلەکانی ئایینی و کەنیسەی هەبووە)).

جا،من لەو بۆ چوونەی سەرەوەدا، هەر لە پەنجاکانەوە وەک خەڵکانی تر، بۆ یەکەمینجار گوێم لەو مەقامانە بوو کە لە ئێزگە تۆماری کردبوون..هەستم کرد ئەم ئاوازانە (غەریب) نین لە گوێمدا!! ئینجا پاش ئەوەی چەند جارێ گوێم لێنان بوو، دواتریش لە مێشک و هزر و بیرکردنەوەم...ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەردە لەسەر سەرچاوەی هەندێ لەو مەقامە نوێیانەی سێوە، لە پێش چاوم لادراو هاتنی جەژنی گەورەی مەسیحیان، کە پێی دەڵێن: جەژنی هەڵسانەوە، (عید القیامه) نزیک بۆوە..ئەوە بوو بە سێوەم گووت بۆ ڕۆژی (جمعه الالام) واتە (هەینی ئازارو ئێش)، کە دەکەوێتە پێش ئەو جەژنە بە سێ ڕۆژ. هەمیشە ڕۆژی هەینی دەبێ. ئەوەش لە کەنیسەکانی مەسیحیانی جیهان، هەموو ساڵێک مەراسیمی تایبەت هەیە و نوێژو تەراتیلی جیا لە ڕۆژانی ئاسایی، دەگوترێت، بە سێوەم گووت: "من دێمە کەنیسە و کەمانجەکەشم دەهێنم، لەگەڵتان دەژەنم، چونکە گەیشتبوومە ئەم قەناعەت و بڕیارە، کە یەکێک لەو مەقامانەی (سێوە) دوایی ئاوازەکەی زۆر نزیکە لە یەکێک لە تەراتیلەکانی ئەو (هەینی)یە. ئاوازەکەی خەماوییە، چونکە ئەو (هەینی ئێش وئازارە) بە بۆنەی لە سێدارەدانی (عیسای مەسیح) لەلایەن جوولەکانی ئەوسای (فەلەستین) دانراون.

ڕاستیەکەش، وەک بیروبۆچوونی خۆم و شیکردنەوەی ئەو مەقامەی سێوە، ئەو ڕۆژە لە کەنیسەکەی کۆیە، بۆی هەڵساو زرینگاندی، کە ئاوازی تەراتیلەیەک بوو بەناوی (نقوم شەپیر) واتا (با هەڵسین و تەسبیحات و نوێژ پاڕانەوە بۆ خوای خالیق و پەروەردگار بەرز کەینەوە). کاتێ کە (سێوە) هەموو بۆشاییەکەی ناو کەنیسەکەی بەدەگ و چریکەی خۆی هەژاند ئەوە دەیەها ژن و پیاوی گەنج و پیر فرمێسکیان دەڕژاند....من بە کەمانجەکەمەوە، کە زۆر باشیش لە ژەنینی ڕانەهاتبووم و لە وشەکانی سروودەکەش زۆر چاک تێ نەدەگەیشتم، بەڵام ئاوازەکەو دەنگ و ئەدایەکەی سێوە....فرمێسکی لە چاوم دەڕژاندە سەر ڕووی کەمانجەکەم! ئینجا بۆم ڕوون بۆوە کە ئەوە یەکێکە لە کاری هونەری و داهێنانی ئەو پیاوە کە پێی دەڵێن: (ئەفراندن).

بەڵێ خوێنەران ...ئازیزان، سێوە ئەو ئاوازەی کردووتەوە هەوێن و بناغەی سەرەکی ئاوازی مەقامی (ئەرێ گورێ)ی، خۆی، کە یەکێکە لە خۆشترین ئەو پێنج یا شەش مەقامەی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٢ تۆماری کردووە.

موسیقاژەنی گەورە، مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی)، لەسەر داواکاری مامۆستا (کەریم شارەزا) شیکردنەوەیەکی ئەو مەقامەی (ئەرێ گورێ) و یەک دوو مەقامی تری سێوەی بۆ کردووەو وەک پاشکۆیەک مامۆستا کەریم شارەزا لە کتێبەکەیدا بڵاوی کردوونەتەوە. منیش لە چەند کۆڕ و دانیشتنی تایبەتدا و بە بەڵگەی بەکارهێنانی دەنگی سێوەو دەنگی تەرتیلەکە کە لەلایەن مەترانێکی لوبنانی بە ناوی (مار ئەفرام بری) کە لە ساڵانی پەنجاکان، لە قاهیرە تۆماری کردووە بۆ وەفدێکی کەنیسەکانی ئەوروپا کە سەردانی قاهیرە یان کردووەو داوایان لەو مەترانە کردووە چەند سروودو تەواشیح و تەراتیلی کەنیسەکانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ تۆمار بکات. جا من دوو کاسێتم دەست کەوتووە کە لە یەکێکیان ئەم تەراتیلەی (نفوم شەپیرە)ی تێدایە و بە دەنگێکی زۆر خۆش و پڕ هەستی مۆسیقایی و نەغمەی بەجۆش مەقامەکەی تۆمار کردووەو من لە دوو سێ شوێن، کە بۆنەی یادی ساڵ ڕۆژی سێوە دەکرێتەوە، ئەم کارەم بۆ زانیاریەکی هونەری و وەک سەرچاوەیەک بۆ دوا ڕۆژ پێشکەشی دانیشتووان کردووە.

لێرەوە دەمەوێ بڵێم: ئەی هونەرمەندان بەگشتی و مەقامبێژو لاوکبێژو حەیرانبێژو گۆرانیبێژان بەتایبەتی ئەگەر بتانەوێ لە هونەرەکەتاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن و خەڵک بەزەوقەوە گوێتان لێبگرێ و ناوتان و کەسایەتیتان باش بناسرێ ئەبێ کاری لەم جۆرە ئەنجام بدەن! مەقام گوتن هەر ئەوەنییە بڵێی من مەقام ڕست باش دەزانم – یان مەقامی بەیات باش ئەدا دەکەم! ئەوە باشە، بەڵام باشتر وایە ئەو مەقام ڕستە

یان بەیاتەی کەدەڵێی جوانی ئەدا بکەی شتێکی وابکەی ئەفراندنێک لە ئەدایەکەت سەرهەڵبدات و گۆڕانکاریەک لەمەقامەکانتــدا ڕوو بدات، کە کت و مت وەک ئــەو مەقامە عەرەبیە عێراقیانە نەبێ کەدەیها ساڵە گوێمان لێان پڕبووە ! تۆهەنگاوێکی وابنێــوە مەقامەکانت بــەرەو ڕوحیەت و چێژی مۆسیقاو ئاوازی ڕەسەنی کوردیدا بشکێنەوە . پێم وایــە مەقامبێژی باش، لەو گۆڕانکاریانە گەر بێت و خــۆی ماندوو بکات و کەمێک زانیاری لەپەیژەو داڕشــتنی مەقــام و لاوک و.. هەبــێ ئەوە زۆر ئاستەنگی نایەتە پێش.

لێرەشــەوە سوپاســی (کاک ســیروان )قوتابی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێر دەکەم کەداوام لێی کرد بەگوێرەی دیراســات و شــیکردنەوەی خۆی، ئــەو دوو مەقامانە ..مەقامەکەی سـێوە (ئەرێ گــورێ) و تەراتیلەکەی (مار ئەفرام بری ) بەنۆتە بۆمان بنووســێ و باســی پەیژەکانیان بکات....لەئەنجامــدا ئەو زانیاریانــەی بۆناردم، لێــرەدا پێشکەشــی هــەواداران و مەقامبێژان و هەمــوو هەنەرمەندانی بواری (مۆســیقا) دەکەم بۆ ســوود لێوەرگرتنیان لەگەڵ شیکردنەوەکەی مامۆستا ئەنوەرقەرەداغی.

تەرتیلــەی (قوم شــەپیر) واتا با هەڵســین و تەسبیحات و نوێژ بکەین بەبۆنەی لە سێدارەدانی مەسیح.

ئەو تەرتیلە بە دەنگــی مەترانی کلدانی لوبنانی (مــار افرام بری)یە لە ســاڵی ١٩٥٧ لە قاهیرە تۆمار کراوە.

ئــەو تەراتیلەش کە بەنۆتە شــیکار کراوە ناوی تەراتیلەی (قوم شــەپیرە)کە لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی خەم و یا هەینی ئازار) = الجمعە العظیمة یان (جمعــە الآلام) لە کەنیســەکان دەگوترێ، گوزارشــت لە خــەم و پەژارەی لەســێدارەدانی حەزرەتی مەسیحە لەلایەن جوولەکەکانەوە....کە سێ ڕۆژ پێش جەژنی گەورە (جەژنی هەڵسانەوەی مەسیح)= عید القیامە دەبێ.

## شیکارکردنی مەقامی ئەرێ گولێ

**مەقامی ئەرێ گولێ :**



ئەم مەقامە حجازی ( می ) پێک دێ :
مەقامە لە چواریلەی حجاز ( می ) پێک دێ :
ئەم مەقامە لە چواریلەی کورد ( سی ) پێک دێ :





دەنگەواری ئەم قەمامە لە شەش دەنگ پێک دێ :
مەقامی تەرتیل :
دەنگەواری ئەم مەقامە لە حەوت دەنگ پێک دێ :





# مریەم خان و
# لەرینەوەی دەنگە بەهێزەکەی

ن:عادل هاشمی
و. زاهیر محەمەد کۆیی

**کەمتر موزیکژان و نووسەرانی بیانی، لەمەڕ سترانبێژانی کوردو ئاوازی کوردی نووسین و بەدواداچوونیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە جاران و بەر لە ڕاپەرین لەلایەن نووسەران و موزیکژانە بیانییەکانەوە نووسراوە، بەداخەوە زۆربەی ئەو نووسەرو توێژەرانەی، کە کوردستان و کوردیان بەسەر دابەشکراوە، کەمتر ئاماژەیان بە لایەنە باشەکانی هونەرمەندان و هونەری کوردی کردووە، هەمیشە هەوڵیانداوە، لایەنە خراپەکانی زەق بکەنەوە.**

**بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراقی تازەو لە باشوری کوردستان بە تایبەتی خەریکە ئەو هاوکێشەیە گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بۆیەش لێرەو لەوێ ئاماژەی دروست هەستی پێ دەکرێت، سەبارەت بە هونەری موزیک و دەنگبێژی کورد بە گشتی ... ئەم بابەتەی کە مامۆستای هونەرمەند ((زاهیر محمد ))وەری گێڕاوە، لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگری ناوداری عێراق (عادل الهاشمی) نووسراوە. ناوبراو یەکێکە لە ناوە دیارو بەرچاوەکانی ڕەخنەی هونەری لەسەر ئاستی عێراق وڵاتانی عەرەبی ..بەباشمان زانی، وەک: گۆڤاری (پەیڤە) ئەو نووسینە وەر بگێڕینە سەر زمانی کوردی و بیخەینە بەر دەمی خوێنەرانی کورد، تاکو دیدو تێڕوانینی کەسانی بیانیش لەو بارەیەوە بخەینە ڕوو.**

مریەم خان گۆرانیبێژێکی کۆنی کوردە، ئەو ساڵانەی، کە لەناو هونەری گۆرانی گوتنا بەدەر کەوت، توانی ببێتە پێشەنگی گۆرانیبێژانی ئافرەت، بەتایبەتی لەبواری گۆرانی گوتنی سەنگین (قورس- الثقیل ). پێویستە لەرووی هونەریەوە هەندێک لەسەر ئەم وشەیە بووەستین.. .

گرنگترین جیاوازی نێوان گۆرانی سوکەڵە و گۆرانی سەنگین لە شێوەی بیستنی ئاوازەکەیە، چونکە گۆرانی سەنگین پابەند نییە بە ئاوازێکی تایبەتییەوە، یا ریتمێکی تایبەت یاخود شێوەی هۆنراوەکە، وەکو: گۆرانی سوکەڵە، کە جەخت دەکاتە سەر جۆرێک مەقام و تەنها ڕیتمێک. تاکو ئاستەنگیەک لە گوێگرتن لەو جۆرە گۆرانیانە نەیەتە رێ...بەڵام گۆرانی سەنگین پابەندە بە جولانەوەی دەنگەکان و گۆڕانەکانی لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی کۆتایی.

مریەم خان ئەو گۆرانیبێژە بوو ئەوانەی بەرجەستە دەکرد کە هەموو دەنگ و قورگێک ئەوەی پێ ناکرێت.

پەیدابوونی قەوان و سندوقی لێدان..(گرامە فۆن) کاریگەریەکی زۆری بۆ گەشەی گۆرانی و مۆسیقای نوێ هەبوو....هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد و زۆر بە پەرۆشەوە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی گۆرانی و مۆسیقا و گوتن گوێیان لە قەوانەکان دەگرت....هەروەها ئەو قەوانانەی تەنها مۆسیقایان لەسەر تۆمار کرابوو بەبێ گۆرانی لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر بڵاو ببۆوە... زۆربەیان مۆرکی میسریان پێوە دیاربوو.. چونکە لەو سەردەمانەدا جولانەوەیەکی بەهێزی مۆسیقا لە وڵاتی میسر پەیدا بوو، لەسەر قەوان تۆماریان دەکرد.. جگە لە گۆرانیش.. لەگەڵ ئەوەش زۆربەی پارچە مۆسیقایەکان تورکی بوون، بەڵام بە شێوازو مۆرکی میسریان لێدەدا. ئەو جولانەوەیەش کاریگەری زۆرلەسەر مۆسیقای عێراقی بە گشتی هەبوو.

بەم شێوەیە ڕێگا بە زۆربەی سەماعیەکانی گاگێۆسەفەندی و عوسمان بەگ و عاسم بەگ تۆمار دەکران. دوای ئەوەش پارچە مۆسیقای میسری زۆر پەیدا بوون، کە هونەرمەندی بەناوبانگ (سامی شەوا) کاریگەری زۆری بۆ بڵاوکردنەوەیان هەبوو. زۆر گۆرانی بۆ هونەرمەندان (سەلامە حیجازی، سەید دەرویش، داود حوسنی و منیرە هدیە و ساڵح عەبدلحەی و زەکی موراد و زەکریا ئەحمەد .....هتد) تۆمارو بڵاو کردەوە، کە ئەمەش وەک قوتابخانەیەک لەلایەن خۆشەویستانی گۆرانی و مۆسیقا سەیر دەکرا.

مریەم خانیش لەو سۆنگەو ژینگەیە وەدەرکەوت لە بیستەکانی سەدەی رابردوو تاکو پەنجاکان.......

گۆرانی کوردی لەوکاتانەدا کە لە عێراق بەباشی دەبیستران گرینگی بە ئێزگەکانی تورکیا و میسر دەدا. دوای ئەوەش هەندێ فیلمی سینەمایی عەرەبی و میسری پەیدابوون. حەزو ئارەزوو بۆ بینینی ئەو فیلمانە بەهێز بوو. دەبێ ئەوەش بزانین ئەو فیلمانە شێوە مۆرکێکی گۆرانی و مۆسیقایان پێوە دیاربوو.. عیراقیەکانیش بەگشتی شەیدای ئەو جۆرە گوتنانە بوون، لەبەرئەوەش کە ئاسان و سوکەڵە بوون.....

ئەو گۆرانی و فیلمانە گەیشتنە دیدو گوێچکەی کوردەکانیش و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان نیشان دەدران، وەک: گۆرانیەکانی (محەمەد عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و فەرید ئەترەش و فەتحیە ئەحمەدو عەبدولغەنی

سەیدو ئەسـەمەهان و لەیلا مورادو رجا عەبدو نورلهودا و کازم مەحمود...)گەنجانی کوردیش گوێگری ئەو جۆرە گۆرانیانە بوون و کاریگەری بەسـەریانەوە هەبوو لەرووی شێوەی دارشتنی گۆرانیەکان و ئەدا کردنیان...بەتایبەتی کاتێک هەندێ لە گۆرانیبێژانـی عەرەب هاتنە بەغداو عێراق دەستیان بە ئاهەنگ گێران کرد، ئەوانە کاریگەریان بەگشتی لەسەر عێراقیەکان هەبوو، لەو گۆرانیبێژانەش: (نەرجس شەوقی، زەکیە جۆرج، نەهاوەند....هتد).

هەروەهـا هەنـدێ تیپی ڕۆژئـاوای بچووک پەیدابوون، کە هەندێ سـەماکارو وەرزشوانی جومبازیـان بۆ ئاهەنگ گێـران لەگەڵ دابوو.. وەک: (باندی کیت کات، مۆلان، ڕۆج...).

مریەم خـان لـەم ژینگەیە لەنـاو گۆرانی کوردیدا بـەرز بۆوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی ئـەو شـەپۆڵە نوێیـەی، کە زاڵبوو بەسـەر گۆرانی عێراقیدا بڕوات...توانی مامۆسـتایان و هونەرمەندانی کورد لەخۆی کۆبکاتەوە و ڕێگە و شێوەی گۆرانی گوتنیان لێوە فێربێت.. .

هەنـدێ مەقامی کـوردی هـەن ناتوانرێ بە شـێوەو مۆرکی عەرەبـی بگوترێن...بەڵام مەقامی عێراقی دەتواندرێ لەلای کوردەکانەوە بگوترێن، ئەو مەقامە کوردیانە پارێزگاریان لە مۆرک وشـێوەی خۆیان کـرد، وەک: مەقامی ئەڵلاوەیسی و خاوکەرو خورشیدی و ئای ئای و هیجران و حەیران و لاوک. ئەو مەقامانە هەندێ دەنگە کوردیەکان ئەدایـان ئەکردو ئەیانچڕی وەکو: (عەلی مەردان و ئەحمەد ناسـرو خدر بارام...) جـا دەنگی مریەم خانیش ئەبوو لەو بنەماو ڕێچکەوە هەنگاو هەڵێنێ و بە گوێچکەی کوردو عەرەب ئاشنا بێت.. پێویست بوو لەسەر مریەم خان ئەو شـێوە نوێیە لە گۆرانی گوتنا بەرجەسـتە بکاو شـارەزایی لێ هەبێت و ئەو دەنگـە کوردیـە بێت گۆرانیـە کوردیەکان لە دەورووپشـتی خۆی کۆ بکاتـەوە و جۆش و خرۆشی پێ ببەخشێ.

ئەگەرچـی مەقامی عێراقی هەندێ کۆسـپ و کێشـەی لەلایەن مریەم خـان نایەوە..بەڵام لەدوای ئەو توانی بەهۆی هەوڵی مامۆستاکانی لـە گۆرانی کوردیدا ئەو خاڵە بەشـدار بووەی یەکتر بەسـتنەوە لەنێوان گۆرانـی کوردی و عێراقیدا بەرجەستە بکات و سەرکەوتووانە بێتە ناو جەماوەری کوردیەوە.

کاتـی ئێزگـەی عێراقی لە بەغـدا کرایەوە و دواتـر ئێزگـەی کوردیـش کرایـەوە ئەوە پەیوەندی نێوان مەقامبێژانی کوردو عەرەب و هونەرمەندانی نوێخواز بەهێز بوو.

مریـەم خانیـش لەهـەردوولا بەشـدارو سـوودمەند بوو، کاریگەری مەقام و هەروەها گوتنـی نـوێ لەگیانی چەکـرەی دا....هەر بەو هۆیـەوە ئامێری مۆسـیقای نوێش هاتنە ناو گۆرانـی کوردیەوە، هونـەری کوردی لەو جولانـەوە هونەریە و مەقاماتانە سـوودمەند بوو...ئەوەش ڕێرەوی هونەرمەند مریەم خانی ئاسـان کرد و بووە هۆی دەرکەوتنی لەنێوان گۆرانـی نوێ و کاریگەری باشـی هەبوو لەناو مۆسیقییەکانی کوردی ئەو سەردەمە، کە ئەدای گۆرانییەکانیان بە قورگێکـی زیاتر کوردانەی نوێ دەکرد. گوێگری کورد بەباشـی هەسـتی بە جیاوازی دەکرد چونکە شێوە گوتنی مریەم خان مریەم هەورازو بەرزو نزمی تێدابوو. هەندێ لە ئاوازو دانەرە کـوردەکان توانیان لەڕێگەی دەنگی مریەم خانەوە سـوود لە هەندێ شێوەو دارشتنی ئاوازی سـوری و میسری ببینن. بە تایبەتیش مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتـی نیوە دەنگ و چارەگـە دەنگی تێدایە کـە ڕەنگاوڕەنگ و دەوڵەمەندێکـی زۆر دەبەخشـێتە گۆرانـی و مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی.

کێشـەکان و ریتمی کوردیش زۆرن، وەکو: مۆسیقای عێراقی و میسری و ....هیتر لەوانە ( ٢/٤ . ٣/٤ . ٤/٤/. ٥/٤ .....هتـد)، هەروەهـا کێشە قورسەکانیش .هەموو کێشەکانیش لەسەر بنچینەی سـێ جۆر پێک دێت، ئەویش: (دم. تک.اس)ە، ئەوەی هونەرمەند و هونەردۆسـت بێت مانای ئەو ڕیتمانە دەزانێت....... .

گوتنی مریەم خـان پابەندبوو بەو گیانەی، کە لـە مۆسـیقای کوردیدا لـەرووی کێش و هەڵسـان و ریتمی گۆرانیدا هەیە...شـێوەی قورگی مریەم خان بە ڕوونی لەنێوان قۆناغێک و قۆناغێکـی تـری گۆرانـی کوردیـدا دیارو ئاشـکرابوو، بەتایبەتی کاتێک گۆرانی کوردی لەسـەر دەمانێکـدا هەڵبـەزو دابەزینی پێوە دیاربوو، بەڵام بەهۆی هەوڵ و کۆششی هەندێ لە هونەرمەندانی کورد توانی ببوژێتەوەو پشت ئەسـتور بێت بەهونەری فۆلکلۆری کوردی....

مریەم خانیش توانی بەسەر ئەو هەموو شێوەو نـوێ بوونەوەیەدا سـەرکەوێ و دەرکەوێ... بەتایبەتیش کە ڕووبـەری دەنگی مریەم خان پان و بەرینە و دوو ئەوەندەی ڕووبەری ئاسایی دەبێت... تایبەتمەندیەکی هەیە، کە ژێیەکانی قورگی زۆر توندو بەهێزن. ئەوانەش بە ڕاهێنان نەبێت پێ ناگەن و سـاغ نابنەوە. مریەم خان کاتێک دەنگی خۆی هەڵبڕی لە گوتنی سەنگین و شـێوە گوتنێکـی جیـا لـە دەنگەکانی تر سەرکەوتوو تربوو.

لە دەنگی بەرزەوە ئەیتوانی بە ئاسـانی بۆ دەنگی گڕ بێتە خـوارەوە، دەنگی مریەم خان زۆر لە دەنگـی گۆرانیبێژی میسـری (منیرە مەهدیە) نزیک بوو.

مریەم خان هەموو جۆرو شێوەکانی لە گۆرانیدا بە سەرکەوتوویی گوتووە، لەسەر ئەوەشەوە لەو کاتانەدا هونەری کوردی بە قۆناغێکی ئاستەنگ و شـێواوو ناخۆشـدا تێدەپەڕێ. بەڵام مریەم خـان توانی هێزو گوڕوتینێک بـدا بە گۆرانی کوردی هەتا دوای پیربوونیشـی....لەبەرئەوە گەلی کـوردو هونەرمەندانی کورد نابێ چاکەو ڕێزو پایەی ئەو گۆرانیبێژە گەورە لەیاد بکەن، کە چەند چاکـەو بەرهەمی بۆ هونەری کوردی هەبووە.

**سەرچاوە:**

اصوات و الحان کوردیه.عادل الهاشمي.
راجعه وقدم له: احمد جزراوي.

# تەوەرێک و بیروڕای چوار موزیکژەن

ئا. بنکەی مەقام

لەپێناو ســاز کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گفتوگۆیەکی زانستیانە سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بە هونەری مەقام و شــێوازەکانی وتن و ..... هتد بە باشــمان زانی لە ڕێگەی ورووژاندنی ســێ بابەتــەوە هەریەك لە هونەرمەندان مامۆستایانی موزیکژەن (خالید سەرکار، نیاز نوری، ئامانج غازی، جەمیل سنجاوی) بێنینە ئاخافتن.

ئێمە بەم شێوەی خوارەوە پرسیارەکانمان ختسۆتە ڕوو:-

یەکەم: ئایا تاکو ئێستا سەرچاوەو میتۆدێکی زانستی باوەڕ پێکراومان هەیە، تاکو لە گشــت ئەو بوارانەی کە پێویستە لە پەیمانگایەکی وەك (معهد دراســات نەغمیەکەی بەغدا) بخوێندرێت؟

دووەم: مامۆســتای هونەرمەند سەلاح ڕەئووف (لە لاپەرە (١٠) ی (پۆلێنکردنــی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت. دەڵێت: (بــەرای من خورشــیدی و خاوکەرو ئەڵلاوەیسیش فۆرمن نەك مەقام ...) بەڕێزتان خوێندنەوەتان بۆ ئەو چوونەی مامۆستا سەلاح چییە؟

سێیەم: مامۆستا عەبدوڵلا جەمال سەگرمە لە (لاپەرەیەك لە بنەماکانی موزیکی کوردی) بەرگی یەکەم، ژمارە (١)ی زنجیرە کتێبی ئینستوتی کەلەپوری کورد، ساڵی ٢٠٠٣.

پێشــنیاری بەکارهێنانی هەندێــك زاراوەو ناوی کوردی وەك:-

(بەختیار، کورد، گولنار، یادگار، دلدارن گولزار، گولگول، ڕاست) دەکات بۆ ئەو چواریلانەی کە لە دەرەنجامی توێژینەوە پێی گەیشتووە.

**تێبینــی و بۆچوونەکانــی مامۆســتای هونەرمەند خالید سەرکار:**

ســەبارەت بــە وەڵامی پرســیاری یەکەم دارشــتنی پرســیارەکە دوو لقی لێ دەبێتە ســەرچاوە (مصــدر) میتۆدی زانســتیەوە نموونەی (معهدی دراســاتی نغمــی بغداد) هێنراوەتەوە، ئاشــکرایە ئەزمونی ئەم معهدە زۆر زیاتــرە لە پەیمانگاکانی کوردســتان ج لــە ڕووی مامۆســتاو پســپۆڕان و تەمەن و ســەرچاوەو ....هتد ئەمە جگە لەوەی بوونی لەناو پایتەختی وڵاتــدا ئیمکانیەتی هونەری و ئیداری زۆر باشــیان بۆ ڕەخســاندووە کە بــەراورد ناکرێــت لەگەڵ کــەم دەرامەتی و توانای هونەری پەیمانگاکانی کوردستان.

سەبارەت بە سەرچاوە وای بۆ ئەچم نەبۆتە کێشــە و گرفت ئەمڕۆ لــە دونیا ج بە زمانی عەرەبــی یا ئینگلیزی و یــا بە زمانەکانی تر چەندین کتێب و نوسراو لەبەردەم مامۆستای پەیمانگا هەیە، یا ســوود وەرگرتن لە تۆری ئینتەرنێت یا پەیوەندی فەرمی و تاکە کەسی لەگەڵ دونیای ئەمــڕۆدا ئەتوانرێ هەر جۆرە ســکۆر یا دانراوە (تالیف) بە تۆت دەســت بکەوێت.

لە ڕووی نەبوون یا بوونی میتۆدی زانستی لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی کوردستان بە تایبەت موزیک ... ئێمەش دەڵێن ڕاســتە تا ئێســتا پرۆگرامێک، یا میتۆدێکی هونەری بە فەرمی کە پەســەند کرابێت لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، کە پسپۆڕان کاریان بۆ کردبێت پەیرەو ناکرێت .....

وەک ئاگاداریــن هــەر پەیمانگایــەک بە هــەوڵ و ماندوو بوونی مامۆســتای خۆی و ســوود وەرگرتن لــە ئەزموونــی پەیمانگای بغداد و موســل و .... هتد بەرجەستە کراوە خوێندکارەکانیان لەسەر پەروەردە دەکرێت.

بۆ ئەنجامدانی میتۆدی زانســتی هونەری هەمــوو ئامێــرەکان و، پەســەند بکرێت بە فەرمــی لە وەزارەتی پەروەردە و ســەرجەم پەیمانــگاکان لە کوردســتان یەک مەنهەج و

یەک پرۆگرام و یەک میتۆد پەیڕەو بکرێت.

سەبارەت بە پێشنیازەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوەو کاری لەسەر کردووە ..... بەکارهێنانی زاراوەی کوردی بۆ چواریلەکان (تتراکۆرد) و وازهێنان لەو زاراوە عەرەبی وفارسی و تورکیانە کە تا ئێستا لە مۆسیقای رۆژهەڵاتی بە گشتی و مۆسیقای کوردی تایبەتی بەکاردێت. مامۆستا نەک تەنها پێشنیاز دەکات بەڵکو جەخت دەکات لەسەر ئەنجامدانیان و کارپێکردنیان لە پەیمانگا کوردیەکاندا.

ڕای منیش وەک ڕای مامۆستا عەبدوڵڵا وایە و یەک دەگرێتەوە لە فێرکردن و پەروەردە کردنی خوێندکاران لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کوردستان بە زاراوەی کوردی.... ڕاسترو دروستترە کە ئێمەش زاراوەی خۆمان بەکاربهێنن لە پاڵ ئەو زاراوە بەربڵاوانەدا کە لە مۆسیقای کلاسیکی رۆژهەڵاتیدا بەکاردێن کە زۆرینەیان مانایان زۆر نامۆیە بە خوێندکاری کوردی. بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە هەروا ئاسان نییە بە پێشنیاز یا بە چەند رایەک جێگیر ببێت بەڵکو باشترە کە ڕای گشتی هونەرمەندانی مۆزیسیانی لەسەر بێت بەتایبەت ئەوانەی لە بواری لێکۆڵینەوەو دانانی پرۆگرام و تیۆری موزیک کار دەکەن لە شێوەی بەستنی کۆنفرانس بە ئامادە بوونی نوێنەرانی گشت پەیمانگاکان و شارەزاو پسپۆڕان بە چڕوو پڕی باس لەو خاڵە گرنگە بکرێت ... کێ دەڵێت پێشنیازی شیاوو جیاوازتر و گونجاوتر دەرناکەوێت؟

دەرئەنجامی ئەو کۆنفرانسە ببێتە بڕیاروو رای گشتی لەسەر بێت ئەوسا لە پەیمانگا کوردیەکان بە فەرمی بخوێندرێت. دیارە ئەم هەوڵە گەر ئەنجام بدرێت لای ئێمە کارێکی باشە هەرچەندە لە وڵاتانی دراوسێمان و نەتەوەکانی تر زۆر دەمێکە کاری بۆ کراوەو خوێندکارەکانیان دەیخوێنن و لە پرۆگرامەکانیاندا جێگیر بووە، هەندێ لەو زاراوانە گشت گیر بووەو لە زۆرینەی نەتەوە رۆژهەڵاتیەکاندا لای موزیسیانەکان ئاشنا بووە وە بووەتە بەشێک لە سامانی ئەدەبی و هونەری هەمووان لە مۆسیقای کلاسیکی رۆژهەڵاتیدا . کوردیش وەک میللەتانی رۆژهەڵات خاوەنی پەیژە یان مەقامی خۆیەتی چەندین مەقامی هەیە لە ناوچەو دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان کە کورد لەگەڵ چەندین نەتەوەی تر لە رۆژهەڵات بە زاراوەی مەقام کاری پێدەکرێت و لەلای هەندێ نەتەوەی تر بە ناوی تر هاتووە، بەهەر حاڵ داندراوێکی (تالیف) بێ ریتەمە بە تێکستی تایبەت بەخۆی ئەدا دەکرێت کەواتە لەم رووەوە منیش لەگەڵ رای مامۆستا سەلاح دا کە فۆرمە یا قالبێکی تایبەتە دەتواندرێ لە پەیمانگای نەغەمی بخوێندرێت، بەڵام لە روێکی ترەوە مەقامە وەکو ئەو چەندین مەقامەی لە مۆسیقای کلاسیکی رۆژهەڵاتیدا هەن.

موزیکژەن نیاز نوری:

تا ئێستا بە شەرمەوە هەندێک هەوڵ هەیە بۆ دارشتن و پێناسەکردنی مەقام و فۆرمە کوردیەکان بە نەبوونی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی کوردی تا پێش ئەو قۆناغە بەردەوام کەلتوری مۆزیکیمان لە بەردەم بێگانەدا بووە بۆ تاڵانکردنی شێواندن و هەوڵی سڕینەوە کە ئەمە مەترسیەکی نەتەوەیی هەیە بۆ کورد وەک نەتەوە بەڵام خۆڕاگری ئەم کەلتورەو پارێزەرانی ئەو ئاسۆیەی بە روونی هێشتۆتەوە کە زەروریەتی بنیاتنانەوەی ئەم کەلتورە شتێکی حەتمیەو دەبێت بکرێت بەڵام کێ بیکات و چۆن؟

ئایا چاوەڕوانی کێ بین ئەو کارەمان بۆ بکات؟ دوژمنە دەرەکیەکان یان شێویندەرە ناوخۆییەکان؟

بە سوود وەرگرتن بە تاقیکردنەوەی وڵاتانی رۆژهەڵات دەبێت ئەو کارە لە ئەولەویاتی خۆمان بێت هەموو میللەتانی دونیا خۆیان فۆلکلۆری کلتوری موزیکی خۆیان کۆکردۆتەوە بە شێوەیەکی زانستی لە فۆرم و نیانەی جیاجیادا و کردوونیان بە بنچینەی کاری موزیکی میللەتانیان. کەواتە ئێمەش دەبێت وا دەست پێ بکەین. تا گەیشتن بە شێوازی کۆتایی ئەم کارە ڕەنگە گفتوگۆی توندو ڕاو لێکدانەوەی جیاواز هەبێت کە دەبێت قبوڵی بکەین ئەگەر بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەبەرچاو بێت گرنگ نییە ئەم کارە یەک کەس دەیکات یان زیاتر سوود لە هەوڵی هونەرمەندێک وەرگرین و چاکی بکەین یان گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەمانگەیەنێتە ئەنجامی تازە. گرنگ ئەوەیە ئەم کارە بکرێت لەم حاڵەتەدا دەبێت هەستی نەتەوەیی بزوێنەر بێت لای هونەرمەندو نەک ئاراستەو چاوەڕێی دەستی دەزگاکانی حکومەت بە تایبەتی کە ئێستا لە باشووری کوردستان حکومەتێکی هەرێم هەیە دەتوانێت ببێتە ڕێ خۆشکەر بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە.

کەی ئەم هەوڵە درا دەتوانین (معهد الدراسات النغمیە) بکەینەوە بەم ناوە یان هەر ناوێکی تر بێت لەلایەکی تریشەوە کردنەوەی ئەم پەیمانگایە وەک هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ دەستپێکردنی ئەو کارە بەڵام بە مزاج نا بەڵکو بە شێوەیەکی دراسی تەندروست.

-١ مامۆستای هونەرمەند سەلاح رەئوف هەندێ ڕای خۆی لەسەر (خورشیدی،خاوکەر،ئەللاوەیسی) دا کە ئایا مەقامن یان فۆرمن بە ڕای من ڕێز گرتن لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو مامۆستایە کارێکی باشترە وەک ئەوەی ئێستا گفتوگۆ لە ئەرینی و نەرینی ڕاکەی بکەین و وەک لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەم پێدا ڕایی جیاواز دەمانگەیەنێتە ئەنجامی نوێ ئەگەر بمەوێت ڕای خۆم بدەم دەبێت شیکاری ئەو مەقامانە بکەم دوای بەراورد لەگەل شیکارو هۆی ڕاکەی مامۆستا سەلاح ئینجا روون دەبێتەوە بۆ خوێنەرو موزیسیانی کورد هەردوو راکە چۆنە و کامیان دروست ترە.

-٢ پێشنیار کردنی بەکارهێنانی زاراوەو ناوی کوردی بۆ چواریلە کارێکی تەندروستەو بە دڵمە کە مامۆستا (ع.ج.سەگرمە) لە کتێبی (لاپەرەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی)دا کردوویەتی و دەبێت ئەو دەستەواژانە بۆ فۆرم و مەقامەکانیش بکرێت دوای شیکردنەوەی ناوەکان و سەرچاوەکانی هاتنی ئەو ناوانە بەتایبەتی کە هەندێ لە ناوەکان خۆیان لە بنەڕەتدا کوردین وە (سەفەر-کورد-بەیات-خورشیدی-خاوکەر-ئای ئای-نیوەشەو—هتد) بەبێ گوێدانە ناونانی عەرەبیەکان یان تورکەکان یان فارسیەکان کە زۆر ناوی ئێمەیان بەکارهێناوەتەوە لە

سەرچاوەکان خۆیاندا.

لە هەمووی گرنگ تر بەلای منەوە ئەوەیە کە کۆتایی ئەم ئەنجامانە دەبێت کۆ دەنگی هونەرمەندانی لەسەر بێت و پاش پەسەند کردنی ببێتە بابەتی خوێندن و نوسین و گفت و گۆی کراوە و هەموومان پابەندی بین بۆ ئەوەی بتوانین بنچینەیەکی بەهێزی بۆ دروست بکەین. ئەم کارە بە ڕۆژو دوو ڕۆژ دروست نابێت مەحاڵیشە بتوانین هەموو مەقام و فۆرمەکان بکەین بەلام بۆ هەموو کارێک سەرەتا هەیە (گەشتی هەزارمیل بە یەک هەنگاو دەست پێ دەکات).

میوزیکژەن (جەمیل سنجاوی) بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤەی ئەم پرسانەی کردووە:-

نەخێر نیمانەو کارێکی بۆ نەکراوە ئەو کارە هەوڵو ماندووبوونی پسپۆڕانی گەرەکە دەکرێ بڵێن تاک و تەرە هەندێک سەرچاوەمان هەیە. بەڵام لە ڕووی زانستیەوە هێشتا یەک لا نەکراوەتەوەو ناکرێ وەک میلۆدیەک بخوێندرێ وەک ئەوەی (له معهد دراسات النغمیه) کەی بەغدا دەخوێندرێت دیارە چەندین جار دووبارە کردنەوەی ئەو بابەتە بۆ ئەوەیە ئیشی لەسەر بکرێ ناکرێ چی تر دەستە وەستان بووەستین لە چاوەڕوانی بین کردنەوەی پرۆژەی پەیمانگایەکی لەو شێوەی بەغدا بۆ خێرخوازانی کورد زۆر پێویستە لەلایەک ئاشنا کردنی نەوەی نوێیە بە کەلتوری نەتەوەییمان لە ڕابردوودا لەلایەکی تریش دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ و کاریگەر بۆ پاراستن و پێشچوونی سەرجەم بابەتە هونەری و فۆلکلۆری و میللییەکانمان لە کوردستاندا بۆیە بەداخەوە دەڵێم نۆزدە ساڵە باشوری کوردستان ئازاد کراوە کەچی هیچ هەنگاوێکمان بەچاوو نەکەوت بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەیەکی لەمجۆرە بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕێی هەنگاوی دڵسۆزان و خەم خۆرانی ئەم بوارەین.

هونەرمەندی بەتوانا مامۆستا سەلاح ڕەئوف جگە لەوەی موزیکژەنێکی دیارو لێهاتووە توانیویەتی لە بواری چاپکردنی کتێبی موزیکیش جێ پەنجەی دیاربێت و کتێخانەی کوردی تا ڕادەیەک لەو هەژاریە دەرباز بکات سەبارەت بە بۆچوونەکەی مامۆستا سەلاح کە دەڵێت (خورشیدی-خاوکەر-ئەڵڵاوەیسی فۆرمن نەک مەقام) من پێم وایە مامۆستا لەخۆوە ئەو بۆچوونەی دەرنەبڕیوە دیارە دوای هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوەی خۆی گەیشتۆتە ئەو ئاکامەو دەیەوێ ئەو گرفتانەی لە میوزیکی ناوەڕاست بەگشتی و میوزیکی کوردی بەتایبەتی هەیە چارەسەر بکرێ بۆ ئەو مەبەستەش دەرگای واڵا کردووەو داوا لە پسپۆرانی میوزیک دەکات ئەم گرفتە دەسباریی بکەن.

من ئەوەی تا ئێستا تێگەیشتووم هەر میلۆدیەک هەر حەوت لە پلە دەنگیان سەرەکیەکە لەسەر بکاتەوە کە دەکاتە پەیژەیەکی تەواو پێی دەگوترێ مەقام ئینجا چ (حەیران) بێت یان (خورشیدی) یان (خاوکەر) یان هەر بابەتێکی تری میوزیک بێ من بە پێویستی دەزانم ئەو داوایەی مامۆستا سەلاح بخرێتە چوارچێوەی گرد بوونەوەیەکی هونەرمەندانی بواری میوزیک ئێستا چ لە (کۆنفرانس) و یان (کۆنگرەیەکی میوزیک) بێت بۆ ئەوەی پسپۆڕانی بواری میوزیک گفتوگۆی لەبارەوە بکەن و بەرپرسیار یەک لایشی بکەنەوە گردبوونەوەی ئەو شێوەیەش لە زۆربەی وڵاتان دەبەسترێت بۆ ئێمەش مانانیش شتێکی نوێ نییە.

من پێم وایە کوردستان وەک چۆن خاک و نەتەوەکەی دابەشکراوە، هەر بە هەمان شێوەش هونەری میوزیکی لێ داگیرکراوە، من زۆر جار مەقامە بەناو (عێراقی)یەکان وردبوومەتەوە، دڵنیابوومە لەوەی زۆربەیان زاراوەکانیان کوردین، بەڵام داخی گرانم بە عێراقی ناوزەد دەکرێن و ناتوانین و دەسەڵاتیشمان نییە بڵێین ئەو مەقامانە کوردین.

مامۆستا (عەبدوللا جەمال)یش وەک پسپۆڕێکی بەتوانای میوزیکی کوردی لە ڕوانگەی دڵسۆزیی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی لە بواری میوزیکی کوردیدا ئەو پێشنیارەی کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوتوێژینەوە زانستییە پێی گەیشتووە کە بۆ چواریلەکانی گۆرانی کەلەپوری کوردی ئەنجامی داوە، بە بەڵگەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو زاراوانە لە چاخەکانی ناوەند باب و باپیرانمان بەکاریان هێناوە، من پشتگیریی لە پێشنیارەکەی مامۆستا (عەبدوللا جەمال) دەکەم و زۆریشم پێ دروستە و لەگەڵ بە کوردیکردنی زاراوەکانم، بۆ ئەوەی چیتر پابەندی بەکارهێنانی زاراوەکانی (عەرەب، تورک، فارس) نەبین، کە بۆ چواریلەکانی خۆیان دانراون، بەڵام دیسان دەگەڕێمەوە و دەڵێم وا باشترە پێشنیاری لەو جۆرە لە چوارچێوەی (کۆنفرانس) یان (کۆنگرە)یەکی میوزیک بە فەرمی بێنە ناساندن.

سەبارەت بەو ئاماژانە میوزیکژەن (ئامانج غازی) دەڵێت:

– ئەوەی کە لە ئامۆژگای دیراساتی لیریکی کوردی دەخوێندرێ پێویستی بە میتۆدی زانستی نییە وەکو قۆناغی یەکەم بەڵکو پێویستی بە هونەرمەندی کارامەو شارەزا هەیە (لایەنی پراکتیکی) دوای ئەوە ئەو بەشانەی لەم ئامۆژگایە دەخوێنرێت کە ناکرێ لێرەوە بچینە نێو وردەکاریەکان چونکە ئەو پرۆژەیە کاتی خۆی دوای ڕاپەرین (بەندە لەگەڵ م.باکوری و م.وریا) پێشکەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری کراوە لەگەڵ پەیڕەو پرۆگرامی خوێندن.

– لە ژمارەکانی چلاوازدا بە وردی باس لە مەقامات و شیکردنەوەی ناوو ناتۆرەیان کراوە.

– دانانی هەر شتێ یاخود زیادکردنی هەر بابەتێ کە پەیوەندی بە کۆمەڵگەی هونەریەوە هەبێ لە ڕێگای لێژنەیەکی پسپۆر بێ و دواتر لە کۆنگرەیەکی تایبەت بەو بوارە بڕیاری لەسەر بدرێ و بچەسپێ!! بۆیە ئەم هەوڵە تاکەکەسییە ناچێتە نێو بۆنەی بە کوردی کردنی زاراوەکان.

– ئەو ناوانەی کە هەڵبژێردراون خۆیان بوونیان هەبووە لەنێو مەقام و پێگە سەرەکیەکانی میلۆدییە کوردییەکان. (عەرەبەکان) پاش ئەو هەموو شارستانیەتەی خۆیان تا ئیستا زاراوەکانی (ئیرانی کۆن) بەکار دەهێنن کە ئێمەی کورد بەشێکین لە گەلانی ئێرانی کۆن.

# تەنبوور

کامەران حەسەن

تەنبوور یان تەممورە لە هەزارەکانی بەر لە زایین هاودەنگی و هاوڕازی یارسانەکان بووە. لە هەزار ساڵەی دوواییش لە هەر شوێنێک باس لە ئیشراق و عیرفان و شەیدایی و عیشق و زیکری حەق کرابێ، تەنبوور هاوڕێی حەق خوازان بووە.

شکۆدارترین سەردەمی تەنبوور بۆ سەردەمی حەزرەتی مۆبارەکشای لۆڕستانی ناسراو بە شاخۆشین و پیر و مورادی بابا تاهیری هەمەدانی دەگەڕێتەوەو هەرچەندە بەر لەمەش گەورە کەسانێک لە نەوای حەقانی ئەم ئامێرە سوودیان وەگرتووە.

لە فەرهەنگی دێهخۆدا لەبارەی تەنبوور بەم شێوەیە نووسراوە: ((ئامێرێکی تر لە ئێران هەیە کە خاوەن مێژوویەکی زۆرە بە ناوی تەنبوور یان گنبوور،ئەم ئامێرە دوو ژێی هەیە و میزرابیە کە بە پەنجەی دەستی ڕاست دەیژەنن ئەمڕۆ لە کوردستان باوە، بە پێچەوانەی عود کە دەسکێکی درێژی هەیە، دەسکی تەنبوور ڕاست و درێژە وەک تار پەردەی هەیە....)).

لە فەرهەنگی گرۆڤ بەم شێوەیە باس لە تەموورە کراوە: ((تەنبوور: بە ئامێرێک دەوترێت کە خاوەن دەسکێکی درێژ بێت. ئەم ئامێرە بە ڕەچکەلەک بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیایی ناوەندی دەگەڕێتەوە. هەروەها تەنبوور بە ئامێرێک دەوترێت کە کاسەیەک و چەند ژێیەکی هەبێت. دروستبوونی ئەم ئامێرە بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. بەپێی نیگارە بەردییەکان بۆمان دەر دەکەوێ ئەم ئامێرە خاوەن قەبارەیەکی بچوک و دەسکێکی باریک ودرێژ بووە..
.جیاوازیەکانی نێوان تەنبووری ئێران و تورکیا و سوریا و باکووری عێراق بۆ جیاوازیەکانی تەنبووری بەغدادی و تەنبووری خوراسانی دەگەڕێتەوە. ئەندازەی درێژی جۆرەکانی تەنبوور جیاوازە بەگشتی کاسەکەی لە داری توو دروست دەکرێت و هەندێک جاریش لە داری گوێز، کاسەکەی یەک پارچەیە یان بە شێوەی پارچە پارچە دروست دەکرێت. شکلی وەک هەرمێیە. ئەم ئامێرە خاوەن ١٠ هەتا ٢٤ پەردەیە کە تەنبووری کوردی ١٤ پەردەی هەیە.

بۆ ژەنینی لە سەر زەوی دادەنیشن و هەندێکجار لە سەر کورسی یان بە شێوەی ڕاوەستاو دەیژەنن. لە باکووری عێراق و سوریا تەنبوور ژەنین بۆ ئاوازە عاشقانەکان و چیرۆکە سۆزدارییەکانە. هەندێکجاریش لە دانیشتنە نهێنییەکان و دوور لە چاوی خەڵک بۆ ئەنجامدانی بۆنەی ئایینی بە کار دێت.

جۆرێکی تر لە تەنبوور هەیە کە لە لایەن یارسانەکانی کوردستان و لوڕستان بە کاردێت، کاسەیەکی وەک هەرمێی هەیە و لە داری توو دروست دەکرێت. ئەم ئامێرە تەنها بۆ پێشکەشکردنی مۆسیقای مەعنەوی و عیرفانی بەکاردێت. تەنبووری یارسان خاوەن تایبەتمەندیەکی دگمەنە کە لە یەکێک لە پڕ نهێنیترین و سەرسوڕهێنەرترین ئامێرە موسیقیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم دەدرێت... .

لە ویکیپیدیا لە بارەی تەنبوور بەم شێوەیە نووسراوە: ((تەنبوور: ئامێرێکی ژێدارە کە جۆرەکانی تری لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەوروپایی دەژەنرێت. ئامێرەکانی وەک تەنبوور خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژن. لە نیگارە بەردییە بەدەست هاتووەکان لە سەردەمی ئیلامی لە شوش پەیکەرەی ژەنیارگەلێک دۆزراوەتەوە کە



ئامێرێک وەک تەنبوور یان گتار دەژەنن. لە یەکێک لەو نیگارە بەردیانە ژەنیارێک هەیە ئامێرێک دەژەنێ کە بە تەنبوور دەچێت. فارابی لە کتێبەکەی (کتاب الموسیقی الکبیر)

باس لە تەنبووری خوراسانی و تەنبووری بەغدادی دەکات. پێشتر تەنبوور دوو یان سێ ژێی هەبووە.

ئامێرەکانی وەک دووتار، سێ تار لە خانەوادەی تەنبوور لە قەڵەم دەدرێن.

تەنبوور وەک دەف ئامێرێکی ڕەسەنی کوردییە.

ئەگەر لە دووتوێی دەقە ئەدەبییەکانی زمانی فارسی بگەڕێین دەبینیین کە لە ئێرانی کۆن و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لە زۆربەی سەردەمەکان خاوەن شکۆداریەکی تایبەت بووە و مێژووی پترە لە ٦٠٠٠ هەزار ساڵ. وێنەی تەنبوور لە نیگارە بەردییەکانی سەردەمانی ئارییەکان، مادەکان، ئاشوورییەکان، ئیلام، میسر، هیند، و یۆنانی کۆن ئەمە بەدەر دەخات وەبیرهێنانی شانازیەکانی باوباپیرانی ئێمە بووە.

بەپێی نیگارە بەردییەکان مێژوی ئەم ئامێرە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە لەمەوبەر و گرنگترین بەڵگەش پەیکەرەێکە کە لە نزیکەی مەزارگەی دانیالی نەبی لە شوش پەیدا بووە، ئەم پەیکەرە دوو ژەنیار پیشان دەدات کە لە دەستی یەکێک لە وان دەتوانین تێبگەین تەنبوورە. پێشینەی ئەم شوینەوارە بۆ بەر لە سەرهەڵدانی حەزرەتی موسا (دخ) واتا ٣ هەتا ٤ هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکان کە بوونی ئەم ئامێرە دەسەڵمێنێ ئەو ئامێرانەیە کە لە گردی نەبی یونێس و کیون جیک لە نزیکەی شاری موسل لە سەر دیوارەکان کێشراوە.

ئەمرۆکە تەنبوور لە نێوان نەتەوەکانی ئاسیای ناوەندی و وڵاتانی ئیسلامی بە ناوەکانی دوومبرا، چونگوور، تونبرە، تەنبوورا، تامبوور، و گنبوورهەیە. تەنبوور لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران زۆر باوە هەروەها لە باکووری عێراق و شارە سنووریەکانی تورکیا و ئێران هەیە.

ئەو تەنبوورەی کە لە نێوان کوردەکانی ئێران و عێراق باوە و ئەو تەنبوورەی کە لە کرماشان و هەورامان و کەرکووک و .. باوە بە تەنبووری تیسفوونی یان بەغدادی ناسراوە کە شێوەیەکی هێلکەیی و دەسکێکی درێژ و ١٢ هەتا ١٤ پەردەی هەیە.

تەنبوور یا تەموورە کە ساڵهایە هاوڕێ و هاودەنگی یارسانەکان بووە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە ڕەنگە بەبێ هۆ نەبووە یارسانەکان ئەم ئامێرەیان بۆ پێشکەشکردنی مەراسیمی ئایینی لە جەمخانەکانیان هەڵبژاردووە. یارسانەکان لە سەر ئەم باوەڕەن کاتێک فریشتەکان ویستیان ڕۆح لە لەشی مرۆڤ بکەن و ڕۆح فەرمانی نەدەبرد بە فەرمانی خوداوەند تەموورەیان ژەنی و ڕۆح کەوتە سەما کردن و چووە ناو جەستەی مرۆڤ.

تەنبوور کە ئامێری پیرۆزی ئایینی یاراسانە لە (سەدەی ٤ و ٥ ی کۆچی) شاخۆشین موریدەکانی دابەش دەکردە سەر گرووپەکانی ٩٠٠ کەسی و تەنبووریان دەژەنی. لە سەردەمی سوڵتان سەهاک (سەدەی ٧ی کۆچی) تەنبوور گەشەیەکی زۆری سەند و مەقاماتی تەنبوور کۆ دەکرێتەوە و کە ە ٧٢ مەقامە .لە دوای ئەمە ئەم ٧٢ مەقامە بۆ مەبەستی ئایینی بەکار دێت کە ئەم مەقاماتانە بە دوو شێوەیە:

١.مەقاماتی کەلام یان نەزمی حەقانی.

٢.مەقاماتی غەیری کەلام یان کۆن.

مەقاماتی کەلامی کە ٧٢ مەقامە تەنها بە تەنبوور دەیژەنن و لە هەر شوێنێک و بۆ هەر کەسێک نایژەنن. ئەم مەقاماتانە لە بۆنە ئایینیەکان لە جەمخانەکان بە کار دێت. ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە مەقاماتی تەنبوور وەک خۆی بمێنێ و ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێ.

مەقاماتی غەیری کەلامی کە دەکرێ بڵێین کۆمەڵە مێلۆدیەکی کۆنن دەکرێ بە ئامێرەکانی تر وەک دووزەلە و زۆڕنا نەرمەنای بیژەنن. بۆ نموونە مەقامی جۆلۆشاهی، گۆل و خاک، ساروخانی و هتد .. .

شێوازی تەنبوور ژەنین بە گشتی بە دوو بەشی ناوچەی گۆران و سەحنە ناسراوە. لە مامۆستایانی گەورەی ناوچەی گۆران دەکرێ ئاماژە بە ناوی مامۆستا عابدینی خادەمی بکەین و لە ناوچەی سەحنەش ئاماژە بە ناوی مامۆستا دەروێش ئەمیر حەیاتی بکەین. هەروەها نابێ ناوی مامۆستا سەید ئەمرۆللە شاە ئیبراهیمی لە بیر بکەین کە یەکەمین کەس بوو گرووپێکی تایبەت بە تەنبووری دامەزراند. لەم گرووپە مامۆستا بۆ یەکەمینجار مۆسیقای تەنبووری بە خەڵک ناساند و تەنبووری لە جەمخانەکانی دەرهێنا و بۆ ناو هۆڵە گەورەکانی مۆسیقای برد. لە دوای ئەمە گرووپی شەمس بە سەرپەرشتی مامۆستا کەیخەسرەوی پوورنازری ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی ئەم ئامێرەی گێڕا. گرووپی شەمس مۆسیقای تەنبووریان بۆ ناو هوڵە مۆسیقاییەکانی جیهان برد و لە فێستیڤالە بە ناوبانگەکان وەک ئاوینیۆن لە فەرەنسا و فێستیڤاڵکانی تر بەکاریان هێنا.

ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووریش گرووپی مۆسیقای تەنبوور (تەموورە) هەیە، گرووپی بێسارانی یەکێکە لەو گرووپانە کە چەندین کۆنسێرتیان لە کوردستان ئەنجام داوە و بەشداریان لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فارس لە وڵاتی مەغریب کردووە کە بۆ یەکەمینجارە گرووپێکی تەموورە لە کوردستان بەشداری لەم فێستیڤاڵە بکات.

**سەرچاوەکان**


١.تنبور از دیرباز تا کنون. سید خلیل عالی نژاد. انتشارات دانش و فن. سال ١٣٧٦

٢.سازهای کرد. علی اصغر نصراله پوور. انتشارات تاق بستان.١٣٧٨.

٣.ساز شناسی موسیقی کردی. بهزاد نقیب سردشت. انتشارات توکلی. سال ١٣٨٥.

# عەلی مەردان و هونەری مەقام

نایف شیخانی

**بەرایی**

کۆمەڵێک هۆکار، لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان، کاریگەری و شوێن پەنجەی خۆیان بەسەر هەموو سەرچاوەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆی مرۆڤی کورد جێهێشتووە. لە هەموویان کاریگەرتر باڵا دەستی نەتەوەکانی دیکە بووە .... دەرئەنجام مرۆڤی کورد دووچاری جۆرێک لە دابڕان و نامۆیی بووە، بەرامبەر زۆر بواری فەرهەنگی و هونەری خۆی .

دیارە هەوڵدان و گەڕان بەدوای ناسنامە و دۆزینەوەی ئەوسەرچاوانەی، کە ئاماژەی دروست بەدەستەوە دەدەن بۆ نزیک بوونەوەوگەیشتن بەو سەرچاوانە، کارێکە پێویستی بە هەناسەی دووروو درێژوو توێژینەوەو بەدواداچوونی زانستی وهەمەلایەنە هەیەو ئاسان نییە لەزەمەنێکی کورتدا بەیەکجاری لەو قۆناغە ئاڵۆزو ناجێگیرەی دەربازی ببێت و دواجار بەسەرچاوە خۆی بگاتەوە ..!!

هونەری دەنگبێژی و گۆرانی وتن، کە دەربڕینێکی سەرەتایی و سادەو ساکاری گوزارشتکردن بووە لای تاکەکانی سەر گۆی زەوی و میللەتانی جیهان بە گشتی. ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوینیش بەشداری گەورەو بەرچاویان لەبەرهەمهێنانی ئەو شێوازە هونەریانەی، کە دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە هەبووە، بە پێویستی نازانین لەو باسەدا لەوە زیاتر لێیان بدوێین .

گەلێک جاران، کە باس دێتە سەر( هونەری مەقام بەگشتی و ناسینەوەی پەیڕەو شێوازە کوردیەکان بۆ چرینی مەقام و دەیان بابەتی لابەلای دیکەی پەیوەست بەو بوارەوە. بەداخەوە هەست دەکەیت بەشێکی زۆرلە دەنگبێژانی ئەمڕۆی کوردستان و موزیکژەنەکانمان بۆ گرنگیدان بەو بوارە هونەریە لە ئاستی خواستە زانستی و بەهای جوان و درەوشاوەی ئەو شێوازە کوردیانەدا نابینین، تەنانەت لەزۆرێک لەو دامەزراوە هونەریانەی، کە بەر لەئێستادا حزمەتیان کردووە، تەنیا لە گۆشەنیگاو میتۆدی فێرکاریەوە ئەوبوارەیان وروژاندووە.

ئەو مەقام و( فۆرم )١ و شێوازە وتنانەی، کە ساڵانێکی دووروو درێژە لە ڕێگەی بۆماوەو پاراستنی پشتاوپشت و ئولفەی بیرو هزروو دەربڕینی تایبەتمەند بەجوگرافیای وڵاتێک و میللەتێک، بەزمانێکی شیرین و چوارچێوەیەکی تایبەتمەندا، وەک باقی میللەتانی تر، لەچوارچێوەی یەک وڵاتدا بە چەندین شێوەزار، سیماو ڕوخساری زمان و قورگی خۆمان بەسەر هەورازو نشێوی پەیژەکاندا چریومانەو جێگیرمان کردوون، تا وای لێهاتووە دواجار سامان وخەرمانێکی گەورەو بەرفراوانی کەلەپوری هونەری دەنگبێژیمان لە شێوازە جۆراو جۆرانەدا بۆماوەتەوە، کەساڵانێک بەر لە ئێستا تۆمارکراون، یاخود هێشتا هەندێکیان لە شوێنە دوورە دەستەکاندا لە سینەو هزری مرۆڤە بەهرەمەندەکاندا بەشاراوەیی ماونەتەوە.

بێگومان گرنگیدان و کارکردن بەو ئاراستەیە لە دەرئەنجامدا خزمەت بەو هەوڵانە دەکات کە کار بۆ ڕاستکردنەوەو گێڕانەوەی بەشێک لەو مێژووە نا ڕۆشن و شێویندراوە دەکەن، کە میللەتانی باڵادەست و دەست ڕۆیشتوو بەسەر کورد بۆخۆیان و مەرامەکانیان تۆماریان کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە بە بڕوای ئێمە مرۆڤی کورد لەو سەردەمە زیاتر لە هەرمیللەتێک پێویستی بەوەیە هەموو تواناکانی بخاتە کاربۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوە ڕەسەن و خۆماڵیانەی، کە بە کلتوورو فەرهەنگی ڕاستەقینەی خۆیانی شادو ئاشنا دەکەنەوە.

وەک میللەتێکی کەم ئەزموون لە زۆربەی بوارەکانی خۆ بەڕێوەبردن لە چاو باقی میللەتانی جیهان چوونە نێو بازاڕی جیهانگیری و تێکەڵاو بوون لەگەڵ کلتورەکان و کرانەوە بەسەر جیهان بەو ئەندازە بەرفراوانە لەسەر هەموو ئاستەکان، سەرەڕای لایەنە باشەکانی، بەبڕوای ئێمە هاوکێشەیەکی نابەرامبەرەو هەست بەوە دەکرێت جۆرە ناهاوسەنگیەک لەئارادایە ..... بۆیەش بوونی دڵەڕاوکێ وهەستکردن بە جۆرێک لە سلمینەوەو کارکردن و گەڕانەوە بۆ سارچاوەکانی کیان و پێکهاتەی کلتورو هونەری ڕەسەن و خۆماڵی، ئەگەر بۆ هەمووکەسێک مافێکی سروشتی بێت، لە ئان و ساتێکی ئاوادا بۆ ئێمەی کەم ئەزموون کارێکە پێویستی بە خۆتەرخانکردنی زیاترو زیاتر هەیە. پێویستە بە وشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە باشەکانی ئەم ڕەوتە بکرێت، ئەوکاتە لەوەیە لەهەموو ئاستەکانی ژیانی فەرهەنگی و هونەری سوود لەو کرانەوەی جیهانگیری و بازاڕی ئازاد وەربگرین، بەپێچەوانەوە دوور نییە بکەوینە بەر شەپۆلی بێبەزەییانەی ئایندەیەکی نارۆشن ونادیارەوە .....!!

---

(١) هونەرمەندی موزیکژەن سەلاح ڕەئووف لە ئاماژەیەک بۆ مەبەست لە توێژینەوەو نووسینی کتێبەکەی لە لاپەڕە (١٠) ی( پۆڵێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . دەڵێت : (بەڕای من خورشیدی و خاوکەرو ئەڵلاوەیسیش فۆرمن نەک مەقام .).

## سنوور و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە

دیارە وەک پێداویستیەکی زانستی کاری توێژینەوەو بە دواداچوون لە مەڕ بوارێکی هونەری دیاریکراو، پێویستی بەوەیە هێلی گشتی و چوارچێوەی بابەتەکەی دەستنیشان بکرێت. هەوڵدەدەین لەو کورتە توێژینەوەیەدا خوێندنەوە بۆچەند لایەنێکی هونەری مەقام وتن لەلای هونەرمەند عەلی مەردان بکەین و ئاماژە بە بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی بدەین لەو بوارەدا. خوازیارین ئەو هەوڵەمان بە ئاراستەی بەرژەوەندی زانستیانەی ئەوبوارە بشکێتەوە، لەپێناو زەمینە خۆشکردن لەبەردەم ئەو توانا هونەریانەی کە لەنێوەندی هونەری دەنگبێژی کوردیدا ماوەیەکە تواناکانیان چڕکردۆتەوە بۆ سۆراغکردنی زانستیانەو بەدواداچوونی بابەتیانەتر لەوەی کە تاکو ئێستا کراوە لەو بوارەدا .

ئەم کورتە باسە سەرەتایەکە بۆ وروژاندن و گەڕان بەدوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیارکە دەکرێت هەریەکێک لە ئێمەمان ڕووبەڕووی خۆمانی بکەینەوە، بەتایبەتیش بۆ کەمکردنەوەو وەلانانی هەندێک لەو دڵەڕاوکێیانەی، کە ساڵانێکی زۆرە لەو بوارەدا لەلایەن میللەتە بڕیار بەدەست و باڵا دەستەکانی نزیک لەکوردەوە هەوڵی شێواندن و شوێن بزرکردنیانی بۆ خراوەتە کار.

پێمان وایە هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەو خستنەڕووی تایبەتمەندی هونەری مەقام وتن لای مامۆستا عەلی مەردان و مەقامبێژانی کوردستان بەگشتی و دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەش وجیوازەکانیان لەگەڵ ئەوەی کە لە عێراقدا پێی دەوترێت ڕێساکانی مەقام (اصول المقامات ) پرسیارگەڵێکن بەبڕوای ئێمە سەرەداوی ئەو هەنگاوانەمان ڕوون و ئاشکراتر دەکات، بۆ کارو پرۆژەکانمان بەو ئاراستەیە دەکرێت بەهەمان شێوە ئەو کاری ساغکردنەوەو بەراوردکاریە بۆمەقامبێژان و دەنگبێژانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەنجامبدرێت بۆ خزمەتکردن بەو ستراتیژەی، کە لە پێشەکیەکەدا ئاماژەمان پێیدا.

کەوابێت بۆدەستپێکی هەنگاونان بەو ئاراستەیە وروژاندن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆمەڵێک پرسیارو هەوڵدان بۆ سۆراغی ئەوپرسیارانەو وەبیرهێنانەوەو ڕووبەڕووکردنەوەی پرسە هونەرییەکانی ئەو بوارە و هەورازو نشێوەکانی بۆ نەوەی ئەمڕۆمان ئەرکێکی ئەم قۆناغەیەو پێویستە کاری جددی لەسەر بکرێت.

## دوو دۆخی جیاوازو بەیەک گرێدراو

کە باس دێتە سەر هونەری مەقام بەگشتی و ناسینەوەی پەیژەو شێوازە کوردیەکان بۆ چڕینی مەقام و دەیان بابەتی لابەلای دیکەی پەیوەست بەو بوارە بەتایبەتی، پرسیارو وەڵامەکانمان نارۆشنی وجۆرە تێکەڵاویەکی نەخوازراوی پێوە دەلکێت.

هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئێستا لەناوەندەکانی خوێندن و هونەری ئەوبوارەدا توێژینەوەو بەدواداچوونەکان لە هەردوو بواری ساغکردنەوەو پۆلێنکردن وناولێنان وکاری جیاکاری خودی ( پەیژەکان — وەک تیورێکی زانستی لەلایەک و ئەداکردن و وتنی مەقام و شێوازەکان )لەلایەکی دیکەوە وەک دوو دۆخی هەم جیاوازو هەم بەیەکەوە گرێدراو نەخراونەتە دوو توێی میتۆدێکی زانستیانەی پشت ڕاستکراو، لەئاستێکدا بێت وەک میتۆدێکی سەرەتایی پشتی پێ بەسترابێت و لە هەردوو باری تیوریی و کرداریەوە سوود بە نێوەندەکە بگەیەنێت. جگە لە توێژینەوەو هەوڵەکانی هەریەک لەبەڕێزان ( پ. د . محمد عزیز زازا) ٢و مامۆستایان (سەلاح ڕەئوف)٣ (عەبدوڵلا جەماڵ)٤و سەرقەلەمێکی (مامۆستا ئامانج)٥ نەبێت..

کە هەریەکێکیان لە گۆشەنیگای جیاجیاو تێکڕای ئەو هونەرەو کێشمە کێشمەکانیدا بە دەستپێک و هەوڵی زانستیانەی دڵخۆشکەر هەژمار دەکرێن بۆ ئەم خواست و ئاراستەیە .

ئەوەی تاکو ئێستا دووبات کراوەتەوە ئەوەیە ئەوپەیژانەی، کە ئێستا بەکاری دەهێنێت هەمان ئەو پەیژانەن، کە زۆربەی میللەتانی دەورووبەری خۆمان بەکاری دەهێنن، وەک پێکهاتەوچوارچێوەی گشتی و چوارێلەکانیان . بەدەر لە ئەدای دەنگ و شێوازەکانی وتن. سەبارەت لایەنی دووەمی پەیوەست بە مۆرک و شێوازی وتن ئەو مەقامانە و ڕێژەی بەکارهێنانی میانە دەنگییەکانی ئەو شێوازو مەقامانەو بابەتی پڕ سەرئێشەی ئەو هەموو ناوە زۆرانە و... هتد.

دیارە بەدواداچوون وشرۆڤەکردنی ئەم پرسە هونەریانە بەو ئاماژەو هەنگاوانە نابڕێنەوە، وەک ع.ج سەگرمە لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی پێداوە، تاکو ئێستا نەتواندراوە لەکاتی لێدوان لەمەڕ کێشەکانی بەکارهێنانی زارەوەکان و بابەتەکانی چوارێلە بەکارهاتووەکاندا ...خۆمان لەو هەموو کێشمەکێشمە بەربڵاوەی میللەتانی دراوسێدا ڕزگار بکەین، بەتایبەتیش لەمەڕ بەکارهێنانی ئەو هەموو زاراوانە بۆ مەقامەکان و پەیژەکان .... هتد.

جێگای خۆیەتی لە بۆنەیەکی ئاوادا بەمەبەستی وەدستهێنانی وەڵامی ڕوون و ئاشکراو گشتگیرتر لەو بارەیەوە پرسیارێک بۆ ئەو نێوەندە بورووژێنین، کە گرنگی بەو بابەتە دەدەن و بەشێوەیەک لەشێوەکان کار بۆ کەمکردنەوەو بەکارهێنانی ناوی ئەو شێوازە وتنانە و ئەو مەقامانە دەکەن، کە لەدەرەنجانی دووبارەو سێبارە بوونەوەی بەکارهێنانی زیاتر لە ناوێک بۆ یەک جۆر لە پەیژە لە سنووری چوارێڵە دەنگیەکەندا هاتووە .. دەکرێت بەمشێوەیە بچینە ناو بابەتەکەوە ÷ (گریمان بە ئاراستەی کورتکردنەوەی ڕێگا لەبەردەم فێرخوازانی کورد لە پرۆسەی فێرکاریدا هەموولایەک کۆک بووین لەسەردەربازبوون

---

٢-د. محەمەد عەزیز زازا (ئاریشەکانی وتنەوەی تیۆری مەقامەکان ). ژمارە (٣)ی گۆڤاری چلاواز.

٣- سەلاح رەئوف ( پۆلێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) ژمارە (٢٦٩) ی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم . ساڵی ٢٠٠٤ سلێمانی

٤-ع. ج سەگرمە (لاپەڕەیەک لەبنەماکانی موزیکی کوردی ) بەرگی یەکەم،ژمارە (١)ی زنجیرە کتێبی ئینستوتی کەلەپوری کورد،ساڵی ٢٠٠٣.

٥- ئامانج غازی (عەلی مەردان ڕۆحی هونەری سەردەم بۆ جەستەی ماندووی ئەمڕۆ) ژمارە (٣)ی گۆڤاری چلاواز.

لــە بەکارهێنانــی ئەو هەمــوو زاراوەو ناوە نا کوردیانە، لایەنی کەم بۆ پەیژە ســەرەکیەکان و لەجێگای ئەواندا زاراوەکانی: بەختیار، کورد، گوڵنار، یادگار، دڵدار،گوڵزار، گوڵ گوڵ، ڕاست )مان بەکارهێنا...) (ع.ج سەگرمە لاپەڕەیەک لەبنەماکانی موزیکی کوردی).

پرسیار ئەوەیە ئەدی چ لەو هەموو شێوازە وتنانەی دەنگبێژان و مەقامبێژانی کوردســتان بکەین، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردســتان وەک شەقل و شــێوازێکی تایبەت بەو ناوچانە نــاوی جــۆراو جۆریان لێنــراوە؟؟ هەرچەندە لەبــاری پێکهاتە تیوری و چواریڵەکانیشــەوە وەک یەک بن و لەســنووری هەمان ئەو پەیژەو چینە دەنگیانەدا بخولێنەوە کەناوی سەربەخۆ و باویــان لێنــراوە ... نموونەی وەک مەقام و شێوە وتنەکانی هەریەک لە ( هیجران و بەیات کــورد و حەیــران و هەنــدێ لاوک و ئای ئای و قەتــارەو قۆریاتی مالــەلاو، گەلۆ وپایزەو.. بەدەیان شــێوە وتنی هاوشێوەی ئەمانەی کە ئاماژەیــان پێدرا. لە جێــگای خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە بوروژێنین:- ئایە کارێکی پەسندە بــۆ دەربازبــوون و کەمکردنەوەی نــاوە زۆرو بێشوومارەکان ئەوشــێوازە وتن و تایبەتیانەی خۆمــان بخەینە لێــوار کەناری لــە گۆڕنان و ســڕینەوەو بیرچوونــەوەی یەکجارەکــی ؟!! ئێمە وای دەبینین ئەو پاســاوە بۆ لە گۆڕنانی یەکجارەکــی ئەو شــێوە وتنانە بــە بیانووی ئــەوەی تەنیا لــەڕووی پێکهاتــەی چواریڵەو پەیژەکانەوە هاوشــێوەی یەکترین، تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکــی هەڵەیــە، لەبەرئــەوەی ئێمەی کورد زیاتر لە میللەتانی دەوروبەرمان پێویســتمان بــە پاراســتن و کۆکردنــەوەو توێژینەوەی تەواوی ئەو شــێوازە وتنانە هەیە، لەبەرئەوەی میللەتانی دەوروبەری ئێمە زووتر فریــای ڕێکخســتنەوە کەوتن لــەو بوارانەدا. هەر بۆ نموونە ســاڵانێکی زۆر تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت پشــت بەو ســەرچاوەو چەمک و دەستەواژانە دەبەســتین، کە لەلای میللەتانی دەوروپشــتمان بــۆ هونــەری مەقــام بەکار دەبرێت، یەکێک لەو بۆچوونانە، کە هەمیشــە دووبــارە کراوەتەوە، ئەوەیــە گوایە یەکێک لە مەرجەکانی مەقام ئەوەیە دەبێت هەشت میانە دەنگی پەیــژەی بــۆ بەکاربهێندرێت، ئەگەرنا بەمەقام هەژمار ناکرێت .

چەندێک لەو ناوانەی کە پێشــتر ئاماژەیان پێدرا ئەگەر لێیان وردبینەوە هەســت دەکەین زۆربەیــان لەچوارچێــوەی چواریلەو پەیژەی ( بەیــات – یادگار)دان، لە بــاری بەکار بردنی میانــەو ئەو تۆنە دەنگیانــەی کە بۆیان بەکار دەهێندرێت لە شــوێن و تۆنیکی دیاریکراودا، بەڵام تــۆی گوێگرو بەدوا داچووی ئەو هونەرە کــە وردو لەســەرخۆ گوێیــان لێدەگریــت، لەباری دەســتپێکی وتن و گۆکردن و گوشین و (سترێس )ی، سەر پیت و وشەکانەوە (واتە ئەکسنت خستنە سەر تۆنەکان )لەسەرچوون و دابەزینەکانــدا، ناچاردەبیت بڕوا بەوە بهێنیت، کە ئەوە شــێوازە وتنێکە ناوێکی سەربەخۆی خۆی هەیە، یاخود پێویســتی بەوەیە ناوێکی لێبندرێت.

بەبڕوای ئێمە دروســتبوون و هەســتکردن بەسۆزی ئەو جیاوازیانە لە بنەڕەتدا پەیوەندی تونــدو یەکانگیریان بەســەربەخۆیی و ئاکاری تایبەتمەنــدی و ئاســتەکانی زمانــەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەوئاســتانەی، کــە پەیوەندیان بەچوارچێوەو هونەری دەنگســازی و پێکهاتە دەنگیەکانــی زمانــەوە هەیــە، کە دروســت لەوبوارەدە ئەزموونــی گەلان و دەیان زاراوەی پەیوەســت بەو زانستە دەمێکە بەکاردەبرێن و کاریان لە ســەر دەکرێت، بۆ نموونە: هەریەک لــە م دووزاراوانە و دەیانــی دیکە لە گۆکردن و گۆرانــی چڕینــی دیالێکــت و زمانەکانــدا تایبەتمەندی و تاموبۆی خۆیان هەیە.

**یەکەم :-**

DELIVERY) اسلوب ا□□□□□□ ).

بۆشــێوازی دەربڕینی دەنگبێــژ بەکاردێت بەتایبەتیش، ئەوەی پەیوەندی بە ســەرچاوەو شــوێنی دەرچوونی پیتەکانەوە هەیە (مخارج الحروف )بۆ باشترین بەکارهێنان ( vocaliza tion.

**دووەم :-**

(ARTICLATION) ضبط مخارج الحروف

زاراوەیەک بۆ ڕێکخستن و باش بەکارهێنانی کرداری هەناسە بەکار دێت، کە کاردەکاتە سەر ڕوونی دەرچوونی پیتەکانی دەنگ و تایبەتمەندی ئەو دەنگانەی بە ئاوازەوە دەوترێن .دیارە ئەو بابەتە پێویســتی بە پســپۆڕی و توێژینەوەی تایبەت و سەربەخۆ هەیە .

ئامانــج لــە وروژاندنــی ئەو پرســیارە لە دووتوێی ئــەو بابەتەدا تەنیا بــۆ ئەوەیە، کە بگرینەوە ســەر بابەتە سەرەکییەکەی خۆمان و بەگرنگیەکی زۆرەوە قوڵتر هەڵوەستە لەسەر لایەنی دەنگبێــژی و مەقامبێژی و بابەتەکانی بکەینــەوە... بەدیوێکــی تر ڕێــگا لەوجۆرە بۆچوونانــە بگریــن، کە زۆرجار لێــرەو لەوێ گوێبیستی دەبین. ســەبارەت بەوەی، کە ئەو بــوارە ئەوەندە ناهێنێت و زۆر بەســەرپێی و نابەرپرسانە لەو بارەیەوە دەدوێن، وەک: ئەوەی هەموو کێشــەکان بە میتــۆد کرابن و دەمێک بێت ئەو بابەتانە شــیکردنەوەیان بۆ کرابێت و نووسین و توێژینەوە کردن لەوبابەتانە کارێکی ناپەسند و کەمبایەخ و زیادە بێت !! .

## هەڵوەستەیەک بۆتۆمارکراوە دەنگییەکان. وەک ئەرشیف وسەرچاوەیەکی سوود بەخش

ئەو ســەرچاوەو ئامرازانەی، کە سوودمان لێوەرگرتووە، بۆ هەنگاوەکانی پشتڕاستکردنی بەشــێک لەو تایبەتمەندیانەی مامۆستا عەلی مــەردان لەمەڕ وتنــی مەقام و شــێوازەکانی وتنــەوە، بــە پلــەی یەکــەم خــودی ئــەو تۆمارکراوانــەن، کە هونەرمەنــد عەلی مەردان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی هونەری خۆیدا تۆماری کردوون، کەلەڕاســتیدا دەکرێت بکرێن بە دوو بەشــەوە، بەشی یەکەمیان: ئەو مەقام و شــێوازە وتنانەن کە بە ( سۆزو مەقامەکانی گەرمیان) ناسراون و دەمێکە لە نێوەندی هونەری مەقام و دەنگبێژی لەباشــوری کوردســتان وا ســاغ بۆتەوە، کە زادەو هەڵقوڵاوی جوگرافیاو ناوچەیەکی دیاریکراوی وکوردستانن، تەنانەت لەلای زۆرینەی هونەرمەندانی کوردســتان تاکو ئێســتا وەک بەشێکی تایبەتمەند لە پێکهاتەی هونــەری دەنگبێژی مرۆڤی کورد هەژمارکراوە، کەدیارترینیان ئەو مەقامانەیە: (خورشــیدی، ئەڵڵاوەیسی، قەتاروخاوکەر، ئای ئای، بەیاتی کورد، بەیاتی شور، هیجران) بەشی دووەمیان هەڵدانەوە و تیشک خستنە سەر چەند لایەنێکی مەقامەکانی : ( ڕاســت، ماهور، نەوا، خەناباد،

ئۆرفــە، دەشــت، موحەیــەر)٦ دەگرێتەخۆ. هەوڵــدراوە لەگۆشــەنیگای جیاجیادا، هەوڵی ســاغکردنەوەو جۆرێک لەکاری بەراوردکاریان بۆ بکەین، تاکو بتوانین لەو هەوڵەماندا لایەنی کەم بەشــێک لەو تایبەتمەندیانەی مامۆســتا عەلــی مەردان بخەینــەڕوو وەک مەقامبێژێکی کورد. لەگەڵ سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانەی، کە لــە گۆشــە نیــگای جۆراوجۆردا باســی هونــەری مەقام و مەقامبێــژی و هونەری ئەو هونەرمەندیان کردووە. لەپاڵ ئەمانەشدا سوود لە چەند مەقامێکی دیکەی تۆمارکراو بەدەنگی مەقامبێژەکانــی وەک: ( محەمەد گوبانچی و یوسف عومەر......هتد وەرگیراوە.

بەبروای ئێمە هەوڵدان بۆ پێناســەکردنێکی زانستیانەی هەمەلایەن و تەندروست بۆ هونەرو توانــای هونەریــی ئــەو کەڵــە هونەرمەند و دەنگبێژانەی نموونەی مامۆســتا عەلی مەردان لــە بنچینەدا پێویســت بــەوە دەکات دەزگاو دامەزراوەکان لەڕێگــەی تەرخانکردنی توانای ماددی و مرۆیی بە هەوڵی دەستەجەمعی ئەنجام بدرێت و کۆمەڵێک پێداویســتی بــۆ تەرخان بکرێت .. هەربۆیەش پێمان باشە لەو قۆناغەدا ئەو هەوڵە تاکە کەسیانەی وەک: ئەوەی ئێمە هەتا بکرێــت خۆبەدوور بگرن لــە بڕیاردان و جێگیرکردنی هەندێ لایەنی هونەری پەیوەست بە توانا هونەریەکانی ئەو کەڵە هونەرمەندانەمان لەبەرئەوەی زۆر دڵنیایین لەوەی کە -: زۆربەی زۆری تۆمارکــراوە دەنگییەکانــی ئــەو کەڵە هونەرمەندانــە زۆربەی جاران وەک پێویســت ناکەونە بەردەســتی تاکەکان، ئەگەر دەستیش کەوتبــن بەپێی بەســەرچوونی کات زۆربەیان بەها هونەریەکانیان شێوێندراوەو کاڵبوونەتەوە، دواجار هەقوایە لە توێژینەوەو نووســینەکاندا زاراوەو دەســتەواژەی وەک: (پێم وایە، وای بۆ دەچم، ڕەنگــە .. هتد)بۆبەکار بهێندرێت و بە هەستیاریەوە وەک سەرچاوەیەکی تەندروست و ڕاستەقینە بۆ بڕیارو تێبینییە زانستیەکان بەکار ببردرێن بەتایبەتیش بۆ: (دەستنیشــانکردنی دروستی چینە ڕاستەقینەکەی دەنگی دەنگبێژ ... لــەوەی کە چینە دەنگەکــەی... تینۆری یەکەمــە یان دووەم ؟ ئاڵتۆیە یان کۆنتەرئاڵتۆ ؟ یان بەوە پێناسی بکەین، کە دەکەوێتە نێوان دوو چینە دەنگەوە لەبەرئەوەی زیاتر لە دووسێ دەنگ لەچینــە دەنگێکی دیکە ئامادەگی هەیە لە توانا دەنگیەکەیــدا ... یاخود ڕێژەی کۆمە دەنگەکانــی نێوان تۆنە دەنگیەکانی بە ژمارە دەستنیشان بکەین. یاخود بەکارهێنانی هەندێک چەمک و دەستەواژەی گشتگیرو باو بۆ هەندێک شــێوە دینامیکیەتی دەنگ و ئــەدای دەنگی یەکجار هەســتیار، کە پێویستیان بە سەرچاوە و تۆمارکراوی زۆر ڕوون و پرۆفیشــناڵ هەیە، کە بەداخەوە ڕەنگە ئەو جۆرە ســەرچاوانە بۆ تۆمــارە دەنگیەکانی دەنگبێژان و مەقامبێژانی کۆنی کوردستان زۆر دەگمەن بێت .

ڕەنگــە ئــەو تێڕوانینە ســەبارەت بەکاری پۆلێنکردن و گەڕان بەدوای ناســنامە و توانا هونەریەکانــی ئەرشــیف وتۆمارکراوەکانــی میللەتانــی دیکــەی غەیرە کــورد بایەخێکی ئەوەتۆی نەبێت، بەڵام دڵنیام ئەمڕۆ یا بەیانی لــە داهاتوویەکی نزیک، بەســوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاو کاری دەستەجەمعی و بەراوردکاری زانســتیانە بۆئەو پرسە هونەریانە زۆر نهێنی و لایەنی هەست پێنەکراومان بۆ ساغ دەبێتەوە، ئەو بڕوایەشمان لەوەوە هاتووە، کە وای دەبینین کۆی گشــتی ژیانی هونەریمــان وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان زنجیرەیەکی نەپساوەو بەیەکــەوە گرێدراوی مێژووی میللەتێکە جیاواز لەوانی دیکە ژیانی کردووە.

## چەند وێستگەیەک لەژیانی هونەریی عەلی مەردان

(گەڵای پاییز)٧ کە دواین کتێبی تایبەتە بە بیرەوەریەکانــی هونەرمەند ع.م جیا لە هەموو ســەرچاوەکانی دیکە زۆرترین بابەت و زانیاری دروســتی تێدایە بۆ هەرکەســێک کە بخوازێت سەرچاوەی دروســت بەکاربێنێت بۆ لێدوان لە ژیان و هونــەری ئەو هونەرمەندە، لەبەرئەوەی جگە لە ژیانی ئاسایی هونەرمەند لەوسەرچاوەدا چەند وێســتگەیەکی هونەری خراوەتەڕوو، کە دەکرێ بکرێت بە هەوێن و سەرچاوەیەکی ڕوون و باوەڕپێکراو بۆ هەرنووســین و توێژینەوەو، سۆراغکردنێک بۆ ئەو بابەتانەی، کە پەیوەستن بەو هونــەرەی، کە گەورە هونەرمەندێکی وەک ع م ژیانی خــۆی بۆ تەرخان کــردوو، توانی لەدوای خۆییدا سامان و گەوهەرێکی گەورە لە تۆمارکراوەکانــی خۆیمان بۆ بەجێبهێڵێت. لەو ڕوانگەیەوە، تەنیا ئەو وێســتگانە دەخەینەڕوو کــە لەگۆشــەنیگاو ئاراســتەیەکی دیاریکراو پەیوەندیان بە لایەنێک لەلایەنەکانی بابەتەکەی ئێمەوە هەیە .

**یەکەم وێســتگە:** لەیلان ودیوەخانی شــێخ حەسیب تاڵەبانی (١٨٨٦-١٩٤٨).

لەبەشــێکی ناوەڕۆکی ئەوناونیشــانە ع.م بەوشــێوەیەی خــوارە باس لە ســەرەتاکانی دەستپێکی فێربوون و خولیاکانی هونەری مەقام وتنــی خۆی دەکات (.....لــە دیوەخانەکەی شــێخدا دوو دەنگخــۆش هەبوون، بەڕاســتی لەگۆرانی وتن وەســتا بوون، بەتایبەت ئاوازە ڕەسەنەکانی گەرمیان : یەکیان ( خدری بارام چــاوەش ) کەخەڵکی هەر ئەو دەوروبەرە بوو، ئەوەی تــری (کامیلی تەپەلۆیــی )کەخەڵکی ئاوایی ( تەپەلۆ)ی، ئەولای لەیلان بوو . .... خــدری بارام چاوەش شــارەزاییەکی چاکی لە مەقامە ڕەسەنەکاندا هەبوو و تەمبور لێدانیشی باشــدەزانی .... بــەڵام کامیلــی تەپەلۆیی، بەباشــی مەقامی ئەڵڵاوەیسی دەزانی و لەدوو شــێوەی ئەم مەقامەدا شــارەزاییەکی چاکی هەبــوو......... شــەوان لــە دیوەخانەکەی شێخ حەســیبدا ساتە خۆشەکان بەسەردەبران وبەڕێدەکران.

**وێســتگەی دووەم :** بەغــداو ئەزموونێکــی دەوڵەمەند .

هەرکەسێک ئارەزوو بکات چەند گرتەیەک لەدوایین ســەفەرو سەرهەڵگرتنی لاوێکی بەش مەینەتی وەک عەلی مەردان لەشــاری کەرکوک و دەورووبــەری بــەرەو پایتەخــت و بەغدای ئەوســای عێــراق بەچاوی ئێســتاو هەســتی

٦- ئەومەقامانەی بەشــی دووەم هەموو ئەو مەقامانە نیین بەڵکو ع.م زۆربەی مەقامەکانی تۆمارکردووە، نەک تەنیا بەزمانی کوردی بەڵکو بەزمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی مەقامی تۆمارکراوی هەیە .

٧- گەڵای پایز : بیرەوەری عەلی مەردان . ئامادەکردنی عەبدولقادر عەلی مەردان، ڕێکخستن ولێکۆڵینەوە ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە .

هونەرمەندانەوە بخوێنێتەوە، دڵنیام سەرەڕای هاوسۆزی و لەنزیک پەی بردن بە ناخی لاوێکی دڵشکاوی سەردەمانێک، کە لەهیچ ئاستێکدا لە ژیانی ئەمڕۆی ئەو کۆمەڵگایەمان ناچێت .. کۆمەڵێک زانیاری و بابەتی گەرم و گوڕی پەیوەست بەژیانی هونەری ئەوسای بەغدای پایتەختی عێراق وەدەست دێنێت، جگە لەوەی زۆر بەڕوونی ئەوەی بۆ ساغدەبێتەوە، کە ئەو هونەرمەندە پەڕاگەندە دڵشکاوە، هەر لەسەرەتایی جێگیربوون و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ژیانی ئەو شارە تا ساڵانی بەر لە کۆچباربوون، بەدرێژایی ئەو هەموو ماوەیە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە، سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت، کە دونیای دەنگبێژی و مەقامبێژییەکەی پێ دەوڵەمەند بکات، بۆیەش بەغدای پایتەخت بۆتە وێستگەیەکی دیکە بۆ دەوڵەمەندکردن و پەروەردەکردنی زیاتری توانا هونەرییەکەی، کە دیارترینیان سوود وەرگرتن و تێکەڵاوبوونیەتی لە موزیکژەنان و مەقامبێژانی ئەو سەردەمانەی بەغدای پایتەختی عێراق، کەوادیارە وەک سروشت و پێکهاتەی زۆربەی پایتەختەکان، پێکهاتەکەی تێکەڵاوبووە لەنێوان (عەرەب و کوردو جولەکەو ئەرمەن و کریستیان وکوردانی ڕۆژهەلات و .. هتد ) .

ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی ئەوسای بەغدا زەمینەیەکی لەباری بۆ ع م خولقاندبوو بۆ ئەوەی پەرە بە هونەرەکەی بدات، بەتایبەتیش بواری مەقامبێژی چونکە هەروەک ئاشکرایە ئەو شێوازە هونەرییەی وتن هەمیشە بەدرێژایی مێژووی خۆیی شوێنی گەشە سەندن و گرنگیپێدانی شارە گەورەکان بوونە .

هەربۆیەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لە نزیکەوە پەیوەندی هونەری لەگەڵ کۆمەڵێک مەقامزان و دەنگبێژی ئەوسای بەغدا و کەسایەتیە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی ئەوشارە دروست بکات .

**وێستگەی سێیەم :** ڕادیۆو دیداری دەنگبێژانی کوردستان .

ئاشنابوون و گوێگرتنی ڕۆژانە بۆماوەیەکی دووروو درێژ، لەو شێوازە وتنانەی کوردستان لەڕێگەی ئەو دەنگبێژانەی کە ڕوویان لەبەشی کوردی ئێزگەی بەغدا دەکرد وێستگەیەکی دیکەی هەمەڕەنگ بووە بۆ ئەوەی ع م گوێبیستی زۆرترین ژمارەی مەقامبێژان و هونەرمەندانی هەموو بەشەکانی کوردستان بێت، کە بۆتە هۆکاری ئەوەی لە نزیکەوە سوود لە هەموو شێوەزارەکانی کوردی پەیڤین و هونەری گۆرانی وتن ببینێت. وەک ئاشکرایە ئەوماوە زۆرەی کە لە لیژنەی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی گۆرانیبێژان بووە، بۆیان بۆتە ئەزموونێکی دیکە لەژیانی هونەریدا.

## هۆکارەکانی جیاواز بوون و سەرکەوتن

ئەوەی عەلی مەردانی هونەرمەند لەزۆربەی مەقامبێژانی کوردستان و تەنانەت هەموو عێراق جیا دەکاتەوەو دەیخەنە پێشەنگی ئەو مەیدانەوە، ئەو ڕاستییە سەلمێندراوانەن، کە دەمێکە لێرەولەوێ لە کۆڕو کۆبوونەوەکان ودیمانە هونەرییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام ئەوەی وەک پێویست بەو ئاراستەیە ئەنجام نەدراوەو توێژینەوەی بۆ نەکراوە، خستنەڕووی ئەو هۆکارانە و پەنجە خستنە سەری هەندێک لە تایبەتمەندیەکان و شیکردنەوەو ساغکردنەوەی ئەو توانا هونەریانەی ئەو زاتەیە. بەتایبەتیش لەبواری هونەری مەقامبێژیدا، بۆیە پێمان وایە جگە لە بەهرەی هونەریی وخولیاو ئارەزووی بۆ هونەری گۆرانی و مەقام وتن، هاوکات لەگەڵ ئەوکەش و هەوا دەروونییەی، کە لە سەرەتای ژیانیدا ڕووبەڕووی بۆتەوە، هۆکارگەلێکی دیکە بوون بە هێوێنی پێکهاتەی کیان و کەسایەتی هونەرمەند و گەورە مەقام بێژێک جیاوازترلەوانی دیکە، بەتایبەتیش ئەو سارچاوە ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆرانەی کە بوون بە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی هونەری مەقامبێژی لای عەلی مەردان. هەوڵدەدەین زۆربەیان لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە:-

**یەکەم :** عەلی مەردان لە سەرەتای تەمەنی لاویەتیدا، گوێچکەو قورگی بە بیستن و وتنی بەستە فۆلکلۆری و مەقامەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوک وەدەورووبەری کراوەتەوە. ئەو سەرەتایە بۆی بۆتە بناغەیەکی پاک و بەهێز لە کاروانی دوورودرێژی مەقام وتندا.

**دووەم :** ئەم زاتە خەم و کۆڵەمەرگی ژیان ناچاری دەکات سەر هەڵگرێت و لە ژینگەو کۆمەڵگایەکی دیکەی جیاواز لە زێدی خۆی درێژە بەژیانی تایبەتی و هونەریی خۆی بدات، کە شاری بەغدای پایتەختی عێراقە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا. دیارە وەک لە بیرەوەریەکاندا هاتووە چەند جارێک باسی تێکەڵبوونی خۆی دەکات لەگەڵ ژیانی هونەریی ئەوسای گازینۆکانی ئەوشاروەکۆمپانیاکانی تۆمارکردنی دەنگ. وا دیارە پێکهاتەی ئەوکاتی شاری بەغدا بەو پێیەی، کە پایتەخت بووە، جگە لە عەرەب ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی دیکەی ڕوویان تێکردووەو تیایدا ژیاون، بەتایبەتیش لەبواری هونەری دەنگبێژیدا، مەقام خوێنە دێرین و ناودارەکان و موزیک ژەنە غەیرە عەرەبەکان لەو شارە تۆمارێکی دەوڵەمەندیان هەیە ... نزیک بوونەوەو تێکەڵاوبوونی عەلی مەردان لەگەڵا ئەو نێوەندە هونەرییەی بەغدا بێگومان دەروازەیەکی دیکە بووە بۆ برەودان بە تواناو ئەزموونی هونەری خۆی.

**سێیەم :** عەلی مەردان جگە لەو دوو سەرچاوەی کە ئاماژەیان پێکرا، لەڕێگەی هونەرمەند مورتەزاخانی ئەسفەهانی لەشاری بەغدا فێرە وتنی کۆمەڵێک مەقامی دیکەی وەک: (ماهور، دەشت، هەمایۆن، سێگا)بووە، وەک: خۆی ئاماژەی پێدەکات لەو دیمانەی، کە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب لە گەڵی ئەنجامیداوە )٨ .

**چوارەم :** بەو پێیەی ماوەیەکی باش لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا سەرۆک لیژنەو بەرپرسی تاقیکردنەوەی دەنگبێژان بووە گوێبیستی هەموو شێوازەکانی دیکەی وتن بووە کەلە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە .

**پێنجەم :** سەرەڕای بەهرە هونەرییەکەی ئەم زاتە خولیاو خۆشەویستیەکی بێ ئەندازەی هەبووە بۆ هونەری مەقام بۆیەش هەمیشە لە هەوڵی گەران و فێربوونی زیاتر بووە، لە

---

-٨ دەقی دیمانەیەکی تۆمارکراوە، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب لەگەڵ ع م سازیداوە .

-٩ گۆرانیبێژە نەمرەکان بەشی یەکەم . دانانی باکوری ٢٠٠١ هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

گفتوگۆیەکــی هونەری لەگــەڵ خاتوو ئەحلام مەنسـوری نووســەرو ڕۆژنامەنووس ع م بەم شـێوەی خوارەوە سۆزو ئەوینی خۆی بۆمەقام دەردەبڕێــت : ( ئای مرۆڤ ئەگەر دڵناسـک وخــاوەن ژان بێ، هەرگیز نابێ خۆی لە مەقام بدا ت ! مەقام مرۆڤی دڵڕەقی دەوێ، گەروانەبێ دەیتوێنێتــەوە هەرچەند پتەو و گەشــاوە بێ دەیکاتــە خۆڵەمێش !! . مەقام ئای هاوار ... ئــای !.. مەقامم لەدەو دەرنەچــووە بەگریان نەبێ !...)٩ .

**شەشــەم :** هۆکارێکــی دیکــە پێکهاتەی خــودی و بابەتیانەی (ع م) خۆیەتی ئەو وەک مەقامبێژێکــی جیاواز ســەرکەوتوانە مامەڵەی لەگەڵا دونیــای هۆنراوەو دەقە شـیعرییەکان کــردووە، وەک مرۆڤێکی هەســت ناســک لە ناخــەوە لە گەڵ وێنای جوانی دەقە شـیعری و چەمکەکانــی نێو ئەو قەســیدە شـیعریانە ژیاوە، کــە هەڵبــژاردوون بۆ بەبــاڵا بڕینی ئــەو مەقامانەی، کە ئەدای کــردوون، گەڵێک نموونــەی جــوان و پڕئەدای بــەرزی هونەری هەن لەوبارەیەوە دەکرێت لە بابەتێکی دیکەی سەربەخۆدا باسیان لێوە بکرێت ....

بەڵام ئەوەی پێویســت دەکات لەو بارەیەوە زیاتر لەســەری بووەســتین بابەتــی گۆکردن و تەجویدکردنــی وشــەو پیتەکانــی دەقــە شـیعریەکانە .... ئــەو بابەتــەی لــە مەقام وتندا زیاتر لەهەر شــوێنێکیتر حزوری هەیەو بەربڵاوترو جوانتر هەستی پێدەکرێت لە سیاقی گشــتی و وردەکاریەکانی پەیوەست بە ئەرک و وەزیفەی کۆئەندامە بەرپرســەکانی گۆکردن و دەربڕیــن لای مــرۆڤ وەک ( زمان و لێو و لوت و بۆڕیەکانی گەرو و ســندوقەکانی دەنگ گەورەکردن و بەکارهێنانی هەناسە و .... .هتد لەو بارەیەوە ڕەخنەگری ناوداری بورای موزیک (عادل هاشـمی)١٠. لە نووسینێکدا سەبارەت بــە هونەرمەنــدی مەقامــزان عەلــی مەردان دەڵێت: (ناوە درەوشــاوەکانی گۆرانی کوردی زۆرن، بــەڵام ئــەرک و واجب دەیســەپێنێت بەســەرمان کە بڵێین:- دگمەنن ئەو ناوانەی، کــە توانیویانە داهێنان لە گوتنی گۆرانی وتندا بکەن، هونەرمەنــدی هەڵکەوتوو عەلی مەردان لە پێشەنگی ئەو کەمە ناوانە دێت کە داهێنان و هونەرمەندییــان لە تێگەیشــتن وتەجویددا نواندووە.)

هەر سەبارەت بەو بابەتەو هونەرمەند ئامانج غــازی لە پەرەگرافێکــی بابەتەکەیدا لە ژمارە (٣) ی چــلاواز، ئاماژەی بەچەنــد لایەنێکی هونــەری ئەداکردن وچەنــد لایەنێکی دیکەی هونەری بەرزی عەلی مەردان داوە.

## بەشێک لەتایبەتمەندیەکانی وتنی مەقام لای عەلی مەردان

هەوڵدەدەیــن ئامــاژە بەبەشــێک لــە تایبەتمەندیەکانی مەقامبێژی مامۆســتا (ع م) بدەیــن، بۆیە دەڵێین بەشــێک لەبەرئەوەی تا نووسینەوەی ئەودێرانە چەند مەقامێک هەن کە (ع م) وتویەتی دەســتمان پێی نەگەیشتووە گوێبیســتیان نەبووبین، بۆیە پێمان باش بوو زاراوەی بەشــێک لە تایبەتمەندیــەکان بەکار

زنجیرەی بەیەکەوە گرێدراوبن لەگەڵا ســرووت وگاتاکانی زەردەشــتیدا، چونکە ئەو شــێوازە وتنانە هیچێک لەو یاســاو ڕێســایانەی بەسەر جێبەجێ نابن کە لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق پێی دەڵێ: (**اصــول المقامات العراقیە**) تەنیــا بابەتــی ( دەســتپێک،تحریر) نەبێــت ..... لەچرکەسات ودەســتپێکی ئەو مەقامانە ع . م هەوڵیــداوە بــۆ زەمینە خۆشــکردن و چڕکردنەوەی دەستپێکی مەقامەکەو دیارکردنی کەســایەتی پەیژەکــەو تێرکردنــی گوێچکەی گوێگران بــەو کەش و هەوایــە تۆنەکانی ئەو ســەرەتایە درێژکاتەوە وئەو ڕێســایە پەیڕەو بــکات کە لە عێــراق پێی دەڵێــن (التحریر). لەوەشدا وەک شــارەزایەک توانیویەتی مۆرک ورەسەنایەتی شێوازە ڕەسەنەکانی مەقامەکان بپارێزێت،لەلایەکی دیکەوەش بەدەســتپێکێکی هونــەری جوان شــێوازی وتنــی مەقامەکان دەوڵەمەند بکات .



- دەستپێکی وتنی مەقام ڕاست -عەلی مەردان
شێوازی ڕێزبەندی تۆمارکراوە دەنگیەکەیە

بهێنین. لەلایەکی دیکەشــەوە دەخوازین ئەو دەروازەیــە بە واڵایی بهێڵینــەوە بۆ ئەوەی لە داهاتــوودا بتوانیــن درێژە بــەو بابەتە بدەین و،تایبەتمەنــدی و خاڵــە تــازەکان بخەینــە ڕوو، لەبەرئەوەی هەروەک چۆن لەســەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد ئەو کارانە لە بنچینەدا کاری دەســتەجەمعیە و پێویســتیان بە سەرچاوەی ماددی و مرۆیی پێویست هەیە .

-١ ( ع م )جیاواز لەگەڵ زۆربەی مەقامبێژانی کوردســتان هەوڵیــداوە زۆربــەی مەقامــە کوردیەکانــی گەرمیان بەئەدایەکی بەرزو جوان تۆمار بــکات، ئەو شــێوازە وتنانەی ناوچەی گەرمیــان دەمێکە ســاغ بۆتەوە کــە ڕەگ و ڕیشــەیەکی قووڵ وپتەویان بەمێژووی مرۆڤی کوردەوە هەیە. ئەگەری ئەوەش هەیە نزیکترین

**تێبینــی : ئەو دەستپێکەلەســەر دەنگی لا نووســراوەتەوە، بەڵام لە تۆمارکراوەکە وا دێتە گوێ کە ئەو مەقامە لە ســەر دەنگی (لا دێز ) تۆمار کرابێت .**

-٢ (ع .م) لە زۆربەی مەقامە تۆمارکراوەکاندا لە کاتی ســەرچوون و وتنــی ڕەگەزە دووەمی پەیــژەو مەقامەکاندا، هەوڵیداوە کەســایەتی مەقامەکە بپارێزێت و دواجار بەســەلیقەیەکی بەرزی هونەرییەوە بگەڕێتەوە بۆ تۆنی سەرەکی مەقامەکــە ( tonic ) . کــە دەکرێت بوونی ئەوتوانــاو ســەلیقە هونەریە یەکێــک بێت لە پێوەرە ســەرەکیەکان بۆ مەقامبێژێکی لێزان و سەرکەوتوو .

کە لە وتنی هەریەک لەمەقامەکانی ( ڕاست، ماهور، نەهاوەند، خەناباد، بەیات شور، بەیات

---

-١٠ الفنان الکوردی علی مردان . عادل الهاشمی، ڕۆژنامە (نوروزالعراق ) ژمارە وساڵی......؟

کورد، حیجازغەریب ) بەڕوونی ئەو ڕاستیانە دەدرەوشێنەوە .

-٣ (ع.م )جیاواز لە مەقامبێژانی دیکەی کوردستان هەوڵیداوە زۆر مەقام تۆماربکات بۆ نموونە: تا نووسینی ئەم چەند دێرە تەنیا بەدەنگی (ع م )گوێبیستی وتنی شێوازە وتنێک بووین، کە بە: (قۆریاتی ماڵەڵلا ) ناوزەدکراوە وەک پەیژە میانەکانی (بەیات )ە، زۆر نزیکە لە شێوە وتنی هیجرانی. سۆزێکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، ئەو شێوە وتنە لەمیانەی چوار تۆن ئەدا دەکرێت و لەپۆلێنکردندا دەچێتە خانەی ئەو نەغمەو شێوازە وتنانەی پەیژەی مەقامی بەیات، بۆنموونە ئەگەر بەیات لە سەر(لا ) بێت لە تۆنی (لا بۆ ڕێ ) بۆ بەرجەستەکردنی مەقامەکە بەکاردەهێندرێت، کە دەکاتە چواریلەی یەکەم .

(فا کاردێزە )وە بۆ ( سۆل ولاو )جارجارێک دنەی تۆنی ( سیکاروبیمول) دەدات .

ئەوەی باوە لە دونیای مەقام چڕین لە لای مەقامبێژانی عێراقی کە لە و جۆرە سەرچوون و تێهەڵکێشکردنانە جۆرێک لە ئازادی و شێوازی سەربەخۆییان هەبووە بۆ نمایشکردنی توانا دەنگییەکانی خۆیان بەڵام لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا. شعوبی ئیبراهیم لە کتێبەکەی (دلیل الانغام لگلاب المقام ) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پارچە بەیاتەی لە دوابەش لەگەڵ وتنی ئۆرفە تێهەڵکێش دەکرێت لە باکوری عێراق پێی دەڵێن: پارچەی زازا (**قطعة زازا**) ئەو بۆچوونەش لەگەڵ شێوازی وتن وپلەکانی سەرچوونی ئەو تۆنە دەنگیانەدا یەکدەگرێتەوە کە لەزۆرێک لەوتنی لاوکەکانی




دەستپێکی مەقام خەناباد ،وێردی یار یار
نووسینەوەی دەستپێکەکان شێوازێکی ڕێژەیی نزیک لە جوارچێوەی وتنەکانی نەک دەقاو دەق

-٤ (ع. م )جیاواز لە زۆربەی مەقامبێژانی کوردستان لە وتنی زۆرێک لەمەقامەکاندا دا ئەودەستپێکەی کە لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێیدا لەزۆرێک لە مەقەمەکاندا پێڕەوی کردووە، جگە لەوەش لەوتنی هەردوومەقامی ئۆرفەو دەشتدا (جیاوازلە زۆربەی مەقامبێژانی کوردستان )زۆر بەلێهاتووییەوە لە سەرچوونەکانیدا پارچە و نەغمەی دیکەی لەگەڵدا تێهەلکێش کردوون، کە لە ڕێساکانی (**اصول المقامات** )ی عێراقدا پێی دەلێن ( **قطع واوصال** ). مەقامی ئۆرفە کە ئەکسنت وتۆنی جێگیرو زاڵی پلەی پێنجەمی پەیژەی بەیاتە کە دەبێت ئەگەر لەسەر هەرتۆنێک بونیاتنرابێت وەک لە پێشەکیە ناسراوەکەی وتنی ئەومەقامە دەردەکەوێت، لە دوا بەش بەر لەکۆتایهێنان و گەڕانەوە بۆتۆن و ڕوحیەتی سەرەکی مەقامی ئۆرفە ع م پارچەیەک لە پلەی موحەیەر بە ئەدایەکی بەرزو جوان لە

کوردستان بەکاردەهێندرێت .

پێش کۆتاییهێنان بە دوابەشی مەقامی دەشت بەهەمان شێوە ئەوسەرچوونە دووبارە دەکاتەوە، کە لەمەقامی ئۆرفەدا بە هەندێک وردە سەرنجی زۆر بچووک ئەنجامی داوە. شایانی باسە ئەو دوو مەقامە ئەگەرچی وەک سۆزو دەستپێک وکۆمەڵێک بابەتی دیکە هەردووکیان خاوەن کەسایەتی خۆیانن و لە دابەشکردنەکانی عێراقدا لقێکن لە مەقامی (حوسێنی)، بەڵام لە باری پێکهاتەی پەیژەوە هەردووکیان لە بەکارهێنانی میانە دەنگیەکانیان هاوشێوەی یەکن بۆ نموونە: ئەگەر لەسەر هەرتۆنێک بنیاتبندرێن میانە دەنگیەکانیان بەو شێوەی خوارەوە دەبێت:-




ڕێڕەوی پەیژەی بەیات لا

## پابەندبوون بەڕێساکانی مەقامی عێراقی و هەوڵدان بۆ خۆجیاکردنەوە مەقام نەوا وەک نموونە

یەکێک لەو مەقامانەی، کە زۆر باوە مەقامی ( نەوا )یە، ئەوەی تا ئێستا گوێبیستی بووینە عەلی مەردان چەند جارێک ئەو مەقامەی تۆمارکردووە، بەگوێرەی هەندێک ئاماژە وا هەست دەکرێت زنجیرەی تۆمارکردنەکان لە ماوەو زەمەنی جیاوازدا تۆمارکراون، پێمان وایە ئەوەی لە سەرەتاکانی تۆمارکردنی مەقامەکان و زووتر تۆماری کردووە ئەوەیانە کە دەقی هۆنراوە فارسیەکەی تیادا بەکارهێناوە، لەو تۆمارەی مەقامی ( نەوا )دا هەست دەکەیت لە وتنی مەقامەکە زیاتر کەش و هەوای ڕێساکانی مەقامی عێراقی بەسەردا زاڵبووە (جیاواز لە جارەکا تر)بەو ئاماژانەی خوارەوە گروپەکە هەمان ئەو پێشەکیە موزیکیەکە لێدەدەن کە بۆ ئەو پەیژەیە ئامادەکراوە، کەش و هەوای عەرەبی پێوە دیارە، بەکارهێنانی وێردی ( حبی حبیبی ) لە کۆتایی مەقامەکە، کە ئەوەیان هەریەک لە مەقامبێژان (یوسف عومەر و یوسف حریش )بەکاریان هێناوەو، یەکێکە لە تەقلیدو ڕێساکانی وتنی مەقام نەوا.

سەرەڕای ئەو تێبینیانە، کە ئاماژەیان پێکرا (ع م ) لە ئەداکردنی ئەو مەقامەدا هەوڵیداوە لە کەش و هەوای شێوازە عەرەبیەکە دەربچێت، تەنیا لەدەستپێکی وتنی مەقامەکەدا خۆی بەدوور دەگرێت لە وەی پێی دەڵێن (جەلسە ) کە جوولەیەکە چوار دەنگ دادەبەزێت بۆنموونە: لە ( تۆنی سۆل بۆ دۆ ) . زیاتر لەجارێک و دووان ئەو جوولەیە دووبارە دەکاتەوە. لە سەرچوون و وتنی ڕەگەزی دووەمی مەقامەکە جیاواز لە شێوازە عەرەبیەکە بە جوولە و بازدانێکی میانە دەنگی پڕ لە سۆزو خاوێن دەگاتە ترۆپکی وەڵامی ئەو تۆنە دەنگیەی کە مەقامەکەی

لەسەر بونیات نراوە، لە سیکارەوە بەرەو دۆ، ڕێ و میکارودەنگی فاو پلە دەنگی سۆلی تیژ.

هەرچی تۆمارکراوەکەی جاری دووەمە، هۆنراوەکە کوردییەو گروپە موزیکەکەش گونجاوترو نزیکترن لە روحیەتی ئەدا کردنەکە و خۆی دەرباز کردووە لە بەکەرهێنانی ئەو وێردو کەش وهەوا عەرەبیەی جاری یەکەم و وێردی کوردی بەکارهێناوە .

جیاوازی شێوازی وتنی عەلی مەردان زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، بە بەراورد لە گەڵ شێوازی وتنی عەرەبی بۆ هەمان مەقام . هەوڵدەدەین لە چەند شوێنێکی گرنگی ئەداکردنی مەقامی نەوا بەراوردێک بۆ ئەدای هەریەک لە عەلی مەردان و یوسف عومەر بکەین تاکوزیاتر ئەو هونەرمەندە مەقامزانەی







خۆمان بناسین، کە چۆن لە و ڕۆژگارە تەنگە بە هەژاری ودەردەسەری و بێ پشتیوانی ئەم و ئەو توانیویەتی ئەو گەوهەرانە بۆ میللەتەکەی تۆمار بکات .

بۆنموونە : (ع م، و یوسف عومەر)نزیک لەو سەرەتا ڕێژەیەی نووسینەوەی تۆنە دەنگییەکان دەست دەکەن بە سەرەتای وتنی مەقامی نەوا بەکار هێنانی وێردی ( ئەما نەمان )بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازیەکان زۆر بەئاشکرا هەستیان پێدەکرێت .

## کۆتایی وچەند تێبینیەک

یەکەم : هونەرمەندی مەقامبێژ (ع م ) لەماوەی ژیانی هونەری خۆیدا لەنێو مەقامبێژانی کوردستان، بە تۆمارکردنی زۆربەی زۆری مەقامەکان خزمەتێکی لەبن نەهاتووی بە هونەری دەنگبێژی کوردستان کردووە.

دووەم : دڵنیاین لەوەی هەوڵدان بۆ نووسینەوەی سەرەتاو دەستپێکی وتنی مەقامەکان سەد دەر سەد نین (وەك ئەوەی تۆمارکراوە) بەڵکو کارێکی ڕێژەیی و نزیك لە تۆمارکراوەکەیە، کە بڕوامان وایە بۆ کاری بەراوردکردن و ناساندنیان (نەك ژەنین و ئەداکردن ) نووسینەوەیان باشترەو خزمەت بە بۆچوونەکان دەکات

سێیەم : بۆ سوود وەرگرتن لەو تۆمارکراوانەی ( ع م ) سوودی زۆرم لە ئەرشیفی برای ماندوو نەناس و،پارێزەری بە ئەمەکی ئەرشیفی هونەرمەندانی کوردستان .کاك ئەمیر محەمەد کەبابچی وەرگرتووە. بە پێچەوانەی مامۆستا (عەبدولقادرعەلی مەردان)ی، کوری هونەرمەندی خوالێخۆش بوو (ع م) کە بەداخەوە لە بەتەنگەوە هاتن و کارئاسانی بۆ خستنەڕووی ئەرشیف ومەقام وتۆمارکراوەکان چاوەڕوانی زیاتر لەبەرێزیان دەکرێت .

چوارەم : هونەرمەندی مەقامبێژ (ع م ) جیاوزتر لە زۆربەی مەقامبێژان لە زۆربەی ئەو مەقامانەی کە تۆماری کردوون هەمیشە ئەو توانان و دەسەلاتە هونەریەی ئەداکردنی خۆی بۆ دەولەمەند کردن و بەرفراوانکردنی ( دەنگەواری پەیژەکە ) خستۆتە کارو لە وتنی نموونەی چەند مەقامێکی وەك : ( ماهور، نەهاوەند، موحەیەر، خەناباد، دەشت وئۆرفە و بەیات شور ) چواریلەی دووەمی دەنگەکانی تێپەڕاندووە، دیارە بەرجەستە کردنی ئەو دۆخە هونەرییە لەئەداکردنی مەقام بۆ هەموو مەقامبێژێك نەلواوەو نالوێت .

پێنجەم : دڵنیاین ئەو هەوڵەی ئێمە بەدەر نییە لە کەموکورتی و تێبینی سوودبەخش، بۆیە سوپاسی هەر بەڕێزێك دەکەین تێبینیەکانی بخاتە سەر ئەو هەوڵە تاقانەو دەستپێکەی ئێمە بەئاقاری سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی توانا هونەرییەکانی عەلی مەردان بەتایبەتی لە بواری مەقام وتندا.

# بەدوای پێناسەیەک دەگەڕێن بۆتوانا دەنگیەکانی تایەر تۆفیق

ئارەزو ئیسماعیل

ئەو ڕۆژانە بەسەر چوون، کەتەنها بەشان و باڵی هونەرمەندو ڕۆشنبیرو زانایەکاندا هەڵبلێین و هیچ شتێک نەخەینە سەر خەرمانی ڕۆشنفکریەتی، تەنها قسەی ڕووت بۆخەڵکی بکەین و لەناوەڕۆکیشدا بەتاڵ و هیچ پێ نەبوو بین .

ئێستا ئەو زەمانەیەیە (هەرچەندە درەنگە ) کەپێویستمان بەتیۆرو لێکۆڵینەوەیە و شێوەیەکی ئەکادیمی جوان و بەرجەستەو پراکتیک کراو دەبێ بەناو شادەماری هونەرو جوانناسیدا بچین و ئەو کۆت و بەندە باوەی، کەهەیە دەبێ بپچڕێت و بێتە سەر پڕاکتتیککردنی ئەو لایەنانەی کەلەدنیادا زۆر لەمێژە کاری بۆکراوە، خەمی لێخوراوە، ئەوەی کەئێستا دەیخوێننەوە هەوڵێکە بۆئەو کارەی کەتائێستا نەکراوەو پێشمولیە کە دەبوا زۆر لەمێژ بوو بکرایە و ئێستا لقی کەی لێبوایەتەوەو بەهەرحاڵ،

دەریاش لەچەند دڵۆپێک ئاو پێک هاتوەو هەر تکەی بارانە کەلافاو دروست دەکات و زۆر شتی داڕێژراو تۆکمە دەڕمێنێ و وێران دەکات، هەر کرێکارێکی نەخوێندەوارو بەستەزمانیش دەتوانێ باڵەخانەیەکی چەندان نهۆم بەرزو لەخۆی بالآتر دروست بکات، کەچەندان مەتر لەخۆی بەرزو بالآترە، بەڵام ئێمە ئێستا لەبەر دەم باڵە خانەیەک وەستاوین و سەری لە کەشکەلانی فەلەکەو دەمانەوێت بزانین ئەو باڵەخانە بەرزو جوانەو سەر سوڕهێنەرە چۆن دروست کراوە کەلە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل دەچێت ئەوەی ئێمە باسی دەکەین بەڵگە ئەو دەنگە سەرسوڕهێنەرە سحراویانەیە، کەسێکمان نییە گوێمان لێی نەبوبێت ئەگەر بۆچرکەیەکیش بێت ئەو دەنگە هەڵوەستەی پێویستە قوڵ داچوون بەدنیای ئەو دەنگە ساف و بێ گەردە، بەرەو شوێنێکمان دەبات کەهەرگیز پێشبینی ناکرێت لەکوێوە ئەو دەنگە دێت ؟ من نایزانم ئەگەر تۆی خوێنەر زانیت :تکایە هەواڵێکیش بەمن بدە .

ئەو دەنگەی بیست و دوو ساڵ لەمەو بەر ماڵئاوی لێکردین و پێماننەزانی سالآنێکی دوورو درێژ بەر لەئێمە، باوکم لەتەمەنی هەرزەکاریدا ڕۆژێک لەچایخانەکەی (حەمە گەمحان) دەبێت بۆی گێڕامەوە: ( (هەموو خەڵک لەو چایخانەدا لەکاتی دیاریکراوی چاوەڕوانی ئاهەنگە کۆنسێرتەکانی تایەر تۆفیق بوون، کەڕادیۆیەکی گەورەی تێدابوو (ئەوسا بەپاتری کاری دەکرد ) ئەو چایخانەیەیە کپ و بێ دەنگ دەبوو هەموو خەڵک دەستی لەتاوڵە کردن و دۆمینەکردن هەڵدەگرت و گوێبیستی کۆنە ڕادیۆکەی حەمە گەمحان دەبوون. کۆیەو خەڵکی کۆیە هەمیشە ئەو عەشق و خۆشەویستیەی بەرامبەر هونەرو ئەدەب هەبووە)

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی مامۆستا تایەری نەمر کۆنسێرتە ناوازەکەی دەبێت باوکی تایەر تۆفیق کەبە ( تۆفیقە درێژ ) ناسرابوو لەوێ دەبێت سەیری بەو خەڵکە دێت کەهەموو کپ و بێدەنگ دەوەستن و چاوەڕوانی یەکەم تەپەی ڕتم و موزیک دەبن دوای ئەوەی کۆنسێرتەکە دەست پێدەکات (تۆفیقە درێژ ) سەری لەگەڵ

گۆرانیەکان بادەدات جۆرێک لەناڕەزای نیشان دەدات و دەڵێت: (برێ ئەولادم برێ کوڕی خەڵکی دەبێتە دکتۆرو موهەندیس . ئەتوش لۆمن دەبیە چاوەش ) منیش دەڵێم: چەندان دکتۆرو موهەندیس چوون و کەس نەیزانی کێ بوون ؟ بەڵام ئێستا ئەو زاتەیە و ئێستا ئێمە شەڕی لەسەر دەکەین و سەر مەست و حەیران بەرامبەری لەمنداڵیەوە ئەو دەنگە هەمیشە لەگوێچکەمان زرینگاوەتەوە و لەگەڵیدا ژیاوم .ئەو دەنگە تک تک وەک دڵۆپەی ژێر کوپەکانی ئاو لەڕێگای گوێچکەکانەوە دەتکێتە ناو ڕوح و ئاسودەی پێدەبەخشێت .بەدووری نازانم ئەو ئاسودەیەی ڕوحە بێت بیرکارێک بکاتەوە بۆئەو زاتەو بۆشیکردنەوەی هزرو خەمەکانی ئەو زاتە ڕێگای بەدوا داچوونی ئەکادیمیانە بگرێتە بەر بۆئەوەی لەسەری ئەو دەنگە بگەین نەوەکانی دوا ڕۆژیش یاخود بڵێین: یەکێک لەنەوەکان دیسان بەو ڕێگایە بڕوات و (تایەر تۆفیق) زیندوو بکاتەوە .

ئەم بەدوا داچوونو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیە لەماوەیەکی کورتدا لەدووتوێی کتێبێکدا دەکەوێتە بەردەستان و شیکاریەریەکی تەواوی گۆرانیەکانی تێدایە بە وێنەو هێڵی بەباتی بۆتوانا دەنگیەکانی ئەو زاتە سەرچاوەکان تەنها ئەو بەرهەمە گۆرانیە بەپێزانەن کەمامۆستا تایەر بۆی جێهێشتوین مەقامی بەیات ئەو مەقامەیە کە ( تایەر تۆفیق) زۆر بەبەرچاوی بەکاری هێناوە و تێبدا قاڵ بۆتەوە بۆیە لەو مەیدانەدا داهێنانی زۆری کردووە و چەندان جۆر چرپویەتی و ناسنامەیەکی تەواویشی بەو گۆرانیانەو بەو شێوەی کە لەسەر ئەو مەقامە گتوویەتی، هەربۆیەشە کە ئەو گۆرانیانە دەناسرێتەوە بەناوی شیعرەکانیانەوە دەتوانین دەست نیشانی جۆرەکانیان بکەین،لەو گۆرانیانەی کەهەموومان دەیانناسین (شیرن بەهارە،گوڵی سەربەستی، من بریندارم،چاوەکەم زانیوتە، فەلەک،ڕەحمێ بەماڵم کەوە) وچەندانی تر ..ناسنامەی خۆیان هەیەو بەهەر شیعرێکی تریی لەوجۆرە برگەیە بگوترێت، ئەوا دەزانین کەپەیوەندی بەمەقامەکاتی (تایەر تۆفیقەوە) هەیە .بەمشێو بەتایبەتی لەو مەقامەدا زیاتر لەسەر میانەکانی پێنج و چوارو شەشیەوە تەکنیکی قورگ و چرپین زۆر بەبەرچاوی دەبیسترێت وەشتێکی هەستپێکراوە مەقامی (حیجاز)ی، بەچەندان شێوەی جیا بەکار هێناوەو مۆرکی تایبەت دەدات، کەلەزۆربەیاندا لەومەقامەدا مۆرکی کۆیەی بەتەواوەتی پێوەدیارەو چەندان جار لەو مەقامەنەدا لەمیانە جیاکانیەوە دەست پێدەکات وجێگیردەبێت بۆنموونە لەهەندێک شوێندا میانەیەکی شەشی بچووک بەکار دێنێت و لەسەر تۆنی چوارەم جێگیر دەبێت، لەمەقامی (دڵە بەهیوای گەردن پرخاڵان ) لەمیانەی چوارەم دەست پێدەکات کەچی لەمەقامی (دڵی بردم بەنازو عیشوە) کەزۆر تایبەت گوتراوە میانەی سێی بەڵام هەندێک جار (چارگاتۆن )ی تێدا بەکاردێت و لەسەر میانەی چوارەم جێگردەبێت،هەرلەهەمان مەقامدا گۆرانی (لەم کولیەی ئەحزانە ) کەتاکە گۆرانی کوردیە ڕیتمەکەی ٤/٧ بێت (جگە لەبەشێکی گۆرانیەکەی چەندی گەڕام لەشاران)ی هونەرمەند هۆمەر دزەیی زۆر بەسەر کەتوانە ڕیتمەکەی بەکاردەهێنێت و توانایەکی باشی خۆی پێ نیشان دەدات لەبەکار هێنانی ئەو ڕیتمە قورسەدا .

لەکارکردن لەسەر مەقامی (سەبا ) دا ئەوەندە مۆرکێکی کوردی داوەتێ کەهەر کەسەک گوێبیستی بێت ناتوانێت شایەتی ئەوە نەدات کەڕەچەڵەکی ئەو مەقامە ئی شاخ و کێوەکانی کوردستانە . بۆیە کاتێک شیکردنەوە لەمیانەکانی ئەو مەقامە دەکەین بەو جۆرەی کەئەو بەکاری هێناوە بریڤێک لەدەستپێک لەمیانەی سێەمی دەست پێدەکات و خێرا دەچێت بۆمیانەی چوارەم و دواتر بۆمیانەی شەشەم و حەتەم و بەناو ئەو میانەدا دیسان گوزەر دەکاتەوەو دەچێتەوە بۆ دەنگی بنچینەی ئەوە لەمەقامی (دڵ لەحەسرەت دوو نێرگزی پرخەونەوە ) کەچی لەمەقامی جیهانم پشکنیوە ) لەمیانەی چوارەم دەست پێدەکات و لەمیانەی سێیەم جێگیر دەبێت دواتر بۆمیانەی دووەم ئینجا بۆبنچینە کە هەر لە دووەم مەقامدا کەهەر دووکیان زادەی مەقامی (سەبا )ن، دوو بەکارهێنانی زۆر جیا کەچی مۆرکێکی کوردی زۆر ڕەسەن بەکار دەهێنێ .

بەهەمانشێوە لەمەقامی (ڕەست)دا )چەندان داهێنانی گەورەی کردووە کەنووسین و باسکردنیان لێرەدا لەو نووسینەدا زۆرئەستەم و گرانەو پێموایە داهێنان دەکەین ئەگەر لێرەدا بینووسین بۆیە ئەوەیان لەدوو توێی کتێبەکەدا بەوردی دەچینە سەری دیسانیش لەبەر زۆری لایەنە وردەکانی مەقامەکانی خیام کەبەدەنگی (خاڵە تایەر) وەبەبێ موزیک و تۆمارکردنی کاک (ئەمیر محەمەد کەبابچی) یەوە دیسان ئاستەنگێکی ترە کەلەم نووسینە کورتەدا بتوانین بچینە سەری .

ئەمەی کەدەمەوێت بیڵێم: کۆمەڵێک داهێنان لەکارەکانی قورگی ڕەسەنی (تایەر تۆفیق)دا هەیە کەتائێستا پێمان نەزانیوەو کاری جدی بۆنەکراوە هەرچەندەپێم وایە لێرە بەدواوە ببێت بە کەلتورێک کەبەدواداچوون بۆکارەکانی پێشخۆمان بکەین و شیکردنەوەی ئەکادمیانەی بۆبکەین،بۆئەوەی بزانین پێش ئێمە چی کراوە و ئەوانی دوای ئێمەش بزانن ئێمەش چیمان بۆئەوان کردووە لەسەر ئەو بنەمایانەی کەئەکادمیانە داهێنانی نوێ بکەین.

**لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری بنکەی مەقام ئەو ناونیشانە ئامادەکراوە بۆ بیست و دووەمین ساڵیادی هونەرمەند تایەر تۆفیق**

# هونەرمەندان و وشەی مەقام
# لە ڕیپۆرتاژێکی تایبەتدا

ئامادەکار: چیایی سەنائەدین

سـەبارەت بـە بابەتـی بەکارهێنان و گۆڕینی ( وشـەی مەقـام و پەیڕەوکردن و نەکردنی ئەوەی لـە عێراقدا پێی دەڵێن: (**اصول المقامات** ) بەباشمان زانی لە نزیکەوە بیروبۆچوونی کۆمەڵێک هونەرمەندی بواری موزیک و گۆرانـی وەربگرین. هونەرمەندانی بەشـداربووبەو تێبینیانـەی خـوارەوە بابەتەکەیان دەوڵەمەند کرد :

**هونەرمەندی موزیکژەن جان تۆماس:-**

بێگومـان مەقام وشـەیەکی عەرەبیە، دەبـێ ئێمە وشـەیەکی تـر بەکاربێنین لە کوردیـدا بـە بۆچوونی من ئەو وشـەیە کە لێی نزیکـە پەیوەندییەکی لەگەڵ سـکێلی (ئینگلیزیدا) هەیە وشەی (هەستانە)چونکە سـکێلی موزیکی واتە پەیژە بۆ سەرکەوتنی دەنگـی موزیکی یـان ئەوانەی لـە بواری زمانەوانی شارەزان دەتوانن بڕیار بدەن کە چ وشەیەکی شیاوتر هەیە بۆ بەکارهێنانی.

وەڵامی دووەم/نەخێر دوای ئەوەی توانیمان کە وشـەی (مەقـام) بگۆڕین بـۆ کوردی دەتوانین ڕێبازی ئەو هەستانە پەیڕەو بکەین بە کورتی واتای شـێوازەکەی دەبەخشـێ کە ئەمەش دوورمـان دەکاتەوە لە (**اصول المقامات** ) کە عەرەب پەیڕەوی دەکەن.

**موزیکژەن نورەدین جاف:-**

دەربارەی وشـەی (مەقـام) واتایەکی چەسـپاوە تەنانەت بۆ ئەو کەسـانەیش کە مەقام دەخوێنن. بەڵام ئەگەر بکرایە هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی وشەیەکی دی هەبوایە بەرامبەری لە کوردیدا ئەوا باشتر بوو. ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ تازە هەر بە (مەقام) نـاوی دەرکردووەو تەنانەت ئەوەتا خۆتان ناوی دەزگاکەتان بە (بنکەی مەقام) ناونراوە.. .

پ٢/ کـە دەڵێین مەقامبێژ یان مەقامزان لێرەدا خۆی لە خۆیدا واتاکەی وا دەگەیەنێ کە ئەو هونەرمەندە شارەزایی هەیە لە مەقام کەواتە دەبێ لەکاتی مەقام چڕیندا شـێوازی وتنەکـەی پابەندبوونی بـە میللەتەکەیەوە هەیـە و هەر میللەتێک تام و چێژێک دەدات بە مەقامەکان....بەڵام یەک شـت هەیە کە پێی دەڵێن (**اصـول المقامـات**) بە واتای پابەندبوون بە ڕێچکەی پەیژەی مۆسـیقایی مەقامەکە چۆن هەر مەقامێک یاسـای خۆی هەیە لە دەست پێکردن و چوونە ناو مەقامەکەو شێوەی داڕشتنی و ئەنجا تەسلیمکردنی ئەمە جگە لەوەی هەندێ مەقام بەبێ ریتم (ایقاع) دەوتـرێ و هەندێکی دی بـە ریتم (ایقاع) دەوترێ تـا مەقامەکە تـەواو دەبێ ئێمەی کوردیـش کە خاوەن هەندێ مەقامی تایبەت بە خۆمانین هەر وەک: ئەڵڵاوەیسی و قەتارو خاوکـەرو ئـای ئای و خورشـید و هیجران هەروەها کە خاوەن حەیران و لاوکیشـین و سیاچەمانە.....دەبینین مەقامە کوردیەکان بەبێ ریتم دەوترێن لەکاتی چڕینی مەقامێکی ڕۆژهەڵاتی وەک بەیات یان راسـت مەقامبێژ پابەند دەبێ بە ریتم .. ئێمە لێرەدا دەیکەینە دوو بەشـەوە:- یەکەم پێی دەڵێین (**اصول المقام**) کە ئەمە ڕێچکەی مەقامەکەیە، دووەم پێی دەڵێین شـێوازی وتن لێـرەدا بلیمەتی هونەرمەندی مەقامبێـژ دەردەکەوێ و تا چ ڕادەیـەک کاریگەری میللەتەکەی لەسـەرە، هەروەک مامۆسـتای مەقامبێژ عەلی مەردان مەقامی راستی خوێندووە کەچی لە (**اصول المقام**) لای نەداوە بەڵام شـێوازێکی کوردی تەواوی داڕشتووە لەناو مەقامەکەدا هەروەها بەیـات و مەقامەکانـی دیـش ... هەروەها هونەرمەند تایەر توفیق بەهەمان شێوە تام و چێژی کوردی خستووەتە ناو ئەو مەقامانەی وتوویەتـی .. لە کۆتاییـدا دەڵێین: پابەند بوون بە ڕێچکەی مەقام پێویسـتە بەڵام لە شێوازی وتندا مەقامبێژ سەربەستە....

**گۆرانیبێژ حوسین شەریفی :**

– لەبەرئەوەی مەقام وشـەیەکی گشتییە چاک وایە وەکو خۆی بەکاربێتەوە، لەبەرئەوە بە شـێوەیەکی گشـتی چ لە (شۆڕەوەی) تورکیـا چ لە ئێـران چ لەنـاو عەرەبەکان هەرمەقـام بەکاردێنن . لەبەرئەوە شـتێکی پیرۆزە پێویسـت بە گۆڕینی مەقام ناکات، بە ڕای من وشـەیەکی زۆر باشـە شـێوەی (بەهلەوی)یە مەقام یعنی قووڵەکە شـتانی

جوان.

— بەڕای من مەقاماتی عەرەبەکان بەخاتری ئەوەیە کە شتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە باشتر ئەوەیە لە دوو (میتود) باسیان بکەین، ئەوانەی کە لە کوردیەوە نزیکن , میتود لە ئێراندا هەیە زۆر زۆر بە میتۆدی پێناسە کردنی مۆسیقای کوردی نزیکە، دوای وەکو مۆسیقای عام سوودی لێوەردەگرین، کە لە ئەوروپاش سوودی لێوەردەگیرێ بۆ نموونە: (گام) گامی بچووک یان گامی گەورە گامی ماهور . لەبەرئەوە وتم میتۆد چ لە فارسی و چ لە کوردی هاوبەشن لە تورکیاو لەلای عەرەبەکانیش ئەسلەکەی وەک خۆی ماوە، یان کوردیە یان فارسیە سوودیان لێ وەرگرتووە نموونەی وەک (نەهاوەند) کە ناوی شارێکە لە ئێران (شوور) وەک (سێ گا) وەکو (چوار گا) واتا ئەو میتۆدانە نزیکترن بە هەڵسەنگادنی مۆسیقای کوردی مەسەلەن بۆ نموونە: (ئەفشاری) (ڕاست پێنجگا) ئەمانە هاوبەشن لە بەینی کوردو فارس و تورکەکان و عەرەبەکانیش ئیستیفادەیان لەم زمانە وەرگرتووە .

**گۆرانیبێژ سەلاح محەمەد :**

گومانی تێدا نییە وشەی مەقام وشەیەکی بێگانەیە، هاتۆتە ناو زاراوەی کوردی. مەقام بۆ گەورەیی شکۆ وجێگاو ڕێگاو خاوەن دیوەخانیش بەکارهاتووە بۆ نموونە دەڵێن: فلانکەس خاوەن جێگاو مەقامی خۆیەتی. بۆ شێوازی وتنەکەش بەڕای من پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفراسیش هەیە، چونکە ئەونییە ئەوانەی دەوروپشتمان وەکو عەرەب و فارس و تورک ئەوانی تریش ئەگەر بۆ گوتنی مەقام هیچ وشەیەکی تر بەکار ناهێنن هەر بە مەقام ناوی دەبەن بەس ئەوا پێویست ناکا ئێمەی کوردیش بیگۆڕین، بەڵام ئەگەر بیر لە گۆڕینی بکرێتەوە من گوێم لە هەندێ وشەی بووە کە گوتراوە هەڵدانەکی چاکی بۆ هەستان واتا وشەی هەڵدان بەکار هاتووە لە کوردەواریدا لە شوێنی وشەی مەقامە.

—مەقامبێژ ئەگەر موزیکژەن بێت زۆر جوان و وەستایانە مەقام دەچڕێ، چونکە پەیژەکانی موزیک شارەزایە و ئەگەر دەنگیشی خۆش و لەبار بی بۆ مەقام وتن بەبێ گومان زۆر بە جوان و خۆشی دەیخوێنێ. بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لەو مەقامبێژە ڕەسەنانەی پێش خۆمان بدەینەوە دەبینین.هیچیان دەرچووی هیچ کۆلیژو پەیمانگایەک نەبوون و زۆر بە وەستایانەش مەقامیان خوێندووە بۆ نموونە: (کاوێس ئاغا و سێوە و تایەر تۆفیق) بەڵام دەماودەم لەو مەقامبێژانەی پێش خۆیان گوێ بیست بووینە و بۆیە دەقاودەق لێیان وەرگرتوون و فێری بوون من وەک (م. تاهیر حەوێزی) لە بەرگی دووەمی کتێبی مێژووی کۆیە نووسیویەتی دەڵێ: (جەنیل) کە مامۆستای (سێوەی) مەقامبێژ بووە گوتویەتی:-

(ئەو سێوەیە هەموو مەقامەکانی ئێمەی تێک داوە یان دەبێ بیکەم بە باشترین مەقامبێژ یاخود ناهێلم مەقام بڵێ).

لەهەمان کتێبەکەی مامۆستا تایەر حەوێزی نووسیوویەتی دەڵێ: سێوە گووتوویەتی (من لەسەر هەر وشەیەکی دەشەقم خواردیە هەتا فێری مەقام گوتن بویم ئێستاش دەبینم هەرچی هەڵدەستێ و دەم تێوەردەدا).

**موزیکژەن چالاک سەدیق:-**

باشتر وایە بیر لە وشەیەکی تر بکەینەوە لەجیاتی وشەی مەقام بۆ نموونە ئێرانیەکان وشەی دەزگا بەکارئەهێنن یان هەرفۆرمەی ناوی خۆی بێت وەکو لاوک فەتار، ئەڵڵاوەیسی هۆرەو تا دوایی.

— لەبارەی (**اصول المقام**) مەرج نییە ئێمەی کورد کۆپیەک بین لە شێوازی وتنی مەقامی بغدادی یان کۆپی ئیرانی بەڵام دەکرێت سوودیان لێ ببینین لەیاسای دەست پێکردن و چوونە ناو بابەت و کۆتایی پێهێنان ئەمە لە کاتێکدا مەقامە ڕۆژهەڵاتیەکان و ئێمە کوردیش هاوبەشین تیایدا بۆ نموونە مەقام یان دەزگای ڕاست کە هونەرمەند عەلی مەردان یان تایەر توفیق شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە وەکو مەقام خوێنی کورد بۆ نموونە چەهـ چەهەی بولبول یان ڕاستێکی عەلی مەردان ئەوا چەژنە دەست لە مل یارن تا دوایی کە مەقامێکی ڕاستی شێوازی کوردیە یاخود مەقامی بەیات کوردی عەلی مەردان بەناوی ئەی مانگ کە زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە یاخود حیجازەکانی تایەر توفیق کە زۆر تایبەتن دەکرێت چەندەها نموونەی تر لە مەقامبێژە نەمرەکان بکەینە نموونەو ڕێچکەی فێربوونی مەقام فێربوون و دیراسەت کردن.

**موزیکژەن شێرزاد شێخانی:-**

ڕاستە کە وشەی (مەقام) وشەیەکی عەرەبییە کە بە مانای (جێگاو پایە) دێت یان گەورەیی هەر جێگایەک بەڵام لە کوردیدا وشەی ترمان هەیە وەکو (هەستان) یان (بەستەو هەستان) واتە ئەوەی مەقامبێژ و باسی هەستانی کردووە کە گووتوویانە هەستانمان بۆ بڵێ واتە شتێکمان بۆ بڵێ کە ڕیتمی نەبێ بەدەر لە زاراوەی بەستەکە، بۆ ئەو جۆرە گۆرانییانەی کە ڕیتمن لەوانەیە بەکارهێنانی وشەی تازە لە سەرەتا تا ڕادەیەک هەندێک لەوانەیە خەڵک وەری نەگرێ،بەڵام ئێمە دەتوانین لە فەرهەنگی کوردی بەکاربێنین بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەبەرە بچێتە هزرو بیریان.

— نەخێر لەبەرئەوەی کورد نەکەوتونەتە سەر ڕێچکەی گشتی تەواو بەڵام دەتوانین سوود لە دەوروبەری خۆمان وەربگرین ئێمە هەموو کات دەگەڕێینەوە سەر بارودۆخی سیاسیەکەی خۆمان لێرەدا دەتوانین سوود لە مەقامە کوردییەکان وەربگرین و، سوود لە دەزگا ئێرانیەکان وەربگرین چونکە هونەری کوردی لە هونەری فارسیەوە نزیکەو، بەبڕوای من دەتوانین زیاتر سوود لەوان واتە دەزگای ئێران وەرگرین.

**موزیکژەن مامۆستا هێمن:-**

— ئەگەر بکرێت شتێکی باشە بەڵام زەحمەتە چونکە بناغەی کوتاوە و بە مقام ناسراوە و بە بڕوای من هەر ئەو ناوەش هەڵدەگرێ چونکە دەماو دەم بۆمان هاتووە ئێستە زەحمەتە ئێمە بیگۆڕین.

— مەرج نییە چونکە ڕوحیەت و سروشت زۆر جار کار لەسەر ناخی مرۆڤ دەکات و

مانایەکی تایبەت بەو شتە یاخود بیرۆکەیە دەبەخشێ کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوەو یاخود بە نیازی ئەنجامدانی کە باسی سروشت دەکەین زۆرجار کاریگەری لەسەر ناخ دەکات و شێوازو روحیەتی مەقامەکە دەگۆڕێ بەڵام ئەگەر پەرە بە بنکە مەقامیەکان بدرێت و لە سەر ئەساسێکی زانستی قوتابی ئەو بوارە پەروەردە بکرێت شتێکی زۆر بە سوودەو کاریگەری خۆی بۆ داهاتوو دەبێت و ئێمەش پێی سەربەرزو سەرفراز دەبین.

**گۆرانیبێژ دانا عەبدولجەبار:-**

– دیارە وشەی مەقام وشەیەکی عەرەبیە تاکو ئێستا ئێمەی کورد هەر وشەی مقام بۆ مقام بەکار دەهێنین بەداخەوە تاکو ئێستا نەک تەنها مەقام بگرە چەندین وشەی تری عەرەبی هەیە کە وشەیەکی کوردی گونجاو نەبووە بەرانبەری داینێین بەڵام من بەڕای خۆم ئەگەر وشەی مەقام بەکاربهێنین پێم ئاسایە و ئەگەر لەدوای وشەیەکی کوردی بگەڕێین کە گونجاو بێت تەنها وشەی (هەستان)ە، کە پێم وایە لە کۆنەوە لە کوردەواریدا وتوویانە فلان گۆرانیبێژ زۆر جوان بۆی هەستا یاخود هەستانەکەی زۆر کاریگەر بوو ئەمە وەک نموونەیەک کە لە مەجلیس و ئاهەنگەکاندا ئەم وشەیە واتە (هەستان) بەو شێوەیە بەکارهاتووە لەجیاتی وشەی (مقام).

– من پێم وایە تاکوئێستا لەولاتی ئێمەدا هیچ دەزگایەک یان پەمانگەیەک تایبەت نەبووە بۆفێربوونی مەقام بۆیە لەم بوارەدا زۆرکەمتەرخەمی هەبووە جا کەمتەرخەمیەکە نەبوونی شارەزایە یاخود پسپۆڕی یان مەسەلەکە بەهونەر وەرنەگیراوە بەڵام خۆی لەخۆیدا بەتایبەتی کەسانی گۆرانیبێژ پێویستە پێش ئەوەی لەبواری گۆرانی گوتندا کاربکات دەبێ بنەمایەکی پتەوی هەبێ لەڕووی فێربوونی مەقامەکان و ناسینەوەیان وچۆنیەتی وتنیان بەشێوازێکی راست وزانستیانە چونکە هەموو بەستەیەک لەسەربناغەی مەقامێک یان زیاتردروست دەبێ و ئیشی لەسەردەکرێ بۆیە من پێم وایە نەک وەک هەموو میللەتانی دنیا وانەی تایبەت بخوێنێت دەبێ هەرمیللەتێک شارەزای کەلتوری خۆی بێت لەفەوتان بیپارێزێت.

**خەسرەو جاف:-**

– من لام وایە واژەی مەقام ئەوڕۆ گونجاوتربێت تاهەر وشیەکی تر لێگەڕێ تا خەڵکە زۆرەکە ئاگادار بێتەوە لەبەزم و بەرنامەی مەقام وشیعرەکانی ئەودەم خوا کەریمە بۆ ناوێکی گونجاوتر. براعەرەبەکانمان وەک زۆربابەتی تر داگیرکەرانە بیردەکەنەوە بنوارە مەقام و ناوەکانی و سەرەتاکانی مەقام و هەوارگەو ڕەگەزەکانی مەقام، ئایا ئیتر پەوەندیەکی لەگەڵ یەمەن و حەزرەمەوت مەککەو مەدینەو قاهیرەو موریتانیدا هەیە ؟ .

– بەندە لەگەڵ هونەرمەندانی عارەبدا لەم ڕووەوە زۆر دواوم و بۆتە کێشەش لەنێوانماندا بڕێکیان دان بەمێژووی مەقام دادەنێین و بڕێکی تریان سوورن لەسەر عەرەبی بوونی مەقامی سێگاو پێنج گاو هەمایۆندا تابگاتە ئەوانی تر هیچ لێکدانەوەی ئەکادیمی لەگەڵ دەمارگیروو بۆچوونی مەزاجیدا نەدەگونجێت و، نەسەریش دەکەوێ من لام وایە دەریایەکی وا پانوپۆڕی هونەری مەقاماتی ئیرانی سودی وەرگرتبێت واقیعیەتی مقاماتیش هەرئەوەیە چ نیاز بەجیگەی تر..؟

ئەمن ناڵێم جێگەوبۆچوونی تر لەبیر بکرێت بەڵام واچاکە ئاو لەتاڤگە بخرێتەوە ناجۆگە.

**کارزان رەشید زێدان:-**

— ئێمە وەک میللەتی کورد سەرەڕای ریشەو ڕەچەڵەکمان کە لە مێژووی هەموو جیهاندا هەین و ناومان هەیە، بەڵام کێشەکەمان لە شتێکدا هەیە دەتوانین بڵێین: پسپۆرمان نەبووە هەر لە سەرەتاوە نەمانتوانیوە بایەخ بەو لایەنە بدەین سەبارەت بە وشەی (مقام) ئێمە لە هەولێر و وشەکمان هەیە کە وشەیەکی کوردی جوانە پێی دەڵێین (هەستان)،بۆ نموونە دەڵێین (هەستانێک دەڵێ) ئەم وشەیە نەک وەک وشەیەک کە وەرگێڕدراوی (حەرفی) بێت، بەڵام زۆر لێی نزیکە دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی کە (هەستان لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر، دەربارەی وشەی (مقام) دەتوانین لە ڕێگەی (ئەکادیمی کوردی) و هاوکاری ئێمەی (موزیکار) بڕیار بدەین وشەیەکی جوانترو بەپێزتری بۆ دابنێین.

به حوکمی ئەوەی کە عەرەب زیاتر گرنگیان بەو بوارە داوە ئەتوانین سوودێکیان لێ وەربگرین ئەمەش ئاساییە چونکە لە ڕووی موزیکەوە جیاوازی چین و ڕەگەزایەتی ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان بیگۆڕین بیخەینە فۆرمێکی تایبەتەوە بۆ نموونە، مەقامی عەرەبی وەربگرین و جلێکی کوردی لەبەر بکەین کە زۆر ئاساییە (**اصول المقامات**) بخوێندرێ بۆ لێک جیا کردنەوەی لە مەقامە کوردییەکان و دراوسێکانی و روحیەتەکانیان، بۆ نموونە مەقامێکی وەک (بەیات) وەربگرین، بە عەرەبی بە شێوەیەک دەگوترێ بە کوردی بە شێوەیەک بۆ نموونە لە گوتنی کوردیدا (لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و دهۆک) لە یەکتری جیاوازە.

**مەقام ناس باوەزیر عبداللە:-**

یەکەم: وشەی مەقام زاراوەیەکی زۆر کۆنە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەکاری دێنن بۆ شێوازی ئاوازو گۆرانی بەڕای من گۆڕینی ئەم زاراوەیە سەرکەوتن ناهێنێ،ئەگەر هەر وشەیەکی تر بدۆزرێتەوە شوێنی ئەم زاراوە ناسراوە (مەقام) ناگرێتەوە.

دووەم: مەقام شێوازو جۆری گەلێک زۆرە مەقامە سەرەکیەکان وەکو بەیات، رەست، نەهاوەند......ئەم مەقامانە ڕەنگ وشێوە و شێوازیان ناسراوە لای مۆسیقیەکانی ئەکادیمی بەڵام دەکرێت ئێمەی کورد چوارچێوەیەکی تر پەیڕەو بکەین بە مەرجێک کاریگەری نەبێ لەسەر شێوەی ئەم مەقامانە لە جیهانی موسیقاو گۆرانی.

# ئەگلەنجەو کۆڕی شەوانی هەولێر

سروود فوئاد

**کورتەیەک دەربارەی شاری هەولێر**

هەولێر بەیەکێ لەشـارە کوردسـتانیەکان دادەنرێـت کـە خـاوەن مێژوویەکـی دێرینە و یەکێکـە لـە کۆنترین ئەو شـارانەی کە تا ئێسـتاش بە بەردەوامی مرۆڤی تێدا ژیاوە، و نـاوی هەولێر کۆنە وەکو خۆی، هەروەها ناوی لە زۆر نوسراوەکانی سەردەمانی کۆن هاتووە، یەکەمجار ناوی نووسراوەکانی شای سۆمەریەکان (شۆلگی) لە ٢٠٠٠ پ.ز بەشێوەی (ئۆربیلیۆن) یان (ئوربلیوم)، وەلای ئاشووریەکان بەشێوەی (ئەربەئیلۆ) یـان (ئەربەئلـۆ) ئەمەش ئەوە ناگەیەنـێ کە ئاشـووریەکان ئەم شـارەیان دروستکردبێ وەکو هەندێ لە پسپۆران دەڵێن، بەڵکو خۆی ئەم شـارە هەبوو کە ئەوان هاتن و کردیانـە مەڵبەندی خواکانیـان (ئەربائیلۆ) واتـە چوارخواکە، وەلای فارسـەکان بە ناوی (ئەربایەلۆ) پاشان (ئەربیرا)، لای یۆنانیەکانیش بەنـاوی (ئەربیـلا) ناسـراوە، لەسـەرچاوە ئەورپیـەکان ناسـراوە، بەلاّم لە سـەرچاوە ئەورووپیەکان بەتایبەتی ئیسپانی و پورتوگالی بەناوی (ئەربیل یان ئەربلی) ناسـراوە، بەلاّم لە سـەرچاوە تورکیەکان بـە (ئەربل، ئەبرل، بیبرول) دەناسـرێ و لە سەرچاوەی عەرەبیش بە (ئەربل) دەناسرێ، بەلاّم خەڵکەکەی ناویان ناوە (هەولێر) ().

## جوگرافیای هەولێر

هەولێر دەکەوێتە ناوچەیەکی زورگاوی نزیک ناوچەیەکی شـاخاوی لە باکوری ڕۆژهەلاتەوە، لەلایەکی تر ناوچەیەکی دەشـتایی لە باشور و باشـوری ڕۆژئاوا، لەسەر هێڵی پانی (٣٦/١) بـۆ باکور، هەروەها هێڵی ئەسـتونی (٤٢/٢) بۆ ڕۆژهەلاّت، بەرزایشـی لەسەر ئاستی رووی دەریاوە دەگاتە (٤١٤) مەتر ().

## ئەگلەنجە

ئەگلەنجە داب و نەریتێکی هەولێریانە، وشەی ئەگلەنجە لە (ئەجـلان) هاتووە واتە (کەیف کـردن یان ڕابوردن)، ئـەم نەریتەش بریتییە لـە ئاهەنگێک کە ماڵێک پێی هەڵدەسـتان و بانگێشتی خزم و برادەر و دۆستانی خۆیان دەکرد لە ئەنجامی ژن گواسـتنەوە یان سونەتکردنی کوڕێکیان یان گەڕانەوەی کەسێکیان لە سەفەر یان چابوونەوەی کەسێک لە نەخۆشی یان هەر خۆشـییەکی تر، ئەگلەنجە هـەردەم لە کاتی شـەودا لە پاش خوێندنی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) دەسـتی پێ دەکرد، پێشتر خواردن و خواردنـەوە و لەلایەن ماڵی ئاهەنگ گێڕ دابین دەکرا و بانگێشتی هونەرمەندان لە گۆرانیبێژ و موزیکژەن دەکرا، پاشان دەست بە ئاهەنگەکە دەکـراو لەم ئاهەنگـەدا هەموو جـۆرە کانی بەسـتەو مەقام و قۆرییـات و غەزەل وچەرەم و لاوک و حەیـران و گۆرانی فۆلکۆری بەزمانی کوردی و تورکمانـی و هەندێ جار عەرەبی و بەکەمی فارسـیش دەوترا ئەو هونەرمەندانەی کە ١٩٢٠ و ١٩٣٠ز بەشداری ئەم جۆرە ئاهەنگە بوونە (شهابەی هەولێری، سید مەردان، عەلی کـوڕ، (حاجـی وەلی چایەچـی) پاش جیلی ئەوانیـش (مشـکۆ، حیدەرە کەچـەل، فایق بازرگان، پیرداوەدەکۆر، شـاکر حەمە فارس، حەسەن قۆچێ، مام حەمید کورەچی و چەندانی تر)، سـەبارەت بە موزیک ژەنان چەند موزیک ژەنێکی جوولەکـە هەبوون ئەوانیش یەکێکیان بەنـاوی (**صالح یعقوب عـەزرا**) کە بە **صالح** کوێتی ناسـرابوو عـودژەن و کەمان ژەن بوو هەروەها یەکیکی تر هەبوو کە ناوی مامۆسـتا (زەکی بـارۆخ) بوو کە هەردووکیان بەشـدار بوونە لە تۆمارکردنی بەرهەمەکانی سـەرقەوان بۆ هونەرمەندی لاوکبێژ (کاوێس ئاغا) لە ساڵی ١٩٣٠ز خزمەتێکی زۆریان بە هونەری ئەو شارە گەیاندووەو زۆرجاریش لـە بەغدا لەگەڵ تیپی چالغی بەغدادی بەشـداریان کردووە، هەروەها مامۆستایەکی تر بەناوی (مجید فەتاح) ئەویش ژەنیـاری عود بوو کە زۆر لەوانەیە قوتابی ئەو دوو بەڕێزەی پێشـوو بووبێ بـەلاّم ئەم زیاتر لـە قوتابخانەکان سـرودی نیشـتمانی فێری قوتابیان دەکـرد بەلاّم بەداخەوە لە بەرئەوەی هیچ ئامێرێکی تۆمارکردن پێش ساڵی ١٩٥٢ لە هەولێر نەبوو بۆیـە دیکۆمێنتی ئەو ئاهەنگ و ئەگلەنجانـە بوونی نییە تەنیا ئەو بەرهەمانەی کە لە بەغدا لەلایەن کۆمپانیاکانی تۆمارکردنی قەوان بۆ نمونـە (کۆمپانیای بـە یزافۆن) و کۆمپانیای تـر تۆمارکران. هەروەها ژەنیارێکی (ئیقاع-دمبک) هەبوو کە زۆر بە سەلیقە بوو لە ژەنیندا ناوی (موحسین خێڵە) بوو.

## ناوەڕۆکی ئەگلەنجە لە لایەنی هونەری

لـە ئاهەنگی ئەگلەنجەدا ژمارەی ژەنیاران لە ٤-٥ ژەنیار تێپەڕ ناکات واتە ئامێرەکانی (عود، کەمان، ئیقاع، نـای بە زۆری بە کاردێت بەلاّم لەسـەردەمی ئەمڕۆماندا ئامێـری تریش هاتە نێو ئەو جـۆرە ئاهەنگە وەکـو (ئۆکۆردیۆن، کلارنێت،ساز، جمبوش، ئۆرگ، ...هتد) بەلاّم لە باسەکەی ئێمە تەنها ئەو چوار ئامێرە گرنگە کە

باسیان بکەین، ژمارەی گۆرانیبێژان لەیەک زیاتر واتە دوو یان سێ یان زیاتر بەپێی بانگێشت کردن لە لایەن ماڵی ئاهەنگگێڕ، سەرەتای ئاهەنگەکە بە پارچە موزیکێک دەستی پێ دەکرد کە پێیان دەوت (تەحمیلە)، تەحمیلەش جۆرێکە لە جۆرەکانی موزیکی ڕۆژهەلات وەکو (سماعی، دولاب) بەڵام شێوەیەکی کورتی هەیە لە کاتی تەسلیم کردنەوەی لە کۆتاییەکەی خاو دەبێتەوە واتە (ritrando)، پاشان دوو جۆرە کۆتایی هێنان پەیڕەو دەکرێت یان تونێکی بەردەوام کە بەعەرەبی پێی دەڵێن (زنە) یان تیمۆیەکی بەردەوام بۆ نموونە.

پاشان نۆرەی (تەقسیم) دێت ئەویش جۆرە فۆرمێکی تایبەتە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئەویش بریتیە لە تەکنیکی تاکی (فردی) کە ژەنیار بە ئامیرەکەی دەیکات بە شێوەیەکی سەرپێیی (ارتجالی) وە ڕیتمەکەی سەربەستە (Adlib) تیایدا ئەم ژەنیارە سۆلستە توانا و سەلیقەی خۆی بەدار دەخا لە ئەنجامی جوان ئەدا کردنی ئەو بەشەی موزیکە سەربەستەی کە دەتوانی سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لە هەمان کاتدا جۆش و خرۆش بە گۆرانی بێژەکە ببەخشێ و چێژێکی وا تایبەتی بداتێ کەبەشێوەیەکی دروست داخلی ناو مەقام یان (موال) ەکە بێت هەر کام لە فۆرەکانی (حەیران، یان لاوک یان قۆریان یان چەرەم...هتد) یان هەر مەقامێک لە مەقامەکان وەک (بیات، حجاز، ڕاست، سێگا، عەجەم، ...هتد)، ئەوەشمان لەبیرنەچێ ئەگەر تەحمیلە کە چ مەقامێک بێت ئەوان بێگومان تەقسیمەکە و مەوالەکە لەسەر هەمان مەقام دەبن، لەو کاتە کە تەقسیمی ئامێرێک دەست پێ دەکات ئامێرەکەی تریان بە تیمپۆ یان بە تۆنی سەرەکی هاوشانێتی دەکات وە بۆ هەر مەقامێک جۆرێک تیمپۆمان هەیە بۆ نمونە:

**شیکردنەوەی نۆتەی تیمپۆی بەیات**




پەیژەی یاخود (مەقام)ی سەرەکی بەیاتە لەسەر تۆنی (لا) تەنیا (سی) نیوبیمۆل وەردەگرێ کێشەکەی بریتییە (٤/٤) مازورەی سەرەکی پاشان پشوێکی نوار.

**شیکردنەوەی نۆتەی تیمپۆی ڕاستی سۆل**

مەقامی سەرەکی ڕاستە لەسەر تۆنی (سۆڵ)




یەکەم: نوار لەتۆنی حەوتەم واتە (سۆل، پاشادوو کرۆش تۆنی سەرەکی واتە (لا، لا) میانەی نێوانیان دەکاتە (٤)، پاشان پشویەکی کروشمان هەیە پاشان کرۆشێک و نوارێکمان هەیە لەسەر تۆنی سەرەکی (لا)، مازوورەی دووەم بە چوار کرۆش دەنگی ٤، ٥، ٦، ٧ وەکو سکێل پاشان نوارێک بۆ تۆنی سەرەکی پاشان پشوێکی نوار، مازوورەی سێیەم دەنگی حەوتەم نوار پاشان دو و کرۆش لە تۆنی سەرەکی پاشان پشووێکی کرۆش پاشان کرۆشێک و نوارێک لە تۆنی سەرەکی مازووڕەی چوارەم نوارێک لە تۆنی چوارەم پاشان دوو کرۆش لە تۆنی (٣-٢) پاشان نوارێک لە تۆنی

واتە (سی) نیو بیمۆل و (فا) نیو دێز وەردەگرێ و (b) نیو دێز وەردەگرێ، کێشی (٤/٤) یە مازورەیەکەم بریتییە لە نوار-دووکرۆش-پشوی کرۆش-کرۆش-نوار دەنگە کان (٥-٨-٨پشوو-٨-٨)بازدانێکی تێدایە لە دەنگی ٢ بۆ ٨ یاخود دەنگی سەرەکی بە میانەیەکی چواری تەواو، مازوورەی دووەم سێ نوار ویەک پشووی نواری تێدایە دەنگەکان (٢-٢-٨ -پشوو) بازدان بە هەمان میانەی چواری تەواو.

**شیکردنەوەی نۆتەی تیمپۆی سێگا فانیو دێز**

مەقامی سەرەکی (فا) نیودێزە واتە (فا) و (سی) نیو بیمۆڵ وەردەگرێ کێشی (١٠/١٦) یە، مازوورەی یەکەم کرۆش-دەبل کرۆش-




کرۆش- کرۆش-کرۆشی خاڵدار دەنگەکان (٦-٨-٨-٦-٨) مازوورەی دووەم کرۆش-دەبل کرۆش-دەبل کرۆش-کرۆش-کرۆشی-کرۆشی خاڵدار دەنگەکان (٦-٨-٨-٦-٨).

بۆ نموونە ئەگەر کەمان سۆلۆکە بژەنیت ئەوا عود بەم شێوازەی سەرەوە هاوشانی دەکات.

لە کاتی دەستپێکردنی گۆرانیبێژ بەمەوالەکە هەموو ئامێرەکانی تر بە تیمپۆکە هاوشانی گۆرانی بێژەکە دەن تەنها هەندێ جار ئامێرێک وەکو دایەلۆگێک وەڵامی گۆرانیبێژ دەداتەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەو ئامێرەی کە پێشتر

تەقسیمی ژەنیوە پاش تەواوبوونی پارچەیەک لە مەقامی یان مەوالی گۆرانی بێژەکە کە چەند دێڕێک لە تێکستی شیعری گۆرانییەکە دەڵێت و کۆتاییەکەی تەسلیم بە تۆنی سەرەکی دەکات، ئـەم جارەیان نۆرەی ژەنیـاری ئامیرەکەی تر دێت بۆ دەسـت پێ کردن بە تەقسـیم پاش تەواو بوونی تەقسـیمەکە ئەم جارەیان گۆرانی بێـژی دووەم دەسـت بە ئـەدا کردنی هەمان مەقام دەکات بەڵام بە مۆرک و تێکستی جیاواز دیسان ئامێرەکەی تر دەست بە تەقسیم دەکات بەمشێوەیە بەردەوام دەبن چەند جارێک لەلایەن دوو گۆرانیبێژیان زیاتـر کە وەکو دایەلۆگێکی لـێ دێت تاکـو گۆرانی بێژێک لەنـاکاو پاش ئەدا کردنی پارچەیەک مەوال یەکسـەر داخلی بەسـتەیەکی گۆرانی دەبێت، موزیک ژەنەکان لـەو کاتەدا کە بـە تیمپۆ هاوشـانی دەکەن ئەوانیش دێنە سـەر ئـاواز و ڕیتمی گۆرانییە تازەکە بە هەمان میلۆدی لەگەڵا گۆرانی بێژەکە هاوشـانییەکی گونجاو سازدەکەن. گۆرانیە کە چەنـد کۆپلەیەک بـەردەوام دەبێت جا جاری وا هەیـە یەک گۆرانی بێژ هەمـوو کۆپلەکانی گۆرانیەکە بەتەنیا دەڵێـت، جاری واش هەیە هـەر گۆرانی بێژو و کۆپلەیەک دەڵێت، نێوانی ئەو کۆپلانـەش بە موزیک جیـا دەکرێتەوە، لـە سـەردەمانی پێشـوو هەمـان میلـۆدی گۆرانیەکە وەکو وەرگێـڕان (ترجمە) دەکران واتـە جیاوازی لە نێـوان میلۆدی گۆرانیەکە و میلۆدی موزیکە کە نەبـوو، واتە ئامادەکردنی موزیکی بۆنەدەکرا. گەڕانـەوە بۆ (موال)یش زۆر جار هەر لە ناو ڕێڕەوی کۆپلەکانی گۆرانی بەتایبەتـی لە کاتی ژەنینی میلۆدیەکە لەلایەن تیپی موزیک لە کۆتایی ڕستە موزیکەکە یەکێ لەگۆرانـی بێژەکان داخیلـی مەوالێکی لەناکاو دەبێـت، هەندێ جاریش لـە کۆتایی کۆپلەی گۆرانی دەبێت پێش ئەوەی موزیک داخل بێت، بێگومان موزیک ژەنەکان دێنەوە سـەر ژەنینی ئەو تیمپۆیـەی کە لەگەڵا ڕیتمـی گۆرانیەکە هاوشێوەن.

ئەو حاڵەتە چەندین جار بەو شێوەیە دووبارە دەبێتەوە تا فاسـیلەیەک لەو ئاهەنگە کۆتایی پێدێت، زۆرجار لە کاتی بەسـتە واتە گۆرانی کۆتایی پێ دێـت بە شـێوەی خاوبوونەوەی ڕیتمی واتە (ritarando) وهاتنەوە سەرتۆنی سەرەکی (استقرار)ی گۆرانی و مەقامەکە.

ئەو فۆڕمانەی کە بەر کاردێت لە ئەگلەنجەدا وەکو مەوال ئەمانەن:

- قۆریات.- حەیران.- لاوک.-چەرەم.

هەر یەک لەم فۆڕمانەش یاسـا و ڕێسـا و شـێوە تێکسـتی تایبەت بە خۆیـەوە هەیە، جگە لـە مانەش مەقاماتی تریش وەکو بابەتی سەربەخۆ لە هەموو شێوازە مەقامەکان دەوترێت وەکو (بەیات، حجاز، ڕاسـت، چوارگا، ئورفە، موحەیەر، پێنجگا، هوزام،...هتد).

سـەبارەت بە ڕیتمیـش چەریمێکی دیاری کـراو بە زۆری بەکاردێت لە گۆرانی و بەسـتە و تەحمیلـەکان کە بە پێـی ڕیزبەندیان زۆرتر بەکاردێن کە ئەمانەن:

- جۆرجینە ١٠/١٦
- ئای شۆکێ ٤/٤
- ڕۆین ٢/٢٤
- هێوە ٦/٨
- دەرویشی ٦/٤

**دیـدار لەگەڵ هونەرمەنـد محەمەد ئەحمەد ئەربیلی سەبارەت بە ئەگلەنجە و ئاهەنگسازی لەهەولێر**

مـن لە قوتابخانەی (ئەربیل ئوولا) بێگومان ئێسـتا ناوی گـۆڕاوە، مامۆسـتایەک هەبوو ڕەحمەتی خوای لێ بێ بە ناوی (**مەجید فەتاح**) کە ئامێری عودی دەژەند کۆمەڵە سرودێکی ئەو کاتی فێری ئیمەی قوتابی دەکرد سرودەکانیش ئەمانە بوون (گەنجی وریا ڕاپەڕن، ئەی دلێران بەچکە شـێران، بەخێرهاتەوە نەورۆز و بەهار، لاوەکان، نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە، ئەی وڵاتم، هەولێر شـاری شیرینم...هتد)، من وکو سـۆلۆ هەموو بەیانیان بەر لەوەی بچینە پۆل دوو یان سێ سرودم لەمانە دەوت لە گۆڕەپانی قوتابخانە لەگەل ژەنینی عود لەلایەن مامۆستا مەجیدەوە، ئەمەش لە سـاڵی ١٩٤٤ز بوو کە من تەمەنم نۆ سـال بوو لە مامۆسـتا مەجید کەسی ترم نەبیستبوو ئامێرێکی موزیک بژەنێ لە شـاری هەولێـر لەو زیاتر، ئـەوەی مینش بزانم ئەو مامۆسـتایە لە هیـچ ئاهەنگێک یان ئەگلەنجەیەکی دەرەوە موزیکی نەژەندووە تەنها لەناو قوتابخانە نەبێ.

سەبارەت بە ئەگلەنجە دووا و گوتی: ئەگلەنجە ئەو کات شـێوازێکی میللی بەخۆیەوە دەبینی، تاکـە ئامێر کە بەکار دەهات ئامێری (ئیقاع یا دمبک) بوو یەکێک هەبوو بەفر فرۆش بوو ناوی (موحسین خێلە) بوو ئیقاعێکی جوانی دەژەنی لە ئەگلەنجەکان بەشدار دەبوو.

ئەگەلنجە دانیشتنێکە لە ماڵی ئەو کەسەی کە ژن دەهێنێ سەرەتا هەڵدەستێ بە دابینکردنی خـواردن وخواردنـەوە و تەرتیباتی شـەوی دانیشتنەکە پاشان هەڵدەستێ بە داوەتکردنی هونەرمەندانی ئەو سەردەمە کە بەناوبانگترینیان (شـەوکەت سـەعید) کە ناوبانگی (مشکۆ) بوو، حەیـدەرە کەچەڵ، جەمیـل قاپقاپچی، فایق بـازرگان، پاش ئەوان من هاتمە مەیدانی هونەر، کە ناوم (محمد احمد ئێربیلییە) لەگەڵ شەوکەت سـەعید (مشـکۆ)ی بۆ ماوەی ٣٥



ساڵ ئەکلەنجەمان سازدایە بۆ هەموو چین و توێژێکی ئەو شارە جیاوازی گەورە و بچوک و دەوڵەمەند و هەژارمان نەدەکرد، زۆر جار ماڵی وا هەبوو هەژار بوو ئەو خەڵکانەی کە بانگێش دەکران هەر کەس لای خۆی خواردن و خواردنەویان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ئەوەی ئەرک لەسەر ماڵی زاوا کەم بکەنەوە ئێمەش داوەت دەکراین و ئەگلەنجەکەمان بەڕێوەدەبرد. پاش ئێمە هەندێ هونەرمەندی تر هاتنە ئەو مەیدانە وەکو نورەدین عەسافلی، یونس محمود، جلال حەردان، جەبار ئەحمەد، محمد عاشق....هتد.

سەبارەت بەو کەسانە کە لە بواری ئاینی و دونیایی لە هەردوو لایەن بەشدار دەبوون وتی:

عبدالله دەفژەن هەزار ڕەحمەتی لێ بێ مەولود خوێن و مەقام و تەواشیح زان بوو بەڵام بەشداری ئەگلەنجەی نەدەکرد بەڵام (مەلا ئیسوێیان مەلا ئیسماعیل)ێک هەبوو کە هاوڕێی حاجی عبدالله دەفژەن بوو ئەو دەماوە لەگەڵ ئێمە بەشداری ئەگلەنجەی دەکرد و دەبووە ڕەفیقی ئێمە، (سید ابراهیم)ێک هەبوو مەولود خوێن بوو ئەویش دەڕۆیشت لەگەڵ ئێمە بەشداری نەدەکرد، ئێمەش زۆر جار (من و مشکۆ) بەشداریمان لە مەولود دەکرد زۆر جار لە کاتی تەوواشیح ئێمەش قۆریاتمان بەسەر پێغەمبەر (د.خ) دەوت پاش تەواوبوونی مەولود ئێمەیان دەگێڕاوە و ئەگلەنجە دەستی پی دەکر.

پرسیار: ئایا هیچ بڕێکی پارەتان وەردەگرت لە بڕی بەشداروونتان لەو ئاهەنگە؟

وەڵام: نەخێر هەمووی بە خۆبەخشی بوو.

پرسیار: ئایا هیچ تیپێکی موزیک هەبووە لە ساڵانی ١٩٤٩ز بەرەو دواوە لە شاری هەولێر؟

وەڵام: نەخێر هیچ تیپێکی موزیک تەنانەت هیچ ژەنیارێکیش نەبوو کە لە بۆنەکان نمایش بکات تا ساڵی ١٩٥٩ کە (مامۆستایان (سید کمال بەعودو واحید مەرجان، بە کەمان، مستەفا ڕەئوف بەعود) پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ مامۆستا (جودت شاکر بەکەمان) بەشداری ئەگلەنجەیان کرد لەگەڵ ئێمە.

**خەنەبەندان**

ئەمەشیان جۆرێکە لە دابونەریتی ئەو شارە کە لە ناو ژنان ئەنجدام دەدرا، شەوی بوک گواستنەوە ژنەکان خزم و دۆستە نزیکەکانی بوکیان بانگێشت دەکر د و خواردن ئامادە دەکرا سەرەتا خەنە لە دەستی بوک دەدرا و پاشان دەست دەکرا بە گۆرانی و سەما و بەستە و چەپڵەڕێزان زۆر جار قۆریاتیش لەلایەن هەندێ ژن دەوترا بە تایبەتی دوو ئافرەت هەبوون کە خوشکی (علی کۆر) بوون ناویان (کافیە خان و ئامۆش خان) بوو ئەو دوو ئافرەتە دەنگیان زۆر خۆش بوو هەتا هەندێ جار لە پرسەکان بە گوتنی سەردولکە) بەشداریان دەکردوە، باوترین گۆرانیش بۆ نمونە ئەوە بوو:

**بوکانە بوکانە بوکێ**

**بۆکمان چەندە جوانە بوکێ**




شیکردنەوەی نۆتەی میلۆدی بوکانە بوکانە

مەقامی سەرەکی (عەجەم)ە لەسەر تۆنی (دۆ) واتە (دۆ) مێجەرە، کێشەکەشی (٦/٨)ە، مازورەی یەکەم: دوو کرۆش و دوو نوارە، دەنگەکان (١-٢-٢-٢)، مازورەی دووەم: چوار کرۆش و یەک نوارە، دەنگەکان (٢-٣-٢-١-١)، مازورەی سێیەم: دوو کرۆش و دوونوارە، دەنگەکان (١-٢-٢-٢)، مازورەی چوارەم: چوار کرۆش و یەک نوارە، دەنگەکان (٢-٣-٢-١-١).

هەموو دەنگەکانیش سروشتین.

جارێکیان لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئاهەنگێک لە ماڵی (عەتاوڵاغا) ساز دەکرێ لە ژوورەوە ژنەکان گۆرانی دەڵێن لە نێوانیاندا (دادە ئامۆش) دەبێ لە دەرەوەش لەناو پیاواندا مام (حەیدەرە کەچەڵ) دەبێت کە گوێیان لە دەنگی یەکتر دەبێت بە قۆریات دەکەونە بەرامبەر یەک ئەو لە ژوورەوەو ئەمیش لە دەرەوە بەرامبەر یەکتری دەدەنەوە.

کۆڕی مەقام لە دیوەخانەکانی شاری هەولێر

لە دێر زەمانەوە لە شاری هەولیر چەند دیوەخانەیەکی گەورە هەبووە، لەو دیوەخانانەش شەوانە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕیش سپی و پیاو ماقوڵان و شاعیر و هونەرمەندانی دەنگ خۆش و مەقام زان و پیاوی ئاینی و کاربەدەستانی ئیداری شار تێیدا ئەنجام درا، ئەو هونەرمەندانەش لەوێ حەیران و لاوک و قۆریات و هەموو جۆرە مەقامەکانیان تێدا وتووە ئەو دیوەخانانەی کە لە هەولیر دیاربوونە وەکو دیوەخانەی مەلا فەندی، دیوەخانەی محمدە فەندی مفتی، علی پاشای دۆغرەمەچی، ئەحمەد عوسمانی موتەسەریفی هەولێرێ، ئەدیب ئاغای ئەسعەدی، حاجی علی ئاغای عوزێری، حاجی عەبۆ ئاغا، جگە لەو دیوەخانانەی کە لە دەشتی دەوروبەری هەولێرێ، هەر ئاغایەک دیوەخانێکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە لاوک و حەیرانی تێدا وترایە لەوانە (کاوێس ئاغا، عزیز ئاغا قەوان، حمد ئاغای مەدۆ) ئەوانە بانگێش کراینە و شەوانە لاوک و حەیرانیان وتووە. ئەوەی شایانی باسە دیوەخانی مەلا فەندی لە هەموویان زیاتر جموجۆڵی هونەری تێدا ئەنجام دراوە چونکە وەکو (منتدا)یەکی هونەری بووە و هونەرمەندانی شارەکانی وەکو موسڵ کەرکوک و سلێمانی و دهۆک تێدا کۆدەبوونەوە و وەکو فیستیڤاڵێک هەر کەس هونەری خۆی تێدا پێشکەش دەکرد. لە موسل (ملا عوسمانی موسلی و مەلا ئەمینی موسلی) لە شاری سلێمانی (حمدی ئەفەندی چاپچی و مەلا کریمی ساحێب قەوان و عەلی کاکە)، لە کەرکوک (مەلا تەها مەلا یاسینی مسەڵەیی و دای ئەمین باغەوان و محمدی چل بۆین و دای ڕەشە چول ڕەزا)، لە بادینان (عەزیز ئاغا و سعید ئاغا و مریم خان)، هاتینە هەولیر و دەنگی خۆیان هەڵهێنایە.

**تێبینی ئەوبابەتە بەشێکە لەم ناونیشانەی خوارەوە :**

**ئاهەنگسازیی و بۆنە ئاینیەکان لە نێوان ١٩٠٠-١٩٤٩لە شاری هەولێر**

**((توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە))**

**وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ئامادەکراوە و پێشکەش بە بەشی هونەری موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان کراوە.**

# گۆرانی بێ ڕیتم

چیایی کەمال سەعدی

مۆزیک هونەری دەنگە، بۆیە دەبێ کە گوێی لێدەگریت، لێشی تێبگەیت، کەچۆن دروست بووە. زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبین، کەمۆزیکی بێ ڕیتم یا گۆرانی بێ ڕیتم، هەرشتێکی لەم بابەتە کە وشەی بێ ڕیتم لەگەڵی دابێ، کەگوایە گشت ئەمانەش شێوازێکن لەشێوازەکانی stael،مۆزیکی، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیەو ڕاستی ئەم بابەتە شتێکی ترە، چونکە هیچ شتێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بەبێ ڕیتم دروست نەبووەو ناتوانێ خۆی لە ڕیتم جیابکاتەوە، نەک هەر ئەمەش بەڵکو خودی ئەم گۆی زەمینەش هەر بەهۆی جوولەیەکەوە دروست بووە، کەجوولەش بەشێکە لە بەشە بچووکەکانی کە ڕیتمی لێ پێکهاتووە.

ئاشکرایە چەندین لێکۆڵینەوەش ئەمەیان ساغ کردۆتەوە، هەردەنگێک کە مرۆڤ گوێبیستی دەبێ لەئەنجامی لەرەو جوولەیەکەوە دەبێت پاشان دوای ئەم کردارە شەپۆلی دەنگی (**موجات الصوتية**) دروست دەبێ و لەڕێگای هەواوە دەگوازرێتەوە بۆ گێچکەی مرۆڤ. زۆر لەزانایان و شارەزایان لەبواری فەلەکناسی بڕوایان وایە و سەلماندوویانە کەزەوی، لەئەنجامی جوولەیەکەوە دروست بووە، بۆیە دەڵێن: ئەم جوولەیەش وەک هەر جوولەیەکی تر دەنگێکی لەگەڵدابووە.

هەر لەبەر ئەمەشە هۆزە سەرەتاییەکان مۆزیکیان بەشتێکی زۆر و پیرۆزو گرینگ و ئەفسووناوی لەقەڵەم داوە، کە زیاتر لەو پیرۆزیەی لەلای شارەزایان و لێکۆڵەرەکان هەیە .نزیکەی سەدەو نیوێکە لێکدانەوەی بوارە جیاجیاکانی زانست (زانستەکانی میوزیک و (زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی) لەم باسە دەکۆڵنەوە هەر لەناوەڕاستی هەزارو هەشت سەتەکانەوە دەست کراوە بەو توژینەوانەو پشکنینی لەلای هۆزە سەرەتاکان و هەر یەکەیان بەجۆرێک بیری چووەو وەڵامیان داوەتەوە.

(هێربێرد سپێنسەر) نووسەری کتێبی ڕەسەن و کارەکانی میوزیک (١٨٥٦ ) هەمان بیروو بۆچوونەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ ) و (هێربێرد)ی، هێناوەتەوەو دانیان پێ دادەنێ، کە (مۆزیک لەزمانی قسەکردنەوە گەشەی کردووە)،لەبەرئەوەی گۆڕانکاریەکانی چڕی و بەرزی دەنگ هەمان ئیفێکتی فیزیایی گۆڕانکاری هەستەکانن. سەرەتای گۆرانی لەئەنجامی شیکردنەوە لەتۆنێکی بەرزەوە دروست بووە.

(چارلس داروین)لەکتێبی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و هەڵبژاردن لەپەیوەندی ڕەگەزیدا (١٨٧١) باسێکی دەربارەی سەرەتای مۆزیک نووسیوە و دەڵێت: ((گۆرانی سەرەتا لەلاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکانەوە پەیدابووە بەتایبەتی کاتێ نێرو مێی باڵندەکان لەوەرزی بەهاراندا لەیەکتر نزیک دەبنەوەو بەجریواندن میلۆدی خۆشەویستی بۆیەکتری دەچرن، ئەو دەڵێ: ((گۆرانی گوتنی مرۆڤیش هەر لەئەنجامی خۆشەویستی و ئەڤینداری لەبەینی کورو کچ دروست بووە)).

هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی)سەپاندیان کە هیچ جێگایەک لەم گۆی زەمینە نییە، کە ژیانی پێکەوەی مرۆڤ و مۆزیک پشت گوێ بخات. بەمجۆرە میوزیک جێگای خۆی لەناو ئەفسانەو بۆنە ئاینیەکان و فەلسەفەی زۆربەی میللەتانی جیاواز گرتووە. زۆربەی ئەو میللەتانە مۆزیک دادەنێن وەک بەخشینێکی خواوەندان خۆی دەنوێنی لەئامێری میوزیکدا وادادەنێت، کەلە دەنگ کاتێک ڕووداوێکی سروشتیەوە بێت بۆنموونە وەک هەورە تریشقە هەر دەنگی خودایە هەتا ئەو ڕادەی کەهەندێک لەئەفسانەکان دەربارەی دروستبوونی دەڵێن: لەدیاردەی دەنگە هارمۆنییەکانەوە دروست بووە.

هەر بۆیە لەکۆنترین دەسەڵاتی فرعەونەکانەوە مۆزیکیان بەکارهێناوە ئامێرە مۆزیکییەکانیان بە بۆنە ئاینییەکانەوە بەستوتەوە، کە کارێک بووە تایبەت بە پرسە ئاینییەکان بووە. یەکێک لەو ئامێرانەی کە لەو سەردەم زۆر بەکارهێنراوە (شمشاڵ)بووە.

یەکێک لەو شێوە گوتنانەی کە بۆ بۆنە ئاینیەکان بەکارهاتووە (سالمودی)ە، کە یەکێکە لەبەشەکانی گۆرانی سیناگۆگییەکان، کەئەویش چڕینی (سالمۆ)یەکانە لەوتندا هەمیشە نۆتە سەرەکیەکانی میلۆدیەکە بە بەردەوامی دووبارە دەکەنەوە هەندێکجار بۆ جوانکردن و گۆڕینی دەنگی بۆ دادەنێین.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەئەم شێوە وتنانەی باسمان کرد بەدرێژای سەدەکانەوە هاتوونەتە ناو ئاینی ئیسلامیش ئەوەتا دەبینین، کەخوێندنەوەی تێکستەکانی قورئانی پیرۆزیش بەشێوەی گۆرانی ئامێزو سکێڵی ڕۆژهەڵاتی جیا کەئەوانیش شێوە گوتنێکن لەشێوەکانی شێوازی سالمودی. ئەم شێوە چڕینەش بووە لەناو پەرستگاکانەوە هەنگاوی ناوە بۆ ناو ژیانی ڕۆژانەی میللەتەکان و گشت جیهان و بووە بە هەوێنی مقام و شیعرو چڕینی دەنگی بێ ڕیتم و دواتریش لەگەڵ پێشوەچوونی جیهان وعەقڵیەتی مرۆڤایەتی و زیاتر بەرەو پێشچوونی دروستکردنی ئامێری مۆزیک ئەمانە وایان کردووە ئەم شێوە چڕینەی دەنگ ببێ بە شێوازێکی نوێتر، کە گۆرانییە بە یاوەری ئامێری مۆزیک و ڕیتم، کە ئەمڕۆ لەگشت جیهان باوە.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- مقامات و ایقاعات العربیة. صالح المهدي -٢ تألیف الموسیقی مع الفن و الفنانین. د.ولیام رسو -٣ فن الموسیقی و تألیفها. خالد صدوق

# دیدارێک لەگەڵ هونەرمەندی مەقامبێژ عەلی مەردان

## ئەم دیمانەیە لەلایەن هونەرمەندی خوالێخۆشبوو(شەماڵ سائیب ) سازدراوە



**شەماڵ سائیب: مامۆستا عەلی بەڕاستی فرسەتێکی خۆشە ئەوڕۆ پێکەوە دانیشتووین ئەوگۆرانیە کۆنانە تەسجیل دەکەین ڕەنگە ڕۆژی خۆی بێت انشا الله ببێ بە سەرچاوە یەکی خۆش وجوان و بەرز بۆگۆرانی کۆنی کوردی کەبە تەوزیع و.. هونەرمەندی کوردی پێشکەوتوو بێن تێگەیشتوو چوبنە دەرەوە مۆسیقایان خوێندبێت،وە ئەم شتانە بخەنە بەرچاو بەشێوەو رەنگێکی جوان و تازە کە خەڵک یادی فۆلکلۆری کوردی خۆی بکاتەوە ... تەبعەن شانازی دەکەین کەوا سەرچاوەی وەرگرتنەکە تۆ بووی .، جا حەز دەکەم پرسیارێکت لێبکەم .**

**عەلی مەردان :** فەرموو گیانەکەم .. کاکە شەماڵ بەر لەوەی پرسیارەکە بکەی .( شەماڵ بەڵێ ) باشت لێ مەعلوم بێت منیش کەوا دانیشتووین بەیەکەوە لە بەر مایکرۆفۆنەکە قسە دەکەین شەرت نییە لەبەر مایکرۆفۆنا ئەم قسانە تەسجیل بکرێت یا نەکرێت،فەقەت ئەوانەی وا تەسجیلمان کرد ئەمشتانە، منیش ئەوەم والە پێشچاوە کەوا ئەوبەچە شێرانەی هان بەڕێوە بێن وەیا لەوە بەدواوە بێن،ئەوانە ئیستفادە لەمە ئەکەن بەنەوعێک کە ئەبێتە شتێکی زۆرترین جوان بۆ میللەتەکەمان وبۆئەو گەنجانەی کەوا پێئەگەن و پێی بحەسێنەوەو پێی دڵشادبن .

**شەماڵ :** وایە وایە .. من هیوایارم و ئەتوانم بڵێم بە دڵ و دەروونێکی پڕ هێزەوە ئەڵێم ئەو ڕۆژە یێ و ئەو بەچکە شێرانەش بێن کەئەمە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ فۆلکلۆری کوردی .

**شەماڵ :بەڵام ئەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم مامۆستا (عەلی مەردان فەرمووگیانەکەم ) حەزدەکەم باسێکی خۆ بکەی کە لەکوێ لە دایک بوویت ؟ وەچۆن حەزت لە گۆرانی و مۆسیقا کرد ؟ و چۆن خووتدا مەقام فێربوون ؟ ئەوا بە چەند دەقەیەک حەزدەکەم روونمان کەیتەوە بە مێژووی ژیانی خۆت ؟**

**عەلی مەردان :** بە سەرچاو گیانەکەم . کاکە شەماڵ بەر لە هەمووشتێک بەندە لەکەرکوک لە دایکبووم لە گەرەکی تەکیەی شێخ عەلی،لە دایک بووە من ...لە ساڵی (سێنزە ئە دەی سێنزە ) و لەوە پاش لە خزمەت (مەلا ساڵح ) لە ناو تەکیا غورفەیەک بوو دەرسی بە مندالان ئەووت لە خزمەت ئەوا مامەوە،لای ئەو قورئانم خەتم کرد .لەپاش ئەوەمە کە قورئانم خەتم کرد مەلایەک لە تەکیە بوو مەلا رەئوفیان پێ دەوت،حافڤ بوو حەقیقەت دەنگی زۆر گەورەو قەبە بوو، فەقەد هەموو مەقام و ئەوانەی کە ئەیخوێندەوە بەسەلا شتی وا، رۆژی جومعانان لەوێ قورئانی ئەخوێند بە حەقیقەت زۆر جوان ئەدای ئەکرد، بەندەش زۆر بەهەوەس کەوتمە سەر قورئان خوێندنی ئەم شەخسە، وەدەستم کردە قورئان خوێندن بە تەجوید،وابزانم موودەی (٦-٧-٨) ساڵێک بەو نەوعە، لەوەو پاش باوکم بووە قوربان حازری، هاتین چوینە (لەیلان) لە لەیلان ماینەوە تەبعەن لەیلان جێی شێخ حسین بوو بە تەمەن بوو ئەو شەخسە پیاوێکی زۆر عالی مقام بوو، پیاوێکی زۆر داناو ساحێب فکر، بەڵێ لەوێ ماینەوە ئەلەوێ کابرایەک بوو غەریق رەحمەت یی (خدر بارام) یان پێ دەگووت ئەم خدر بارامە دوای ئەو پیاوێکی تر ناوی (کامیل ) بوو خەڵکی تەپەلو بوو ئەڵلاوەیسی،نەوعێک ئەڵلاوەیسی دەگوت من هەردوکیانم گووتووە وەک دوو پارچە ئەڵلا وەیسیم وتووە، یەکێکی لەتەرز ئەودا، ... بەو نەوعە من خومدایە مەقام ئەڵاوەیسی و قەتارو خاوکەرو، خورشیدو، ئای ئای و،هیجرانی.

چونکەلە مانگێکا ١٣ شەوێک لەو شەوانە شێخ حسیب بانگی خدری ئەکرد تەمبوری لێئەدا بە تەمبوورەی جوان ئەو مەقامانەی ئەرازاندەوە،منیش لەپەنای زەلامێکەوە دادەنیشتم لە شوێنێکا لە مەجلیسەکە خۆم ماتە ئەدا، زۆر چاک لێیم وەرئەگرت. لەپاش ئەمەی کە مودەتی زۆری بەسەرچوو زانیم زۆر چاک نەفسی ئەم مەقامانەم لەبەر کرد. ساڵێک وەختی خەرمان بوو لەسەر خەرمان شەو زۆر درەنگ لەبەر ئەوەی لەڕووم نەئەهات ..... لەنیوە شەوێکا دەستم کردە ئەڵلاوەیسی گوتن کە وەختێگ ئەڵلاوەسیم وت تومەکە ئەم رەحمەتیە ئەم ئوستازە کە خدری ناوبوو بەخەبەرەو گوێی لێیە، وەمەرحومیش شێخ حسیب بەرەحمەت بێ ئەویش لەم دەمە بەخەبەر هاتووە دەستی کردە گوێ گرتن بەیانی پرسیاری کرد ئەمە کێ بوو.... ؟ خاڵۆیەک من هەیە مەوجودە عارفی ناوە وتی شێخ بەخوا ئەمە عەلی مەردانە خوارزامە. چەند وەختێکی پێ چوو بەقسە هەتا نەختێ لە ڕووی شکاندم



به قسه لەوەبەدواوە شەوێک لەگەڵ مەرحوم ئەو ئوستازە دانیشتم وا موتەئەسیر بوو دەنگێک زۆر بەرزداودیم ئەمانەم بوو دەستم کردە وتن هەتا وا تەمبوورەکەی لێدا تێلی تەمبوورەکە بەخۆی پچڕێ، من زانیم ئەم ئوستازە موتەئەسیر بوو لەو بەرامبەریان دانیشتبووم،ئەم مەقامانەم لەگەڵیان ئەگووتەوە لەبەر ئەمە من زانیم ئەمە موتەئەسیر بوو مەجبوور مام لەوە بە دواوە بە پێنج مانگ شەش مانگ ( کاک شەماڵ) ئەچوومە چۆڵ لەچۆل ئەم وەختە گۆرانیم ئەوت چونکە سەبەبی چۆلیەکەش ئەمەبوو مەعلومە پیاو کە باوکی نەما کەوتە دەست خاڵۆو ئەمانە خاڵۆ جووتی پێ ئەکردم خاڵۆ درەوی پێ ئەکردم...... لەم چۆلە بۆ خۆم دەستم ئەکرد بە گۆرانی وتن. دەی دەی تا موودەیەک لە خاڵۆ عادز بووم تەبیعی ئەو مەقامانەم تەسجیل کردبوو چاک وەک لەپێشەوە وتمان هاتم هاتمە بەغدا لێرە لەبەغدا کاک حەمید هەیە حەمید شاکر مهندس ئەم شەخسە منی برد بۆ بەعقوبە لەوێ منی کرد بە مەئمور مخزن ئەژغال ئەو خەستەخانەکەو خەستەخانەکەیان گرت. ئەلەوێ رۆژێ چووم بۆ نان خواردن بۆ بازاڕ تەماشام کرد کابرایەکی ئیختیار دانیشتووە گوێم لێ بوو مەقامێک ئەخوێنێ نەمزانی مەقامەکە چییە؟ دانیشتمە لایەوە بە عەرەبی وتم لوتفەن بای دە فلوس جگەرم بۆ بکەن، دە فلوسی دە فلوس، تا گەیاندمە ٦٠ فلوس کابرا توند مەچەکی گرتم گووتی تۆ درۆ ئەکەی بۆ جگەرخواردن نەهاتووی درۆ ئەکەی ئیشت هەیە وتم بەخوا گوێم لەم مەقامە بوو دانیشتم وتی بۆ حەز لە مەقامات ئەکەی؟ گووتم بۆ خۆم ئەخوێنم و شتی وەها، وتی من ناناسی کێم ؟ وتم ناوەللا وتی من ( (مورتەزاخانی ئەسفەهانیم) خوا سەلامەتی کا ئەگەر مردووشە بە رەحمەت بێ چونکە ئوستاز بوو، ئەم شەخسە وتی من مورتەزاخانی ئەسفەهانیم مەشهورم لە ئێران من ئەسلم کوردە پێم وابێ لەفکرم کرد وتی مهابادیم، وابزانم ئەم شەخسە. گەڕامەوە چووم بۆ لای حمید گێڕامەوە وتی تۆ بڕۆ بیهێنە ئەی کەین بە حارس ئەم شەخسە لەگەڵیامامەوە تەقریبەن ساڵ و نیوێک هەرچی مقاماتی توانی فێری کردم لێم وەرگرت،لەوە بەدواوە لەگەڵ ( ئەزغەر هەمەدانی) ئەو ئەزغەر هەمەدانیە لە عەشیرەتی تاهیرە تاهیر هەمەدانی هەیە مەشهور بووە لەناو کورد وەختی خۆی لە عەشیرەت ئەو شەخسە بووە ئەو ئەزغەرە ئەویش چەند مقاماتی تر وەک (ماهور وەک شوشتەر وەکو دەشت وەکو بەعزە مقامێک) ئەئاواش لەگەڵ خزمەت ئەوا وەرم گرت . فەقەد ئەوەم لەفکر چوو لە تەکیە بە منالی ( حاجی نعمان ) مەرحوم بوو شتی ئەوت لێم وەرە ئە گرت لەو مەلا رەئوفە کوێرە لەو محمد حافزە تەبیعی بەم هێنەوە ئەم مقامانەم تەحسیل کرد. وە هەتا ساڵی ١٩٤٧ لە باوکی خۆمم بیستبوو خەڵکی ( کانی ساردی) شارباژێر بوو، من ئەو مەنتیقەیەم باورکە تا قەرەهەنجیریش نەبینیوە، بەڵێ هەستام چووم بۆ ئەوێ جێومەکانی بابوباپیرەی خۆم بینی هەتا شێخ خوا عەفوی کا وتی بەڵێ تۆ خەڵکی (کانی ساردی) و ناردمیە کانی ساردو ناوبانگ و ئەوانەی منی وەرگرتەوە کە وامن کێم و چیم و چنیم ... جا (کاک شەماڵ )قسەی زیاد زۆرە ئەگەر لوتفە کەی دەفعەیەکی تر دانیشین تەواوی ئەکەین چونکە ئەو خولقەم نەماوە وەکو جاران .

**شەماڵ سائیب باشە مامۆستا ئەمەی ئەو مێژووە کۆنەت دوای چۆن هاتیەوە بۆ بەغدا ؟ و بۆ ئێزگە ئەم ژیانە تازەت دەست پێکردو کە ئەمڕۆ کە ئێمەی تیاین ئینکاری دەستی هونەریت ناکرێ لە ئێزگە و کۆڕی هونەری کوردی فۆلکلۆری کوردی،**

**عەلی مەردان :** بەخوای کاکە شەماڵ ئەوە بوو عەرزتم کرد لەم بەغدایە مامەوە چوومە لای ئینگلیزەکان بەر لەوەی کەوا چوومە لای (حمید) تاریخێک بوو کەوا لە ئێزگە بوو فەقەد لە ساڵی (٤١-٤٢) وا بوو کەوا حەمید مرد. فەقەد لەوێ لە (هنێدی) مامەوە ئەو عەسرە پێیان ئەگووت (هنێدی) لەوێ لای ئینگلیزەکان ئیشم ئەکرد ئەو تاریخە غەریق بێ رەحمەت بێ (مەعروف رسافی) دەعوەتێکی کرد (سامی شواش) لەم بەغدایە بوو سامی شواى کەمانجاتی مصری هاتبوو لەگەڵ منا مقامی (ئای ئای) لە شەریکەی (ئەبول کەڵب) پڕ کرد یەعنی بۆ منی لێدا،سامی لە دەعوەتەکەیا دەڵێ کوڕێکی گەنج زۆر جوان گۆرانی ئەگوت و کردیە معاکەسە ئیتر مقاماتی تەسجیل نەکرد،لەگەڵ حافظ مەهدی بووە عادزیان حافظ مهدی قورئان خوێنێکی یەکجار مەشهورە بەشکو جەنابتان بیستبتان ووتی من گوێت لێ ئەگرم و بزانم کام مەقام باشە و خەراپە، وتم مادام تۆ گوێ لەمن بگری من مەقام ناڵێم لەبەر ئەوە بوو بە عادزیمان.

تەنیا ئەو (ئای ئای)یەیان تەسجیل کرد (سامی شەواش) بە (مەعروفی) گوتبوو بە رەحمەت بێ مەعروفی رەسافی ئیتر هاتن بە شوێن منا بۆ حەفتەی ئاتی دەعوەتەکەی تازە کردبووە منیشی دەعوەت کرد لەو دەعوەتەیا هاتن بردمیان چووین بۆ ئەوێ لەوە بەدواوە شەریکەیەک لە بەغدا ئەو شوهرەتەی وەرگرت شەریکەکە ناوی (هومۆ کورد) بوو لە شەریکەی هۆمۆ کوردیش چەند قەوانێکم پڕ کرد ئیتر دوای ئەوە لە شەریکەی (بێزافۆن ) قەوانی ترم پڕ کرد، ئیتر ئەمە بوو ئەم شوهرەتەی کرد لە کوردستان پێیان زانی کە لە ئێزگەکەمان بوو ناردمیانە ئێزگەکەلە خزمەت کاک ( کامیل)ماینەوە بە جووتە لە ئێزگە تا ئەمرۆ.

**شەماڵ سائیب: مامۆستا دەتوانی بڵێی چ ساڵێکە ئێزگەی کوردی کرایەوە ؟**

**عەلی مەردان:** ٢٩/کانوونی پانی/١٩٣٩ کاک کامیل یەکەم کەس قاپیەکەی کردەوە بەندەش دووەم کەس بووم،کەگۆرانیمان تیا ئەووت تا ئەمرۆ خزمەتی ئەم بەچووە شێرانەم کردوە و ئینشاالله تا مابم قوسوری ناکەم جا کاتێکیش کە مردم ئەمەبێ وەسیەتم ئەبێ لە سەیوان بنێژرێم لە گردی سەیوان نابێ لە شوێنێکی تر چونکە جێی باب وباپیرە گەورەم بووە..

**شەماڵ: مامۆستا هەر خۆشبی بە من لەهەر بیستێکی خاکی کوردستان بنێژرێی هەر کوردستانە ... سەیوانە لای هەموو لایەک .**

**عەلی مەردان :** زۆر راستە فەقەد چونکە شاعیرەکانمان لەوێن حەزم لەناو وانە چونکە شیعر هەموویانم خوێندووەتەوە چونکە دڵی هیچیانم عادز نەکرد و حەز دەکەم لەناویان بم.

( شەماڵ ) ئینشاالله ئەو ئاواتەت دێتە دێ.

تێبینی/ هەوڵدراوە دەقی وتووێژەکە وەکو خوێ بگوازینەوە کە تۆمار کراوە. بنکەی مەقام.

# لە پەراوێزی کۆنسێرتەکەی ناوەندی عەلی مەردان

سازدانی: ڕاگەیاندنی بنکەی مەقام

**هونەری مەقام یەکێک لەو شێوازە وتنانەیە کە مێژوێکی دوورو درێژی هەیە لە ڕۆژهەڵاتدا کوردیش لەو مەیدانەدا خاوەن سامان و هونەرێکی دەولەمەندەو تاکو ئەمڕۆش لێرەو لەوێ توانیویەتی درێژە بەو مێژووە بدات وکۆمەڵێک مەقام بێژ و مەقام زانی بە ئەزموون بخاتە تۆماری ئەو بوارەوە .**

**لە پەراوێزی ئەو کۆنسێرتەی کە لە شاری هەولێر بە بەشداری کۆمەڵێک مەقامزان و مەقامبێژی شاری کەرکوک، لەلایەن ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەنجامدرا، بەباشمان زانی بەشێک لە مەقام بێژەکان و موزیک ژەنەکان بدوێنین تاکولەنزیکەوە بزانین رەوشی هونەری مەقام لە شاری کەرکوک چۆنە و بیر و بۆچونی مەقام بێژانی ئەم شارە سەبارەت بەم کۆنسێرتە وەربگرین، پرسیاربەدواداچوون بۆ وپڕۆژەو چالاکیەکانی ئاییندە یان بکەین .**

سەبارەت بە پرسیارێکمان دەربارەی سازدانی ئەم کۆنسێرتە، ئایا تا چەند رازی بوون لە پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان مەقام بێژان و موزیک ژەنان و ئامادەبووان لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان؟

**مەقامبێژ عومەرە درێژ وتی:** ئەتوانم بڵێم ئەم کۆنسێرتە نیمچە سەرکەوتوو بوو خراپ نەبوو، چونکە توانیمان بە سێ زاراوە ئەو هونەرە گەورەیەی کوردستان و شاری کەرکووک بگەێنینە شاری هەولێری خۆشەویست، ئێمە دەمێکە ئامادەباشی دەکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی هەبوو، بە نیسبەت گروپی موزیک زۆر باش بوو بەڵام بە گشتی وەکو پێویست نەبوو لەبەر ئەوەی لە کەرکووک کەش و هەوایەکی تایبەت هەیە چونکە وەزعی باش نیە لە رووی ئەمنیەوە، ئەمانە هەمووی رێگربوونە لەبەردەم ئامادەباشی ئەم کۆنسێرتە بەڵام هەوڵدەدەین لە داهاتوودا باشتربین، بۆیە دووبارە سوپاسی بەڕێز خودی فەلەکەددین کاکەیی دەکەم کە زۆر هاوکارمان بوو، لە ئێستاشدا وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری کردوین بۆ ئەوەی لایەنە ماددیەکەمان بۆ دابین بکات تاکو بتوانین ئەم چالاکییە پێشکەش بکەین، منیش وەک مەقام بێژێک لە کۆنسێرتە کە بەشدابووم ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە کە بتواینین لە شاری هەولێری ئازیز شاری هونەرمەندان لەبەردەم کۆمەڵێک کەلە هونەرمەندی چاک و بە ئەزموون مەقام بڵێم، وەکو مامۆستا باکووری و وریا ئەحمەد و زۆری تر کە لە ئێستادا ناوەکانم بیر نیە بە داوای لێبوردنەوە.

**بەڕێز نورەدین جاف وەکو موزیکژەنێکی بەشدابوو لەم کۆنسێرتە و ئەندامی دەستەی کارگێڕی ناوەندی عەلی مەردان وتی:** پێش هەموو شتێک ئێمە زۆر سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەکەین کە پشتگیریمانیان کردووە ئەم کۆنسێرتە لە شاری هەولێر پێشکەش بکەین، بێگومان هەموو شتێک لایەنی باش و لایەنی خراپی تێدا ئەبێت دیارە هەندێک لە مەقام بێژەکان پرۆڤەی باشتری تێدا کردووە و هەندێکیشیان کەمتر لەبەر ئەوەی هەموو لایەک ئەوە دەزانین کە رەوشی شاری کەرکووک ئارام نیە و لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە مەقام بێژەکان ئەدایەکی جوانیان کرد بە تایبەتی (چنار خان) بە شێوەیەکی جوان ئەدای خۆی کرد و توانی سەرکەوتوبێت، بەڵام بڕوابکە بەبێ پرۆڤە راستەوخۆ هاتە سەر تەختی شانۆ چونکە ئەو لە شاری سلێمانی بوو فریای ئەوە نەکەوت، ئێمە مەقام خەراباتمان بۆی دانابوو کەچی ئەو شەرقی ڕەستی خوێند، لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کۆنسێرتەکە پێشکەش بکەین کەموکوڕیش هەر ئەبێت بۆیە دەبێت لێمان ببورن، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئێمە پێشکەشمان کرد راستە هەندێکیان مامۆستای مەقامات بوون، بەڵام هەندێکیشیان فێرخواز بوون کە لە ناوەندەکەمان ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام فێربوونە، بۆیە رەنگە مامۆستایەک لەگەڵ فێرخوازێک نەگەنە یەک ئاست، هیوادارین کە ئەم گەنج و لاوانەی ئەمڕۆ بەشداربوون و ئەدای خۆیان کرد ئەوانیش ببنە مامۆستا و بتوانن هەردەم لە ئامادەباشی دابن و باشترین ئەدا بکەن و کۆمەڵێک بەهرەمەندی تریش لەودای خۆیاندا فێربکەن.

**چنار خان وەکو مەقامبێژێکی بەشداربوو کە توانی ئەدایەکی باش بکات سەبارەت بە پرسیارەکەمان وتی:** ئێمە زۆر خۆشحاڵین وەکو مەقامبێژێکی شاری کەرکووک کە ئامادەبووین لە شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنسێرتە بەڕاستی زۆر ڕێزیان لێمان گرت، حەتمەن



ئێمەش بە دڵێکی گەورە و روحێکی گەورە هاتوینەتە شاری هەولێری خۆشەویست بۆ گێڕانی ئەم کۆنسێرتە لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی رۆشنبیری، بۆیە من نازانم تاچەند هاوکاریمان کراوە چونکە من لە کەرکووک نەبووم کاتێک ئەم کۆنسێرتە رێکخرا، بەڵام هاوڕێیانم لە ناوەندی عەلی مەردان تەلەفۆنیان بۆ کردم منیش لە سلێمانیەوە هاتمەوە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی بەشداربم لەم کۆنسێرتە، بەڵام من وەکو باسم کرد ئاگاداری زۆر شت نەبووم بەبێ پرۆڤە چوومە سەر شانۆ مەقامێک و بەستەیەکم پێشکەش بە جەماوەری خۆشەویست کرد، دیارە ئامادەبوانیش ئەدای منیان پێ باش بوو بۆیە من زۆر سوپاسیان دەکەم.

**بەرێز (بیبب) موزیکژەن لە درێژەی رێپۆرتاژەکەمان سەبارەت بە پرسیاری یەکەم وتی:** ئێمە زۆر سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین کە ئەم کۆنسێرتەی خستە ئەستۆی خۆی هەر لەناو هۆڵی پێشەوا، پێشکەش کردنی کۆنسێرتەکەمان هەندێک کەموکوڕی هەبوو دەربارەی تیپە مۆسیقیەکەمان بەڵام ئەوەش دەگرێتەوە بۆ پەلەی پرۆڤە کردن، بۆیە ئێمە داوای لێبوردن دەکەین لەهەر کەموکوڕیەک بەڵام هەرچۆنێک بێت توانیمان مەقامەکانی خۆمان پێشکەش بکەین، گلەیشم لە لایەنێک هەیە کە ئامادەبووانی کۆنسێرتەکە جەماوەری ئێمە نەبوون چونکە بەراستی هەمووی گەنج بوو، دەبوایە ئەم کۆنسێرتە ئێواران پێشکەش بکرابایە چونکە خەڵک بەیانیان خەریکی کار و دەوامی فەرمی خۆیەتی، بەهەرحاڵ ئێمە سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین هیوادارم ئەو جۆرە چالاکیانە بەردەوام بێت ئێمەش وەکو تیپی مۆسیقا لە ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام بتوانین زیاتر خۆمان ئامادە بکەین بۆکاری باشتر.

سەبارەت بە ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام کە لە کەرکووک خزمەت بە بواری مەقام و مەقام بێژان دەکات، هەر لە هەولێر هەمان بنکە هەیە ئێوە تاچەند هەماهەنگیتان هەیە ؟

**عومەرە درێژ وتی :** هەماهەنگیمان زۆر زۆرە لە گەڵ بەرێزان مامۆستا نایف شێخانی و مامۆستا باکووری و برادەرانی تر لە بنکەی مەقام ئێمە سەردانیان دەکەین وە هەروەها ئەوانیش سەردانمان دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بیرۆڕا بگۆڕینەوە دەربارەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە چاڵاکیانە، وە هەروەها کۆمەڵێک پڕۆژەمان هەیە بەڵام لێرەوە ناتوانم باسی بکەم کە بە هاوبەشی لەگەڵ بنکەی مەقام لە داهاتوو ئەنجامی دەدەین.

**نورەددین جاف:** ئێمە خۆمان بە ئەندامێکی بنکەی مەقام دەزانین ئەوانیش بەهەمانشێوە، چونکە ئێمە کارەکانمان تەواوکەری یەکترن لە هەولێر حەیران و لاوک لە کەرکوکیش مەقامات، بۆیە هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی خزمەت کردنە بۆ ئەو هونەرە رەسەنەی کورد، بۆیە هەردوولامان یەک ئامانج و یەک ئاواتمان هەیە، بنکەی مەقام لە هەولێر چالاکە ئێمە پێمانخۆشە سەرجەم پڕۆژەکانمان ئەنجام بدەین بەڵام ناکرێت باسی بکەم ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری هاوکارمان بکات گومان لەوەدانیە بەرنامەی زۆر بەهێز و جوانمان هەیە بۆ ئەو هونەرە رەسەنەی کوردی.

**چنار خان :** من زۆر لە ناوەندی عەلی مەردان ڕازیم چونکە خۆم روحیەتی مەقامم زۆرە بۆیە مامۆستایان (مقداد و عومەرە درێژ

و نورەددین جاف) بەراستی ئەوانە زۆر هاوکارم بوونە و بەردەوامیش من لە گەڵیاندام بۆ ئەوەی سوود لە مەقامات وەربگرم، چونکە هەر گۆرانی بێژێک ئەگەر شارەزایی مەقامی نەبێت پێموایە ناتوانێت وەکو پێویست دەستی بۆ گوتنەوەی گۆرانی و دروستکردنی ئەلبۆم ببات، چونکە مەقام بناغەی گەتنەوەی گۆرانیە بۆیە داوا لە بەهرەمەندان دەکەم سەردانی ناوەندی عەلی مەردان بکەن بۆ فێربوونی مەقام، بە نسبەت بنکەی مەقام لە هەولێر ئاگام لە چالاکیەکانی هەیە بەڵام من وەکو خۆم تا ئێستا سەردانیانم نەکردووە.

**موزیکژەن خالید جوانڕۆیی :** لەگەڵ بنکەی مەقام هەماهەنگیمان باشە و هەردوولامان چ ناوەندی عەلی مەردان چ بنکەی مەقام وەک و یەک ماڵ سەیری یەکتر دەکەین،پڕۆژشمان بۆ ئایندە هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین، ئەوان بەردەوام خولی جۆراوجۆر دەکەنەوە بۆ گەنجان و هەروەها بنکەی عەلی مەردان یش بەهانشێوە، ئەوەتانە ئێستا من وەکو فێرکەرێک کۆمەڵێک خولمان کردۆتەوە و بەردەوامیش بەهرەمەندان هاندەدەین .بەڕێزان (م. مقداد و عومەرە درێژ) چەند قوتابیەکیان هەیە فێریان دەکەن ئەوەتانێ یەکێک لەم قوتابیانە بەشدار بوو لەم کۆنسێرتە ئەو کوڕەی کە بە دوو سێ زاراوە گۆرانی گوت، بۆیە هیوادارین گەنجان زیاتر روو لە بنکەی عەلی مەردان و بنکەی مەقام بکەن.

لە کۆتایی راپۆرتەکەماندا هەریەک لەم بەڕێزانە دەربارەی پڕۆژەی کارەکانیان و داواریان لە لایەنەی پەیوەندیدار، بەمشێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان هاتنە قسەکردن.

**مەقامبێژ عومەرە درێژ:** هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری پەرە بە هونەری مەقام بدات، چونکە ئەوەیە ئەسڵی کورد، دەبێت شانازی پێوە بکەین، هیوام وایە زیاتر رەنگینی بکات و هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی زیاتر پەرەی پێ بدەین.

**موزیکژەن نورەددین جاف :** داوا لەو گەنج و لاوانە دەکەم ئەگەر هیوای فێربوونیان هەیە بۆ هونەری مەقام با روو لە بنکەی مەقام بکەن لە هەولێر و لە کەرکوکیش ناوەندی عەلی مەردان، دەتوانن فێری مەقام ببن و سودێکی باشی هەیە بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری پەرە بە بنکەی مەقام بدات بۆ ئەوەی بتوانێت چاکتر رۆلی خۆی بگێڕێت.

**چنار خان:** پێوستە لایەنی پەیوەندیدار زیاتر لە پێویست هاوکاری مەقام بێژەکانی کەرکووک بکات چونکە هونەری مەقام هونەرێکی رەسەنی کوردییە، بۆیە لێرەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ئەم هونەرە بە زیندویی بمێنێتەوە و سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان.

**موزیکژەن خالید جوانڕۆیی :** وەکو هەموو خەڵکێک ئێمەش گلەیی خۆمان دەکەین کە پێویستە ماددی و مەعنەوی هاوکاریمان بکەن، چونکە لە کەرکووک هاندەر زۆر کەمە بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان وەکو پێویست ئەنجام بدەین لە جیاتی دەستخۆشی هەڵدەستن رکابەریمان دەکەن بۆیە لە کەرکووک تۆزێک خۆخۆری هەیە بەداخەوە.



# بەهێواشی قسە بکە، بە دەنگی بڵند گۆرانی بچڕە،

## ئاخافتن و گۆرانی وتنی کوردانی هەکاری

نووسینی:
یاننیس کاناکیس
